WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (301)  دووشەممە 2014/3/10  19ی رەشەمێ 2713  (750) دینار


## هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان ئامەد و هەولێر دروست دەکرێت

**رووداو- هەولێر**

غالیب ئەنساری ئۆغلو، کاندیدی پارتی داد و گەشەپێدان AKP بۆ سەرۆکی شارەوانی ئامەد ئاشکرای کرد کە پلانی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان ئامەد – هەولێر لە ئارادایە و ئەو داوایەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە غالیب ئەنساری ئۆغلو، بە (رووداو)ی گوت "ئێستا خەریکی دانانی پلانی راکێشانی هێڵێکی ئاسنینی نێودەوڵەتین کە ئامەد و هەولێر بەیەکەوە دەبەستێتەوە". گوتیشی "ئێستا چاوەڕێی وەڵامی هەرێمی کوردستانین". سەبارەت بە تێچووی پڕۆژەکە، ئەنساری ئۆغلو گوتی "حەوت ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ تەواوبوونی پڕۆژەکە پێویستە، بەڵام نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە حکومەتی تورکیا یەک دۆلار لەو پڕۆژەیە خەرج ناکەن بەڵکو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروست دەکرێ". سەلاح جەوهەر، بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بێ ئاگایی خۆی لەو پڕۆژەیە نیشان دا و گوتی "ئاگادار نین کە پڕۆژەیەکی بەوشێوەیە هەبێ".



6

### سەرکردەیەکی کوردەکانی ئیسرائیل چاوەڕێی پەیوەندییەکە

18

### پەیکەری پاشایەکی کورد لە مەکسیکۆ دادەنرێت



11

رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ:

### لە نێو YPG منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ هەن

5

"ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە نەدرێ بە یەکێتی کەس دەسەلاتی بەسەر ئەو چەکە قورسانەدا نابێ"

# یەکێتی 120 دەبابە و 20 هەزار چەکداری لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هەیە

4




REKLAM



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10



## دروشمەکانی داعش دەگەنە دەربەندیخان




**ڕووداو-گەرمیان**

لە شارۆچکەی دەربەندیخان سێ گەنجی کورد لەسەر نووسینی دروشمەکانی داعش دەستگیر دەکرێن. بەپێی زانیارییەکانی ئاسایشی گەرمیان، هەندێک لە دروشمەکانیان وەک (داعش، الله، ئیسلام) بووە "چەند ڕۆژێک بوو لەسەر دیواری ماڵەکانی دەربەندیخان دروشم و ژمارە تەلەفۆن دەنووسران، کە گوزارشت بوو لە بۆچوونەکانی داعش، ئەو سێ گەنجە دانیانا، کە ئەوان دروشمەکانیان نووسیوەو یەکێکیان دەمانچەی بێ مۆڵەتی هەڵگرتووە، هەرسێ گەنجەکە بەپێی ماددەی تیرۆر دەستگیر کران".

## شۆفڵێک و گرێدەرێکی حکومەتی فرۆشتووە

# قایمقامی چۆمان بە "ئیختیلاس" تۆمەتبار دەکرێت



عەبدولواحید گوانی

**ڕووداو- هەولێر**

داواکاری گشتیی چۆمان، لەسەر فرۆشتنی دوو ئامێری یەکەی کارگێڕیی قەزای چۆمان، سکاڵا لەسەر قایمقامی قەزاکە تۆمار دەکات، قایمقامیش بە بڕیاری دادوەر دەستگیر دەکرێت و دواتریش بە کەفالەتی 2 ملیۆن دینار ئازاد دەکرێت.

کامەران محەممەد ئەمین، داواکاری گشتیی چۆمان لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوو هەفتە لەمەوبەر سکاڵایەکی یاساییمان لەسەر قایمقامی قەزای چۆمان تۆمار کرد، بە تۆمەتی ئەوەی شۆفڵێک و گرێدەرێکی بە تەنیا 9 هەزار دۆلار فرۆشتووە".

کامەران محەممەد ئەمین گوتیشی "ئەو شۆفڵ و گرێدەرە موڵکی یەکەی کارگێڕی قەزای چۆمان بوون، لە کاتێکدا ئەوە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە و کە فرۆشتوشیەتی سامانی گشتی بە هەدەرداوە".

هەروەها ئاشکرای کرد کە لەسەر ئەو سکاڵایەی ئەوان ڕۆژی یەکشەممە 2014/3/9 بڕیاری دەستگیرکردنی قایمقام دەرچووە و براوەتە بەردەم دادوەری دادگای چۆمان. دواتر بە کەفالەتی دوو ملیۆن دینار ئازاد کراوە.

داواکاری گشتی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەوەی کە چۆن ئەو دوو ئامێرە تەنیا بە 9 هەزار دۆلار فرۆشراون و گوتی "مەعقولە بەو نرخە بفرۆشرێت؟ قایمقام پاساوی ئەوە بوو کە ئەو ئامێرانە لەکارکەوتوون، ئەگەر لەکاریش کەوتبن، دەبێت لێژنەیەکی هونەری هەبێت و ڕەزامەندی فرۆشتنیان هەبێت، کۆنووسی لەکارکەوتنی ئەو ئامێرانە هەبێت، بەڵام هیچی نییە". گوتیشی "ئەو کارەی قایمقام کردوویەتی پێچەوانەی یاسای بەکرێدان و فرۆشتنی موڵکی دەوڵەتە".

ئەو سکاڵایەی لەسەر قایمقامی چۆمان تۆمار کراوە بەپێی ماددەی 318 لە یاسای سزادانی عێراقیە کە تایبەتە بە "ئیختیلاس".

بەڵام عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان ڕەتیکردەوە کە دەستگیرکرابێت و ئیختلاسیشی کردبێت.

قایمقامی چۆمان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمەش وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی، ڕەنگە خەڵکێک، یان داو و دەزگایەکی حکومەت تێبینی لەسەر کارەکانم هەبێت و داوای تۆمار کردبێت، دادوەر بانگمان بکات دەچینە بەردەم دادگا و ئیفادەی خۆشمان دەدەین، ئێمە ئەو ڕۆژە چووینە بەردەم دادوەر و ئیفادەی خۆمان دا، بەڵام دەستگیرکردنی تێدا نەبوو".

سەبارەت بە فرۆشتنی ئەو دوو ئامێرە، عەبدولواحید گوانی گوتی "ئێمە فرۆشتنی ئەو شۆفڵ و گرێدەرەمان لە ڕۆژنامە ئیعلان کردووە، لێژنەش پێکهاتووە و فرۆشراوە، هەردوو ئامێرەکە مۆدێلیان 2005 بووە و سەکراب بوون، ئەورووپی بوون و چاک نەدەکرانەوە، پارەکەشیان مەوجودە". گوتیشی "ئەو دوو ئامێرە هەر 9 هەزار دۆلاری دەکرد، دوو جار ئیعلانمان بۆ کرد، جاری یەکەم کەس نەهات، جاری دووەمیش کەسێک هات 9 هەزار دۆلاری پێداو ئێمەش فرۆشتمان، کارەکە بە ئاشکرا کراوە و هیچ ئیختیلاسی تێدا نییە".

## لە ڕێگەی دانانی ماڵپەڕێک

# گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەولێر بە جیهان ئاشنا دەکات

**ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ**
**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ بوونی کوردستان بە شوێنێکی گەشتیاری و هەڵبژاردنی هەولێر وەکو پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەب بۆ ساڵی 2014، دروستکردنی هەر شتێک کە هاوکاری گەشتیاران بکات جێگەی دەستخۆشییە.

ئێستا هەر گەشتیارێک دەتوانێت هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێویستی پێیەتی دەربارەی هەولێری پایتەخت لە ڕێگەی سەردانیکردنی ماڵپەڕێکەوە بەدەست بهێنێت. وێبسایتەکە ناوی دیسکەڤەر ئەربیلە و بە مانای شارەزابوون لە هەولێر دێت (www.discovererbil.com).

یەکێک لە دامەزرێنەرانی وێبسایتەکە، بەنژاد کەشیفی تەمەن 27 ساڵ دەڵێت "وێبسایتی شارەزای هەولێر ڕێنوێنێکی تەواوی گەشتیارییە کە زانیاری لەسەر هەموو شوێنە گەشتیارییەکانی هەولێر دەداتە گەشتیاران".

ناوبراو هەروەها دەڵێت "لە ڕێگەی ئەم وێبسایتەوە گەشتیاران دەتوانن باشترین نرخیان دەستبکەوێت و زانیاری لەسەر دواترین شوێنی گەشتیاری، ڕێستورانت، دوکانەکان، یانەکان، بۆنە کەلتوورییەکان و زۆر شتی دیکە بە دەستبخەن".


کەوتنەکاری ئەم وێبسایتە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە سەرنجی گەشتیاران بۆ کوردستان ڕابکێشێت. بەپێی پلانێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 تاوەکو 2025 حکومەت چاوی لە ڕاکێشانی 7 ملیۆن گەشتیارە و چاوەڕێی 17.2 ملیار دۆلارە وەکو داهاتی گەشتیاری لەم ماوەیەدا.

بەپێی زانیارییەکانی بۆردی گەشتیاری کوردستان، ژمارەی گەشتیاران 30%ی زیادی کردووە و لە نێو گەشتیاراندا ژمارەی گەشتیارە ئەورووپی و ئەمریکییەکان تادێت زیاد دەکات. بەڵام ئێستا تەنیا ئەو گەشتیارە ئەورووپیانە سەردانی کوردستان دەکەن کە حەزیان بە سەرکێشییە.

بۆچی ئەو ماڵپەڕەی دروستکردووە؟ کەشیفی دەڵێت "دوای سەردانێکم بۆ هەولێر، خۆشەویستی ئەو شارە کەوتە دڵمەوە".

کەشیفی کە لە هۆڵەندا دەژی و لە ئەسڵدا خەڵکی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەڵێت "ئەم شارە هەموو ئەو شتانەی هەیە کە شارێکی مۆدێرن دەبێت هەیبێت. کاتێک سەردانی ڕێستورانتە لوکسەکان، هۆتێلە خۆشەکان و سەنتەری شۆپینگەکانم کرد، هەستم بەوەکرد کە شتێکیان کەمە: ئەویش گەشتیارە".

کەشیفی لە ساڵی 2012 بۆ یەکەمجار سەردانی باشووری کوردستانی کردووە "زۆرم پێ خۆشبوو کە خەڵکی وڵاتەکەم چ دەستکەوتێکیان بەدەستهێناوە، هەولێر زۆر سەرنجی ڕاکێشام. زۆر بە خێرایی گەشە دەکات. سەیری هەر شوێنێک دەکەی بیناسازی دەبینیت. لەهەموو شتێک سەرنجڕاکێشتر بینینی کورد بوو بە ئازادی و شەکانەوەی ئاڵا جوانەکەمان بوو. یەکسەر وا هەستم کرد کە لە ماڵی خۆمدام. بەڵام کێشەی گەورە بۆ من ئەوە بوو کە نەمدەزانی چۆن زانیاری دەربارەی شوێنەکانی هەولێر بەدەستبێنم، چونکە ڕێنمایی گەشتیاری نەبوو".




ئێستا گەشتیاران بە ئاسانتر شوێنە ئارکیۆلۆجیەکانی هەولێر دەدۆزنەوە کە دەکەوێتە چەقی شارەوە، ئەویش قەڵای هەولێرە کە بە کۆنترین شاری جیهان تا ئێستا مرۆڤی تێدا بژی ئەژمارد دەکرێت و 8000 ساڵە مرۆڤی تێدا دەژی. هەر لەبەرئەوەش وابڕیارە وەکو یەکێک لە شوێنە مێژووییەکانی جیهان بخرێتە سەر لیستی یونیسکۆ. هەرێمی کوردستان نزیکەی 3000 شوێنی دێرینی هەیە. لە تەنیشت شارە کۆنەکەوە شارێکی نوێ سەرهەڵدەدات. ساڵی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی 3 ملیار دۆلاری بە ناوی پڕۆژەی "ناو شاری هەولێر"ەوە دەستپێکرد، بۆ ئەوەی هەولێری پایتەخت بگۆڕێت بۆ شارێک پڕ لە هۆتێلی پێنج ئەستێرە، تاوەری نیشتەجێبوون، سەنتەری شۆپینگ، خوێندنگە و نەخۆشخانە.

پڕۆژەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیماراتییەوە بە ناوی کۆمپانیای ئەلئیعمار پرۆپەرتیز بەڕێوە دەبرێت و بە هیوایە لە پێنج ساڵی داهاتوودا تەواوی بکات.

زۆر لە چاودێران و کەشیفیش پێیانوایە زۆر لەو شتانەی دوبەی-یان کردە شوێنێکی گرنگ لەسەر نەخشەی جیهان، خەریکە لە هەولێریش ڕوودەدەن.

"هەولێر خێراترین گەشە دەکات لە چاو هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق. هەندێک کەس بە دوبەیی نوێی دەزانن. ئەگەر دوبەی پێش 20 ساڵ ببینی، بڕوا ناکەی کە ئاوها بووە. ئێستا هەولێر ئەو دوبەیەی جارانە".

کەشیفی دەڵێت ڕێنمایی گەشتیارییەکەی ئەو سەکۆیەک بۆ کۆمپانیا و خاوەنکارەکان دابین دەکات بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە بۆ کاڵا و شتومەکەکانیان بکەن "ئەمە شتێکی باشە بۆ کۆمپانیاکانی هەولێر" کەشیفی وا دەڵێت.

ماڵپەڕەکەی کەشیفی ئێستا تەنیا بە زمانی ئینگلیزییە، بەڵام بە هیوایە کە کوردی و عەرەبیش بۆ سەر وێبسایتەکە زیاد بکات. ئەگەر پێشوازی لە ماڵپەڕەکە باش بێت، ئەوە کەشیفی ئاپێکیش لەو بوارە دروستدەکات.

### ئەمساڵ ساڵی هەولێرە

گۆڤاری بەناوبانگی ناشیۆناڵ جیۆگرافیک لە ڕاپۆرتێکیدا باس لە قەڵای کۆنی هەولێر دەکات و بە یەکێک لە باشترین شوێنەکانی ساڵی 2014 بۆ گەشتیاران ناوی دەبات. ڕاپۆرتەکەی ناشیۆناڵ جیۆگرافیک سەرنجی زۆر خەڵکی بۆ ئەو قەڵا کۆنە کە ئاماژەیە بۆ کەلتوور و خواردن و سروشتی کوردستان، ڕاکێشا و بەڵێن بە خوێنەرانی دەدات کە سەردانیکردنی هەولێر وایان لێدەکات هەموو ئەو شتانەی دەربارەی عێراق بیستوویانە لە بیری بکەن.

## پاش ئەوەی خەڵاتی زێڕین دەبەنەوە

# تاقیکردنەوەکەی سێبەر و زیلان دەچێتە تورکیا




**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دوو کچی کوردی دانیشتووی شاری هەولێر بە تاقیکردنەوە لەسەر مشک بەشداری پێشبڕکێیەک لە قوتابخانەیەک دەکەن و خەڵاتی زێڕین وەردەگرن. وا بڕیارە تاقیکردنەوەکەیان ببنە تورکیا و بەشداری پێشبڕکێیەکی زانستی پێبکەن.

سێبەر تەحسین و زیلان نەوزاد کە تەمەنیان 17 ساڵە و قوتابی پۆلی پێنجەمی دواناوەندین لە قوتابخانەی ئیشقی نموونەیی، دوای ئەوەی داوایان لێدەکرێت بەشداری پێشبڕکێیەک بکەن لە قوتابخانەکەیان، بڕیار دەدەن بە پڕۆژەیەکی بایۆلۆژی بەشداری پێشبڕکێیەکە بکەن. ئەویش دۆزینەوەی هەندێک لە هۆکارەکانی نەخۆشی خوێنە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە لەسەر مشکی سپی.

### قورئان و میوزیک بەکاردێنن

بەپێی زانستی بایۆلۆژی، پێکهاتەی بایۆلۆژی مشک و مرۆڤ زۆر لە یەکدی نزیکە، بۆیە زاناکان بۆ زانینی هۆکاری نەخۆشییەکی مرۆڤ یان چارەسەری زۆربەی کات مشک بەکاردێنن.

سێبەر باسی پڕۆژەکەیان بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت "سەرەتا چوار گرووپ مشکمان هێنان، لەگەڵ زیلان کردمان بە دوو بەش. هەر یەکەمان دوو گرووپمان لابوو، گرووپێک هیچمان بۆ لێنەدان. یەکێکی دیکەیان ڕۆک موزیکمان بۆ لێدان ،گرووپێکی دیکەیان قورئان، گرووپێکی دیکەش موزیک و گۆرانی هێواشمان بۆ لێدان".

ئەو پێشبڕکێیە ساڵانە لەلایەن کۆمپانیای فەزالەر ڕێکدەخرێت کە چەند قوتابخانە و لقی زانکۆ و کۆلێژیان لە کوردستان هەیە، لەوانەش قوتابخانە و کۆلیژی ئیشق لە هەولێر و سەلاحەددین لە سلێمانی.

سێبەر و زیلان کە ئەو مشکانەیان لە تاقیگەکانی کۆلیژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین دەستکەوتبوو، بۆ ماوەی 8 ڕۆژ ڕۆژانە 3 کاژێر قورئان و میوزیکیان بۆ مشکەکان لێدابوو. هەروەها وەک یەک خواردنیان داونەتێ، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکەیان نەبێت.

سێبەر باسی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەیانی کرد و گوتی "دوای 8 ڕۆژ، خوێنمان لە مشکەکان وەرگرت و لە تاقیگەی کۆلیژی زانست و تاقیگەیەکی ئەهلیش پشکنینمان بۆ کردن. ئەو کۆمەڵە مشکەی موزیک و گۆرانی هێواش و قورئانیان بۆ لێدرابوو، خڕۆکە سپییەکانی خوێنیان زیادی کردبوو، بەڵام ئەو کۆمەڵەی ڕۆک میوزیکیان بۆ لێدرابوو، خڕۆکە سوورەکانی خوێنیان کەمی کردبوو، کە دەبێتە هۆی زۆر نەخۆشی". هەروەها گوتی "ئەوانەی قورئانیان بۆ لێدرا لەوانی دیکە زیاتر ئاویان خواردووەتەوە".

حوسێن ئیسماعیل، بەڕێوەبەری تاقیگە لە وەزارەتی تەندروستی، لەبارەی ئەو تاقیکردنەوەیە دەڵێت "ڕاستە موزیکی هێواش کاردەکاتە سەر تەندروستی مرۆڤ و ئارامی دەکاتەوە، ئەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە. بەڵام ناتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەو تاقیکردنەوەیەی کراوە تا چەند ئەنجامەکەی ڕاستە یان ڕاست نییە، چونکە ئەو کۆمەڵە مشکەی کە ئەوان تاقیکردنەوەیان لەسەر کردوون دەبێت هەموویان یەک تەمەن بووبن، هیچ نەخۆش نەبووبن، ئەو شوێنەی لێی دانراون جێگیر بووبێت و پلەی گەرمای لەشیان وەک یەک بووبێت، یەک جۆر خواردن و ئاو بە هەموویان درابێ، ئەو کاتە دەتوانین تاقیکردنەوەیان لەسەر بکەین و لە ئەنجامەکان دڵنیابین".

بەڵام د.مەزهەر کەریم کە سەرپەرشتی ئەو دوو قوتابییەی دەکرد لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا بە (ڕووداوی)ی گوت "ئەمە بیرۆکەیەکی باشبوو، چونکە ئەگەر بەدواداچوونی زیاتری لەسەر بکرێت ئەوا ئێمە دەتوانین لە جیاتی دەرزی و دەرمان بە گوێگرتن لە قورئان و میوزیک، چارەسەری هەندێک نەخۆشی بکەین".

### خەڵاتی زێڕینیان بردەوە

ئەو پێشبڕکێیە لە 2014/1/25 لە کۆلێژی عیشق بەڕێوەچوو کە جگە لە پڕۆژەکەی سێبەر و زیلان، 95 پڕۆژەی دیکەش بەشدارییان لە پێشبڕکێیەکەدا کردبوو. پڕۆژەی ئەو دوو کچە و 8 پڕۆژەی دیکە، لەلایەن کۆمپانیای فەزالەرەوە خەڵاتی زێڕینیان پێدرا.


هەرچەندە زۆر لە ژنانی کوردستان لە مشک دەترسن و لەبەری ڕادەکەن، بەڵام زیلان دەڵێت نەترساون "نەک لێیان نەترساین، بەڵکو زۆریش پێمان جوان بوون، بەڵام دەبووایە زوو زوو شوێنەکانیان پاک بکەینەوە، بۆنیشیان ناخۆش بوو".

وا بڕیارە لە 2014/9/5 ئۆلۆمپیادێکی نێودەوڵەتی لە تورکیا بۆ ئەو جۆرە پڕۆژانە ڕێکبخرێت کە بە ئۆلۆمپیادی (ئیمپۆ) ناسراوە. زیلان دەڵێت دوای پێشکەشکردنی پڕۆژەکەیان، داوایان لێکراوە بەشداری ئەو ئۆلۆمپیادە نێودەوڵەتییە بکەن.



دەستوور
بەبێ ئاگاداری یەکێتی، پارتی‌و گۆڕان کۆبوونەوە
دوای ٣ ساڵ، ڕێککەوتنی ستراتیژی حکومەتی یەکنەخست
بەهۆی مسوڵمانبوونیانەوە دە ئێزیدی دەکوژرێن
زۆر سوپاس یەکێتیی فوتابیان، ئێمە پێویستمان بەداکۆکیکردنی ئێوە نییە
هەموو چوار شەممەیەك!
www.desturnet.com

## نەوشیروان مستەفا دەیەوێ لە پەیوەندی بارزانی و تورکیا تێبگات



**رووداو- رادیکاڵ**

رۆژنامەی ڕادیکاڵی تورکی وتارێکی جەنگیز چاندار نووسەری ناوداری تورکی بڵاوکردووەتەوە، کە باسی نەوشیروان مستەفای رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات. لە وتارەکەیدا جەنگیز چاندار دەڵێت: "نەوشیروان مستەفا، ئەستێرەی درەوشاوەی سیاسەتی کوردستانە و سەرکردایەتی هێزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن (بزوتنەوەی گۆڕان) دەکات، لە کاتێکدا خەریکی پێکهێنانی هاوپەیمانییە، خواستی ئەوە دەکات لە ناوەڕۆکی پەیوەندییەکانی نێوان مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و تورکیا تێبگات". چاندار نووسیویەتی پێش دە ساڵ لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە لە بەغدا میوانداری کراوە و تا دەمەوبەیانی گفتوگۆیان هەبووە.

راپۆرت
رووداو
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# 120 دەبابە و 20 هەزار چەکدارمان لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هەیە

### ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە نەدرێ بە یەکێتی کەس دەسەڵاتی بەسەر ئەو چەکە قورسانەدا نابێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 120 دەبابە و 20 هەزار پێشمەرگەی لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هەیە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە نەدرێتە حیزبەکەی لە کابینەی داهاتوو، ئەوا جگە لە یەکێتی هیچ کەسێک دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێز و چەکەدا نابێ.

هەرچەندە بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی رابردوو ئێستا یەکێتی هێزی سێیەمە لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان، بەڵام بەرپرسانی ئەو حیزبە وەبیر لایەنەکانی دیکە دەهێننەوە کە یەکێتی خاوەن هێزێکی سەربازییە و هیچ کەسێک دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێزەدا ناشکێ.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ یەکەمجار قەبارەی هێز و ئەو چەکە قورسەی یەکێتی ئاشکرا دەکات.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "چۆن وەزارەتی پێشمەرگە نادرێ بە یەکێتی؟ ئایا دەزانن یەکێتی 120 دەبابەی هەیە و قیادەی ئەرکانی هەیە". هەروەها گوتی "ئایا دەزانن یەکێتی لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە 20 هەزار پێشمەرگە، کەتیبەی دەبابە، کەتیبەی مەدفەعی و کەتیبەی هەندەسەی هەیە؟". وەک ئەو گوتی "بەرپرس هەیە لەنێو یەکێتیدا دوو لیوای هەیە".

بەرپرسە باڵاکەی یەکێتی روو لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و دەڵێ "چۆن دەبێ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئاژانسی پاراستن، وەزارەتی پێشمەرگە لەدەست پارتی بێ، ئەی یەکێتی چی بەردەکەوێ؟".




(فۆتۆ: رووداو)

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی زانیاری زیاتری لەبارەی هێزی سەربازیی حیزبەکەی خستەڕوو "یەکێتی 20 هەزار پێشمەرگەی هەیە و هەموویان لەژێر فەرمانی شێخ جەعفەر (وەزیری پێشمەرگە) و مەحموود سەنگاویدان".

ئەو دەپرسێ ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە نەدرێتە یەکێتی "چۆن کەسێک لە دەرەوەی یەکێتی دەکەیتە وەزیری پێشمەرگە. چونکە ئەوەی شێخ جەعفەر بۆ کاک مەسعودی دەکات تەسەور ناکەم فەرماندەیەکی پارتی بۆی بکات".

جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک لەوبارەوە بکات و بە (رووداو)ی گوت "یەک قسە بۆ رووداو ناکەم". تووڕەییەکەی وەزیری پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەلایەن هەفتەنامەی (رووداو)ەوە لەسەر گەندەڵییەکانی وەزارەتەکەی.

بەڵام بەرپرسێکی باڵای پارتی لە وەزارەتی پێشمەرگە رەخنە لەو هەڵوێستەی یەکێتی دەگرێ. ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بە (رووداو)ی گوت "وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتی خوێنە، دەبێ بیر لە پارتی و یەکێتی نەکەینەوە و سوپایەکە رێکبخەین کە خزمەتی هەموو خەڵکی کوردستان بکات".

سەبارەت بەوەی کە ئەگەر وەزارەتەکە نەدرێ بە یەکێتی هیچ لایەنێک دەسەڵاتی بەسەر هێز و چەکە قورسەکەی ئەواندا نابێ. ئەنوەری حاجی عوسمان ئەمەی بە "کارەسات" ناوبرد.

بەرپرسەکەی پارتی رەخنەی توندی لە بەرپرسانی یەکێتی گرت سەبارەت بە پێشمەرگە و لەوانە رەخنەی لە عادل موراد، سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی گرت و گوتی "نازانم چۆن عادل موراد دەچێتە لای مالیکی؟ مالیکی خیانەتی لە کورد کردووە و بودجەی پێشمەرگە دەبڕێ، کەچی ئەو بە مالیکی دەڵێ پێشمەرگە تێربکە، بەراستی وشەی تێر وشەیەکە زۆر بێ حورمەتانەیەو تەنانەت بە خیانەتی گەورەی دەزانین".

عادل موراد، سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆژی 2014/3/5 لە بەغدا لەگەڵ نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆبووەوە. وەک راگەیاندنەکانی یەکێتی باسیان لێوەکرد، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کراوە.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رادیۆی دەنگی ئەمریکا، عادل موراد ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی خۆی و مالیکی باسکرد و گوتی "مالیکی نیگەران بوو لەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە هیچ بڕیارێک بە قسەی ناکەن و داوای کردووە یارمەتی سوپای عێراق بدەن، منیش گوتم مووچەی پێشمەرگە دیار نییە یارمەتی چی بدەن و بە قسەی چیت بکەن، دەبێ سەرەتا تێریان بکەی"

بەکارهێنانی وشەی "تێر" ناڕەزایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە. بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ "دەبێ عادل ئەوە باش بزانێ کە ئەوە خیانەتی نەتەوەییە بە مالیکی دەڵێ پێشمەرگە تێر بکە، کەچی خۆی پەروەردەی نێو پێشمەرگە بووە".

بەپێی قسەی شارەزایەکی بواری سەربازی، یەک لیوا لە چوار فەوج پێکدێت و هەر فەوجێکیش 860 سەربازی هەیە، لەگەڵ 120 سەرباز لە بارەگای لیوا.

کەتیبەی مەدفەعیش پێکدێ لە سێ بەتاریە و هەر بەتارییەک سێ مەدفەعی هەیە، هەر مەدفەعییەکیش شەش سەربازی لەسەرە، بەشێوەیەکی گشتی کەتیبەی مەدفەعی لە 583 کەس پێکدێ، ئەمە سەرباری ئەوەی 120 سەربازی دیکە هەن بۆ بارەگای کەتیبەکە.

شارەزاییەکەی بواری سەربازی لە هەرێمی کوردستان باسی دەبابەکانی یەکێتی دەکات و دەڵێ "دەبابەکان هەموو رووسین و کاتێک رژێمی سەددام رووخا، یەکێتی دەستی بەسەر فەیلەقی 5دا گرت کە لە کەرکووک بوو، دەبابەکانی گواستەوە بۆ سلێمانی، ئێستا هەندێکیان لە قەڵاچوالانن، هەندێکیش لە چوارقوڕنەن و هەندێکیشیان براون بۆ دەوروبەری کەرکووک و حەمرین".

سەبارەت بە جۆری دەبابەکانی کە لەدەست یەکێتیدان، ئەو شارەزایە گوتی "هەموویان رووسین و لە جۆری T 55 ن کە تۆپەکانیان تاوەکو 17 کیلۆمەتر دەڕوات".

### بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە: هەڵوێستەکەی یەکێتی لەسەر پێشمەرگە و هێز کارەساتە

---

### سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# پێدانی وەزارەتی پێشمەرگە یان ناوخۆ بە گۆڕان سەرئێشە دروست دەکات

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو-هەولێر**

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داواکانی گۆڕان بۆ وەرگرتنی وەزارەتی ناوخۆ یان پێشمەرگە بە "ناواقیعی" دەزانێ و دەڵێت هاتنی گۆڕان بۆ نێو ئەو دوو وەزارەتە کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات. بەرپرسەکەی یەکێتی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی حیزبەکەی دەزانێ و دەڵێت "ئێستا زۆر ئەزمە هەیە کە یەکێتی لێ بەرپرس نییە بۆیە سوودی لێوەردەگرین".

یەکەم رۆژی نەورۆز (21ی ئەم مانگە) شەش مانگی تەواو بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا کابینەی نوێ پێکنەهاتووە.

### خەتمی کەلام نەدراوە

سەعدی ئەحمەد پیرە، لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێ بە (رووداو)ی راگەیاند کە گفتوگۆکان قوفڵ نەبوون "بەڵام تاوەکو ئێستا خەتمی کەلام لەسەر هیچ پۆستێک بۆ حکومەتی داهاتوو نەدراوە".

سەعدی پیرە داوای خەڵک بۆ زوو پێکهێنانی حکومەت بە داوایەکی رەوا دەزانێ، بەڵام دەشڵێ "کە پێکنەهاتووە مانای ئەوە نییە کە ئەو حکومەتە دروست نەبوو ئیدی ژیان نامێنێ".

یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت پۆستی وەزارەتی ناوخۆیە. بزووتنەوەی گۆڕان وەک براوەی دووەمی هەڵبژاردن داوای وەزارەتی ناوخۆ دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە کە ئاخۆ ئەو وەزارەتە دەدرێتە گۆڕان یا نا؟

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی داواکەی گۆڕان بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت "بابەتەکە رازیبوون و رازینەبوونی یەکێتی نییە کە ئەو وەزارەتە بدرێ بە گۆڕان یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا ئەوەی گۆڕان داوای دەکات واقیعیە و دەکرێ؟ ئەمە مەوزوعی سەرەکییە؟".

سەعدی پیرە هۆی پێنەدانی وەزارەتی ناوخۆ

### یەکێتی سوود لەو قەیرانانەی ئێستای کوردستان وەردەگرێت

### دەبێ گۆڕان تێبگات کە داواکانی لە جێی خۆیدا نییە

بە گۆڕان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ هەستیارن، تاوەکو ئێستا پێشمەرگەی حیزبی، ئاسایش و پۆلیسی حیزبی هەن و ئەو وەزارەتانە تەواو یەکنەخراون".

#### "ئەسڵەن متمانەمان نەبووە"

پیرە داوا دەکات کە تاوەکو ئەو دوو وەزارەتە بە تەواوی یەکنەگرن جگە لە پارتی و یەکێتی رادەستی هیچ لایەنێکی دیکە نەکرێن، بەبڕوای ئەو "ئێستا کارێکی هەڵەیە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی بن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی نەبوونی متمانە دەکات لە نێوان حیزبەکەی و بزووتنەوەی گۆڕان کە ماوەی پێنج ساڵە لە یەکێتی جیابووەتەوە "لەئەسڵدا متمانە لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا نییە". داواش دەکات کە "ئەگەر گۆڕان بیەوێ متمانە دروست بکات، دەبێ جارێ بێتە نێو حکومەت".

سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەگەر دواجار پارتی رازیبوو وەزارەتی ناوخۆ بداتە گۆڕان هەڵوێستی یەکێتی چی دەبێ کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تەنیا 18 کورسی بەدەستهێناوە و هێزی سێیەمە، سەعدی پیرە گوتی "پارتی دانوستاندن دەکات، با پارتی بە یەکێتی بڵێ ئەوە رازیم ئەو وەزارەتە بدرێتە گۆڕان، یەکێتی خەتی سووری نییە لەسەر وەزارەتەکان، بەڵام ئەو شتانە کاتی خۆی گۆڕان گلەیی لێیان هەبوو: پێشمەرگە حیزبییە، پۆلیس حیزبییە، ئاسایش حیزبییە، دەبێ ئەوە بەو دوو حیزبەی کە تۆمەتبار دەکرێن چارەسەر بکرێ".

سەعدی پیرە داوا لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکات خۆی لە وەزارەتی ناوخۆ بەدوور بگرێ "هاتنی گۆڕان بۆ نێو بازنەی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ چارەسەری کێشەکە ناکات، بەپێچەوانەوە ئاڵۆزتری دەکات و بگرە سەرئێشەش بۆ ئیدارەی حکومەت دروست دەکات". گوتیشی "ئەگەرێکی زۆر هەیە وەزارەتی پێشمەرگە هەر بۆ یەکێتی بێت".

لای خۆیەوە محەممەد حاجی، ئەندامی لێژنەی دانوستاندنکاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ ئەوەی تەنیا یەک پێشنیازمان نەبێت و پارتی دەستی کراوەتر بێت و مەجالی گفتوگۆی زیاتری هەبێت، پێشنیازی وەرگرتنی یەکێک لە پۆستە ئەمنییەکانمان داوەتە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک وەزارەتی ناوخۆ یان ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هەروەها پێشنیازی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیشمان کردووە کە یەکێک لەوانەمان پێبدرێت".

### خەتمی کەلام لەسەر هیچ پۆستێک بۆ حکومەتی داهاتوو نەدراوە

### پۆستی کۆسرەت رەسول لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی حکومەت نییە

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەشیگوت کە "یەکێتی داوای وەزارەتی پێشمەرگەی کردووە، کەواتە وەزارەتی ناوخۆ ماوەتەوە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە پارتی تەنازول لەم وەزارەتە بکات بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە".

پێشتر گۆڕان باسی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشی هێنابووە بەرباس. لە بەرامبەر داواکارییەکانی گۆڕان، سەعدی پیرە دەڵێ "داخوازی مەمنوع نییە، گفتوگۆ دەکرێ ئەگەر مومکین بێ بۆ نا، ئەگەر مومکین نەبێ دەبێ قەناعەتی پێبکەی، بەڵام جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان (کە لەدەست یەکێتیدایە و کۆسرەت رەسوڵ ئەو پۆستە بەڕێوەدەبات) لە هیچ کاتێکدا لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی حکومەت نییە و دەبێ تێیان بگەیێنی کە ئەو داوایە لە جێی خۆیدا نییە".

سەبارەت بە پۆستی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ "ئاژانسی ئاسایش کە راوێژکارەکەی پارتییە و جێگرەکەی یەکێتییە، ئەویش لە چوارچێوەی گفتوگۆکان نییە، بەڵام قسەکردن لەسەر پۆستی راوێژکاری ئاسایش بڤە نییە".

بزووتنەوەی گۆڕان چەندین جار هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆیان پێنەدرێ ئەوا بەشدار نابن لە حکومەتدا و دیسانەوە دەبنەوە بە ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام سەعدی پیرە بە دووری دەزانێ گۆڕان بۆ چوار ساڵی دیکەش ئۆپۆزیسیۆن بێ "پێشبینی ناکەم گۆڕان ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئۆپۆزیسیۆنبوونیان تاقیکردووەتەوە. لەهەمانکاتدا هەڵوێستیان مەسئولانە بووە کاتێک گوتیان دێنە نێو حکومەت و مومارەسەی دەسەڵات دەکەن".

کەمتر لە دوو مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، یەکێتی دەڵێ دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەواندایە و دەنگی زیاتر بەدەست دێنن. سەعدی پیرە پێیوایە هەندێ بابەت هەن لە هەرێمی کوردستان حیزبەکەی قازانجی لێدەکات "نازانم چەند کورسی دەبەینەوە، بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستان زۆر ئەزمە هەیە و یەکێتی لێی بەرپرس نییە، بگرە سوودی لێوەردەگرێ". گوتیشی "بەشێکی دەنگی یەکێتی کە رۆیشت بۆ گۆڕان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئەنجامی نزیکیی یەکێتی بوو لە پارتی، خۆ ئێستا گۆڕانیش وەکو یەکێتی بەهەمان مەسافە نزیکە لە پارتی، ئێ فەزڵی گۆڕان لەسەر یەکێتی چییە؟".



ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10



## یەکەم گیراوی KCK ئازاد دەکرێت

**ڕووداو- ZAMAN**

دوای کەمکردنەوەی ماوەی گرتنی تۆمەتباران لە 10 ساڵەوە بۆ 5 ساڵ، لە ئەنجامی هەموارکردنەوەی یاسای دادگاییکردن لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە، یەکەم گیراوی کەیسی کۆما جڤاکێن کوردستان KCKئازادکرا.

بەبڕیاری دادگای تاوانی ژمارەی 2ی ئامەد، سەردار زیریغ، گومانلێکراوی کەیسی KCK و ئەندامی ئەنجوومەنی پارتی DTPی قەدەخەکراو، دوای گیرانی بۆ ماوەی 5 ساڵ و 4 مانگ، ئەمڕۆ لە ئامەد ئازادکرا. زیریغ، کە لە چوارچێوەی کەیسی KCK لە 2008/11/15 دەستبەسەرکرابوو، بە یەکەم کەس دادەنرێت لەو کەیسە، کە دادگایی کرا و ئازاد کرا.

### ڕاوێژکارێکی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (HRW):

# لە نێو هێزەکانی YPG منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ هەن

**موتلو جیڤیرئۆغلۆ**
**ڕووداو- جزیرە**

شاندێکی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (HRW) کە سەردانی کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە، ڕەخنەی ئەوە لە دەسەڵاتدارانی ئێستای ئەو بەشەی کوردستان دەگرێت کە منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ لە ریزی هێزە چەکدارەکانیاندا جێدەکەنەوە و لە گرتووخانەکانیاندا پەنا دەبەنە بەر دانپێدانانی زۆرەملێ.

کۆتایی مانگی رابردوو شاندێکی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (HRW) سەردانی کانتۆنی جزیرەی کرد کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD دایە.

فرێد ئەبراهام، ڕاوێژکاری تایبەتی HRW کە یەکێک بوو لە ئەندامانی وەفدەکە، باسی لەوەکرد کە گەورەترین ئاستەنگ بۆ PYD هەنگاونانە لە بزووتنەوەیەکی چەکداریی بەرهەڵستکارەوە بۆ بوونە دەسەڵاتێکی حوکمڕان و دانانی سیستمێک کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکان بکات.

فرێد ئەبراهام لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) هۆکاری سەردانی ڕێکخراوەکەی بۆ ئەو ناوچەیە ڕوونکردەوە و گوتی "ئەمە هەلێک بوو بۆ ئێمە تا لەسەر ئەرزی واقیع ڕووداوەکان بزانین و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو بەرپرسانە بکەین بە باڵی سیاسی و سەربازییەوە کە PYD و هێزەکانی پاراستنی گەلن. وەک دەزانن خەریکی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمین. پەیامی سەرەکیمان بۆ ئەوان ئەوە بوو کە لەگەڵ بوونە دەسەڵاتدار و حوکمڕانی ناوخۆیی نۆرەی بەرپرسیارێتی یاسایی دێت تەنانەت ئەگەر گرتنەدەستی ئەو دەسەڵاتەش بە ناچاری بێت".

وەفدەکەی HRW کە تەنیا سەردانی کانتۆنی جزیرەی کردووە، لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی بینیوە. ئەبراهام دەڵێت "لایەنە پۆزەتیڤەکە ئەوە بوو کە بارودۆخی ئەمنی لە باکووری ڕۆژهەڵات زۆر زۆر باشترە لە بەشەکانی دیکەی سووریا".

فرێد ئەبراهام لەبارەی لایەنە نێگەتیڤەکانیش دەڵێت لەڕووی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤەوە، تێبینییان کردووە لە چەند لایەنێکەوە کێشە هەیە "یەکێک لە کێشەکانی PYD هەنگاونانە لە گرووپێکی سەربازی و بەرهەڵستکارەوە بۆ چوارچێوەیەکی حوکمڕانیکردن کە نوێنەرایەتی هەموو هاوولاتیانی بکات. ئەوەش مانای ڕێزگرتنە لە بیروڕای جیاواز و ڕێگەدانە بە چالاکی سیاسی و میدیا".

ئەو دەڵێت "هێشتا ئازادی بۆ کار و چالاکیی سیاسی نییە".

سەبارەت بە بوونی زیندانی سیاسیش لە ژێر دەسەڵاتی PYDدا وەک حیزبە کوردییە نەیارەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەبراهام دەڵێت "لە ناوچەی جزیرە هیچ ڕاپۆرتێکمان نییە لەسەر بوونی زیندانی سیاسی کە ئەوە شتێکی باشە، بەڵام هەندێک ئاماژە هەن کە ڕەنگە زیندانی سیاسی لە عەفرین هەبێ".

وەفدەکەی HRW سەردانی دوو گرتووخانەی کردووە لە جزیرە. فرید ئەبراهام لەبارەی ڕەوشی ئەو دوو زیندانەوە گوتی "بارودۆخی زیندانییەکان باش بوو. هیچ شتێکمان نەدۆزییەوە کە کێشەی زۆر گەورە بێت. زیندانییەکان گوتیان کە مامەڵەی باشیان لەگەڵ کراوە. خواردنی باشیان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا گازندەی ئەشکەنجەی جەستەییان نەکرد".

بەڵام گوتی "کێشەی توندوتیژی هەیە لەکاتی دەستگیرکردندا. ئەوە نەریتێکە لە سیستمی سووریا کە پشت بە دانپێدانانی بەزۆر دەبەستێ و لە ناوچەکەدا باوە! زۆر بەڕاشکاوی پێمانگوتن کە باوەڕمان وایە لێدان پەیڕەو دەکرێ. ئەوانیش نکۆڵییان لەوە نەکرد".

ئەو پێیوایە هەڵە تێگەیشتنێک هەیە بۆ پێناسەی زیندانی سیاسی و دەڵێت "زۆر قورسە بۆ گوتن، چونکە هەر لەبەر ئەوەی چالاکوانێکی سیاسیت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردی لە سووریا، یان پارتی یەکێتی کورد یان پارتێکی دیکە ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیدی تۆ زیندانی سیاسی بیت". گوتیشی "خەڵکانێک دەستگیر دەکرێن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەوە هەوڵدەدەن خۆیان وەک چالاکوانی سیاسی ناوزەند بکەن بۆ ڕزگاربوون لە لێپرسینەوەی یاسایی".

بەبڕوای ئەو ڕاوێژکارەی HRW، گرفتی ئەو ئیدارانەی ڕۆژئاوای کوردستان لە چۆنیەتی کارکردن و جێبەجێکردن و دانانی یاسای تازەدایە "تێکەڵەیەک لە یاساکانی سووریا و هەندێک یاسای دیکە کە لە وڵاتان هێناویانە جێبەجێ دەکەن، بەڵام بێسەروبەرییەک هەیە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا، بە تایبەتی لە نێو زیندانەکاندا، ئەگەر ڕوون نەبێت چ یاسایەک جێبەجێ دەکرێ ئەوکات دەرگا دەخرێتە سەرپشت بۆ مامەڵەی خراپ و جێبەجێکردنی هەڕەمەکی ئەو یاسایانە. ئەوە گەورەترین کێشەیە".

گوتیشی "ئێمە پێشنیازمان بۆ کردن یاساکانی سووریا کە پێشێلی مافی مرۆڤی تێدایە کاریان پێنەکەن، بەڵام زۆر لە یاساکانی سووریا باشن. ئەگەر باسی تاوانی ئاسایی بکەین وەک دزیکردن و کوشتن، دەتوانم بڵێم 95%ی یاساکانی سووریا باشن". بە بڕوای ئەبراهام "ئێستا کاتی دەرگا کردنەوە نییە بۆ ڕیفۆرمی یاسایی. وڵاتەکە لە جەنگدایە و بارودۆخی سیاسی جێگیر نییە".

فرێد ئەبراهام باسی کێشەیەکی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، ئەویش بوونی منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵانە لە نێو هێزی یەکینەکانی پاراستنی گەل. ئەو دەڵێت "هەرچەندە بە بڕیاری قەندیل ئەوە قەدەغە کراوە، بەڵام هێشتا ئەو هێزە منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵانی تێدایە".



تیمی (HRW) لەگەڵ ڕێدول خەلیل گوتەبێژی YPG لە ڕۆژئاوای کوردستان (فۆتۆ: YPG)

> لە ناوچەکانی ژێردەستی PYD ئازادیی کار و چالاکی سیاسی نییە

> بەرپرسانی PYD نکۆڵییان لەوە نەکرد کە ئەشکەنجە لە زیندانەکانیاندا هەیە

> گەورەترین ئاستەنگی PYD هەنگاونانە لە ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ دەسەڵات

> لە جزیرە زیندانی سیاسیمان نەبینی

### هانس مۆدرۆ، سەرۆک وەزیرانی پێشووی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات بۆ (ڕووداو):

# تورکیا تەنیا بە ئازادکردنی ئۆجەلان دەتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا



**سەردار عەگید بۆزتەمور**
**ڕووداو- هاڤانا**

هانس مۆدرۆ، سەرۆک وەزیرانی پێشووی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی جاران) لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پەیوەندی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و بزووتنەوەی سیاسی کوردی، بە تایبەتی PKK دەکات.

هانس مۆدرۆ کە بۆ ناساندنی کتێبەکە وەرگێڕدراوەکەی بۆ سەر زمانی ئیسپانی (پێرۆسترۆیکا وەک ئەوەی من دەیبینم) هاتبووە پێشانگای پەرتووکی هاڤانا لە کوبا، لە نێوان ساڵانی 2000- 2005دا ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بووە و زۆرجار لەوێ پشتگیری کوردی کردووە.

هانس مۆدرۆ کە دوایین سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا سۆشیالیستیەکەی بەری ڕۆژهەڵات بووە و لەسەردەمی ئەودا هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا یەکیانگرتەوە، لە کتێبەکەیدا باسی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات دەکات.

هانس سیاسەتڤانێکە بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنگری پارتێک، وەکو کەسێکی بەڕێز سەیر دەکرێت و لە ژیانیدا لەگەڵ زۆر بەرپرسی باڵای وڵاتانی دیکە دانیشتووە، وەکو گۆرباتچۆڤ، خاوەنی کتێبی پێرۆسترۆیکا و دوایین سەرکردەی یەکێتی سۆڤیەت، هێلمۆت کۆل، ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیای فیدراڵی و شیمۆن پێرێز، سەرۆکی ئیسرائیل، یاسر عەرەفات، سەرۆکی پێشووی فەلەستین و فیدێل کاسترۆ، سەرکردەی پێشووی کوبا و چەندانی دیکە.

ئەو تاوەکو ئێستا حەوت جار دیداری لەگەڵ فیدێل کاسترۆ ئەنجامداوە، دواجاریش لەماڵەکەی سەردانی کرد.

> باوەڕم بە هەوڵەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەیە

#### پەیوەندییەکی نهێنی بوو

مۆدرۆ باسی پەیوەندی نێوان کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و بزووتنەوەی سیاسی کورد دەکات و دەڵێت "پەیوەندی هەبوو، بەڵام بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەبوو.

بارودۆخەکە وایکردبوو کە پێش هەموو شتێک کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ڕووی کردبووە یاسر عەرەفات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین. نوێنەری شەرعیی فەلەستین لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات هەبوون و ئێمە پشتیوانی ئەوانمان دەکرد".

ئەو لە نێو سەرکردەکانی کورد زیاتر باسی ئۆجەلانی کرد و گوتی "بەڕێز ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات پشتیوانی هەبوو، پێموایە پەیوەندی نزیک و بەهێزی دۆستایەتی و مرۆڤایەتیشیان هەبوو".

مۆدرۆ دەڵێت "لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات لێژنەی سیاسی جۆراوجۆر هەبوون. لێژنەیەکیش هەبوو بۆ کاروباری ڕێکخراوە نایاساییەکان کە چاودێری کاری ڕێکخراوە فەلەستینییەکان و پارتی کرێکارانی کوردستانیشی دەکرد. من ئەندامی ئەو لێژنەیە نەبووم و لەو بوارەشدا زانیاری زۆرم نییە".

مۆدرۆ لەبارەی پرۆسەی ئێستای ئاشتی لە نێوان تورکیا و PKK دەڵێت "من باوەڕم بە هەوڵەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەیە کە چەند ساڵێکە دەستیپێکردووە و بانگەشەی بۆ دەکات بۆئەوەی ئەم پرسە بە ئاشتی چارەسەر بکرێ".

> ئۆجەلان کەسایەتییەکە لەسەر ئاستی جیهان قبووڵ کراوە

هانس مۆدرۆ پێیوایە پرۆسەکە پێویستی بە پاڵپشتی دەرەکیش هەیە و دەڵێت "ئەگەر وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی دیکە پشتگیرییەکی بەهێز لە کورد بکەن، ئەوە زووتر ئاشتی دەچەسپێت. پێش هەموو شتێک دەبێت بزووتنەوە و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەڵمانیا یارمەتی گەلی کورد بدەن".

#### مەرجە ئۆجەلان ئازاد بکرێت

هانس مۆدرۆ کە ماوەی پێنج ساڵ ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بووە، دەڵێت مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم پرۆسە سیاسییە مافەکانی مرۆڤیش لەخۆ دەگرێت، دەبێ لەنێو ڕای گشتی تورکیا و لەگەڵ هەموو لایەنەکان گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

بەڵام پێیوایە ئەمە هێشتا کێشەیە کە ئایا تورکیا جددییە لەوەی حەز دەکات بچێتە نێو یەکێتی ئەوروپا یان نا "ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، ئەوە تەنیا بە ئازادکردنی ئۆجەلان و هەموو زیندانییە سیاسییەکان دەتوانێ بەردەوامی پێبدات". هەروەها دەڵێت "گرنگە ئەم پرسە لە هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەوروپا ببێتە بابەت کە یەکێتی ئەوروپا ڕۆڵی هەیە لەم کێشەیەدا. دەبێ لەوەش تێبگەین کە یەکێتی ئەوروپا ناچارە ئەم کێشەیە وەکو مەرجێک دابنێت لە بەردەم تورکیا. ئەگەر لەم بوارەدا پشتیوانی هەبێت، دەکرێ بیر لە هاوێشتنی هەنگاوی تازە بکرێتەوە".

هانس زۆر پەسنی ڕۆڵی ئۆجەلان دەدات لە پرۆسەی ئاشتیدا و دەڵێت "پرۆسەی ئاشتی زۆر پێویستی بە ئۆجەلان هەیە. ئەو کۆڵەگەی بزووتنەوەکەیە و دەتوانێ زۆر شت بجوڵێنێ کە ئەم هەنگاوە بوەستێنێ.

ئەو کەسایەتییەکە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبووڵکراوە، نەک تەنیا پشتیوانی لەنێو کورددا هەیە، بەڵکو زۆر لەوەش زیاترە. ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی خەباتی گەلی کورد و بۆ ئازادکردنی هەموو بەشەکانی کوردستان".

### لەسەر کوشتنی باوک و کوڕێکی کورد

# دادگای ئەوروپا تورکیا بە 70 هەزار یورۆ سزا دەدات



**ڕووداو- دویسلدۆرف**

بەهۆی کوشتنی باوک و کوڕێکی کورد لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە کە دۆسیەکەیان گەیەنرابووە دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، دادگای ناوبراو دەوڵەتی تورکیا سزا بدات.

دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دەوڵەتی تورکیای تاوانبار کرد بە کوشتنی ئوگور کایماز و ئەحمەد کایمازی باوکی و بڕیاری دا بە 70 هەزار یورۆ سزای بدات.

دادگاکە ئەو پرسیارەی لە پارێزەرانی دەوڵەتی تورکیا کردبوو کە "ئایا ئەو باوک و کوڕە هیچ بەرگرییەکیان لە خۆیان کرد؟ بۆچی ئەو هەموو تەقەیە کرا؟ بۆچی پەنایان بردە بەر کوشتن؟".

بەڵام پارێزەرەکان وەڵامێکی قەناعەتپێکەریان نەبوو.

کاژێر 16:30ی ڕۆژی 19ی تشرینی دووەمی 2004 ئەحمەد کایماز و ئوگوری کوڕی لە بەردەم ماڵی خۆیان لە ناوچەی قۆسەرای شاری مێردین لەلایەن پۆلیسەوە گوللەباران کران.

ئوگوری تەمەن 12 ساڵ ملی بەسەر جەستەیدا خواربببووەوە و لەبەردەم کامیۆنێکدا لەسەر چۆک کەوتبوو. باوکیشی لە تەنیشت ئەودا لەنێو خوێندا کەوتبوو. 12 گوللە بەر هەردووکیان کەوتبوو. 13 گوللە بەشی ئوگور بوون، 4 بەر دەستەکانی کەوتبوون و 9 گوللەش بە پشتی.

باوکیشی 8 گوللەی بەرکەوتبوو. گوللەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە دووریی نیو مەتر تەقێندرابوون.

پارێزگاری مێردین ئاماژەی بەوەدابوو کە سەرەتا ئەحمەد کایماز و ئوگوری 12 ساڵ تەقەیان کرد "پۆلیسیش بۆ بەرگری لەخۆکردن وەڵامی داوەتەوە".

پرۆسەی دادگاییکردن لە دادگای سزای قورسی مێردین دژی هەر چوار پۆلیسەکە (محەممەد کاراجا، یاشەفەتتین ئاچیکگۆز، سەیدی ئەحمەد تۆنگەل و ساڵح ئایان) دەستیپێکرد. بەڵام ئەو پۆلیسانە ئامادەی دادگا نەبوون.

کەیسەکە بە بیانووی ئەمنی گوازرابووەوە دادگای سزای قورسی ئەسکیشەهر. دادگای ئەسکیشەهر لە 18ی نیسانی 2007 بڕیاری خۆی لەسەر دۆسیەکە دا.

بەپێی ئەو دادگا تورکییە "ڕووداوەکە لە چوارچێوەی بەرگریکردنی ڕەوای پۆلیسەکاندا بووە".

هەروەها بڕیاری بێتاوانی هەر چوار پۆلیسەکەی دەرکرد. دواتر بڕیارەکە چووە دادگای باڵای تورکیا.

لەوێش فەرمانگەی سزای یەکەمینی دادگای باڵا لە مانگی حوزەیرانی 2009 بڕیاری دەرکرد و ئەو ڕەفتارەی پۆلیسیان وەکو "بەرگریکردن لەخۆیان" هەڵسەنگاند و بڕیاری بێتاوانبوونی پۆلیسەکانی پەسەند کرد.

پارێزەرانی خێزانی کایماز دوای نائومێدبوونیان لە دادگاکانی تورکیا، کەیسەکەیان بردە دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، دادگاکەش بڕیاری دا دەوڵەتی تورکیا بە 70 هەزار یورۆ سزا بدات.

## لە نەورۆزدا ئۆجەلان پەیامێک بڵاو دەکاتەوە



**ڕووداو- ئامەد**

دوای گەڕانەوەی وەفدەکەی BDP و HDP کە سەردانی ئیمراڵیان کردبوو ڕایانگەیاند کە نەورۆزدا لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان نووسراوێکی "مێژوویی" ئۆجەلان دەخوێننەوە. وەفدەکە ڕایانگەیاندووە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان سێ کاژێری خایاندووە و ئۆجەلان داوای لە یەکترنزیکبوونەوەی لایەنەکانی کردووە. هەروەها دەڵێن "لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە ئامەد وەکو هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕووداوەکانی قۆناغی ئاشتی و هەڵسەنگاندنەکانی ئۆجەلان بۆی، وتارێکی مێژوویی سەرنجراکێشی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەخوێنرێتەوە".

### 7 ملیار دۆلاری تێدەچێت

# هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان ئامەد و هەولێر دروست دەکرێت



**ڕووداو- هەولێر**

کاندیدێکی کورد لە حیزبی دادوگەشەپێدانی تورکیا AKP بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ئاشکرای کرد کە پلانی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان ئامەد – هەولێر لە ئارادایە و ئەو داوایەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە. پڕۆژەکەش 7 ملیار دۆلاری ئەمریکی تێدەچێ.

غالیب ئەنساری ئۆغڵو، کاندیدی AKP بۆ سەرۆکی شارەوانی ئامەد بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا خەریکی دانانی پلانی ڕاکێشانی هێڵێکی ئاسنینی نێودەوڵەتین کە ئامەد و هەولێر بەیەکەوە دەبەستێتەوە".

ئاشکراشی کرد کە "داوا لە هەرێمی کوردستان کراوە ڕەزامەندی بدەن لەسەر ئەو پڕۆژەیە و ئێستا چاوەڕێی وەڵامی هەرێمی کوردستانین".

سەبارەت بە تێچووی پڕۆژەکە، ئەنساری ئۆغڵو گوتی "حەوت ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ تەواوبوونی پڕۆژەکە پێویستە و دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە حکومەتی تورکیا یەک دۆلار لەو پڕۆژەیە خەرج ناکەن بەڵکو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروست دەکرێ".

ناوبراو باسی گرنگی ئەو پڕۆژەیەی کرد کە دەبێتە هۆی پێشخستنی بواری بازرگانی و کۆمەڵایەتی نێوان هەولێر و ئامەد و بە تەواوبوونی پڕۆژەکە "سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنێ". بەڵام وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ ئاگایی خۆیان لەو پڕۆژەی ئەو هێڵە نیشاندا. سەلاح جەوهەر، بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگادار نین کە پڕۆژەیەکی بەوشێوەیە هەبێ". بەڵام "پڕۆژەیەکی دیکە هەیە کە حکومەتی عێراق بە ئاگاداری هەرێمی کوردستان دروستی دەکات، ئەویش زاخۆ بە بەسراوە دەبەستێتەوە و تێچووی پڕۆژەکە هەمووی لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە". سەلاح جەوهەر ئەوەشیگوت کە "جگە لە پڕۆژەکەی حکومەتی عێراق پلان و دیزاینی پڕۆژەیەکی دیکە بۆ نێوخۆی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە، ئەو پڕۆژەیە زاخۆ بە باشماخەوە لە سنووری پێنجوێن دەبەستێتەوە".

سەبارەت بە تێچووی ئەو پڕۆژەیەش گوتی "پلان و دیزاینەکە تەواو بووە، بەڵام ڕەنگە ئەمساڵیش نەکرێ لەبەر نەبوونی پارە بۆ دروستکردنی پڕۆژەکە، چونکە بەپێی ئەو پلانەی دامانناوە تێچووی هەر کیلۆمەترێک 20 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، کە پڕۆژە نێوخۆییەکەی هەرێمی کوردستان 650 کیلۆمەتر دەبێت".

غالیب ئەنساری ئۆغلۆ باسی هێڵی گواستنەوەی زیاتر دەکات لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەتایبەت لەنێوان هەولێر و ئامەد و دەڵێ "کۆتایی ئەمساڵ 2014 پڕۆژەی دروستکردنی فڕۆکەخانەی گەورەی ئامەد کە 100 ملیۆن دۆلاری تێدەچێ تەواو دەبێ". گوتیشی "لەگەڵ تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە ڕۆژانە گەشتی ئاسمانی لەنێوان ئامەد – هەولێر دەبێت".

---

### کیرک هارلس سۆڵ، توێژەر لە دەزگای ڕاوێژکاریی هەواڵگریی ستراتیژی:

# ئەمریکا حەز دەکات مالیکی بگۆڕێ بەڵام بە ئاشکرا نایڵێت



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

کیرک هارلس سۆڵ، توێژەر لە دەزگای Uticensis Risk Services کە دەزگایەکی ڕاوێژکاری هەواڵگریی ستراتیژییە و سەرقاڵە بە لێکۆڵینەوە لە کاروباری عێراق، پێیوایە "ئێستا بارودۆخی سیاسی لە عێراق زۆر ئاڵۆزە". ئەو ئاڵۆزییەش بۆ 3 هۆکار دەگێڕێتەوە و دەڵێ مەسەلەی بودجەی عێراق و بەشی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنێکی نزیک هەیە. هەروەها بیروڕای شیعەکان گۆڕاوە "بەرەوپێشچوونێک هەیە، ئەوان ئێستا ترسیان هەیە لە جیابوونەوەی کورد لە عێراق".

بەبڕوای هارلس، ئەگەر باسی هەموو وڵاتەکە بکرێ، ئەوا سیستم کۆنفیدراڵییە نەک فیدراڵی، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەگەر لە عێراقدا قسە لەسەر جیاوازیی هەولێر و بەغدا بکەین، دوو نەتەوەی جیاواز دەبینین".

هەروەها دەڵێ "بەڵام ئەگەر قسە لەسەر لایەنی تایفی بکەین، لە نێوان شیعە و سوننەدا، لە بەغدا هێز ڕۆڵ دەبینێت و ململانێی تایفیش بەهێزە، حیزبە شیعەکان تایفەگەری بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی هێز بەدەستبهێنن".

ئێستا سەرکردە عێراقییەکان بوونەتە سێ بەشەوە، بەشێکیان پشتگیری لە سیاسەتی مالیکی دەکەن و بەشێکیشیان قسەیەکی ڕوونیان نییە، بەڵام بەشی زۆریان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ئەمەش دۆخەکەی گەیاندووەتە وێستگەیەک کە ئومێدی داهاتوویەکی باشتری لێناکرێ.

بەبڕوای کیرک هارلس، کێشەکە نەبوونی دامەزراوەیە. سەرۆک وەزیران سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، بەڵام هەندێک شتی دیکە هەیە دەبێت لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران هەماهەنگی بکات، دەبێت شەفافیەت هەبێت، مافی ئەنجوومەنی نوێنەرانە لێپرسینەوە بکات لە سەرکردایەتی فیرقەکان و سەرکردە یەکەمەکانی هێزەکانی ئاسایش.

کیرک، مەبەستی مامەڵەی سوپایە لەگەڵ پارێزگای ئەنبار "من مەبەستم لەو هێرشە نییە کە دەستیپێکردووە دژی هێزەکانی داعش، بەڵکو مەبەستم لە ڕامالینی خێمەکانی خۆپیشاندەرانە لە گۆڕەپانەکان، مالیکی تاکڕەوانە ئەو کارەی کرد".

لەوەتەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقە، ئەوە یەکەمینجارە لە یەککاتدا شەڕ بەوشێوەیە لەگەڵ کورد و سوننە هەڵگیرسێنێ، شەڕێک ئەگەر مەبەست لێی بانگەشەی هەڵبژاردن نەبێ ئەوە نازانرێ ئاکامەکەی لەکوێ دەگیرسێتەوە. ئەو توێژەرە ئەمریکییە وای لێکنداداتەوە کە هەڵسوکەوتەکانی مالیکی بەهۆی ئێرانەوە بێت و پێیوایە "پاڵنەری سەرەکی ئەو هێزە سیاسییە بێ کە مالیکی هەیەتی، مالیکی دەیەوێت ئێران بەکاربهێنێت هەروەک چۆن ئەمریکای بەکارهێنا بۆ

- ئەمریکا پشتگیری دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناکات بۆ کورد
- مالیکی هەیمەنەی بەسەر میدیای ڕەسمی عێراقیدا هەیە بۆیە هێشتا پشتگیریی هەیە

سوودوەرگرتنی خۆی لە دەسەڵات".

ئەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کە خەریکە بە تەواوی نەخشەی سیاسی عێراق لە گۆڕانکاری نزیک دەکاتەوە؟ کیرک هارڵس پێیوایە کێشەی کورد ئەوەیە ئێستا توانای نییە بڕی تەواو لە نەوت هەناردە بکات، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ بکات و بتوانێت پێویستییەکانی بەدەستبهێنێت، هێندەی ئەوەی کە ئێستا لە حکومەتی فیدراڵییەوە دەستیدەکەوێت "لەم کاتەدا پێویستە کورد ڕێگەیەک بگرنەبەر. بە ڕای من پێویستە تا ڕاددەیەک تەنازول بکەن، چونکە ناتوانن ڕێژەی پێویستی نەوت هەناردە بکەن".

گوتیشی "ئەگەر بتوانن ڕۆژانە 500 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکەن، ئەوا بەشێوەیەکی نزیکەیی بەسە بۆ ئەوەی ئەو داهاتەی لە حکومەتی فیدراڵییەوە دەستیاندەکەوێت بگۆڕنەوە بەوەی لە پارەی نەوتی خۆیانەوە بەدەستی دەهێنن".

بەرامبەر بە سوور بوونی کورد لەو سیاسەتە و بەردەوامیدان بە ململانێ لەگەڵ مالیکی، ئەو پێیوایە کە لەوانەیە بەدیلی مالیکی، حوسێن شەهرستانی بێت "بۆیە لەوانەیە کەمێک توندتر بێت، من پێشبینی گۆڕانێکی گەورە ناکەم".

ئەی ئەمریکا چی؟ کیرک دەڵێت "ئیدارەی ئۆباما گرنگی بە عێراق نادات و ئەولەویەتی ئیدارەی ئۆباما ئەوەیە عێراق نەتەقێتەوە، چونکە ئۆباما ئەولەویاتی دیکەی هەیە". ناوبراو لەبارەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکییەوە ئەو پەندە کوردەوارییە پشتڕاستدەکاتەوە کە دەڵێ نە شیش بسووتێ و نە کەباب. گوتیشی "بەڕای من حکومەتی ئەمریکا حەز دەکات کەسێکی دیکە بێتە جێی مالیکی، بەڵام هەرگیز بە ئاشکرا ئەوە ناڵێت، ئێمە کەسێکی دیکەمان دەوێت جگە لە مالیکی، بەڵام مالیکی بێت یان کەسێکی دیکە لە دەسەڵاتدا، حکومەتی ئەمریکا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات".

هارلس، ڕوونتر باس لە بۆچوونی سەرکردە و هاووڵاتی ئەمریکی دەکات بەرامبەر عێراق و دەڵێ وەزارەتی دەرەوە گرنگی زۆر ناداتە عێراق یان کوردستان "زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا شتێکیان ناوێت ناوی عێراق بێت، ناوی عێراقیان بیرچووەتەوە". پێشیوایە، لەبەر ئەوەی ئێران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەیمەنەو دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەندێک لە حیزبە شیعەکاندا و ئەوانیش کورسییان هەیە، ئەو کورسییانەش پێویستن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران. بەڵام ئەمریکا ئەو کاریگەرییەی نییە.

لە کۆڕبەندی سلێمانی کە هەفتەی ڕابردوو زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی ڕێکیخستبوو، ژمارەیەک لە سەرکردە عێراقی و ئەمریکی و تورکی و ئێرانییەکان چەند پانێلێکیان لەسەر ڕەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە ڕێکخست. هەندێکیان ڕەخنەی توندیان لە مالیکی گرت و بە "تاکڕەو" تۆمەتباریان کرد، بەبڕوای کیرک هارلس، هێشتا مالیکی بەهێزە "بەو پێیەی هەیمەنەی بەسەر میدیای ڕەسمی عێراقیدا هەیە، کەناڵی عێراقییەی فەرمی، زۆربەی کەناڵەکانی کە دەنگدەرانی شیعە تەماشای دەکەن، پشتگیری سیاسەتی مالیکی دەکەن لە ئەنبار، بەڵام لە هەمانکاتدا ململانێیەکی توند هەیە لە نێوان هەندێ کوتلەدا، کە ڕێگر دەبن لە مالیکی بۆ خولی سێیەم دەسەڵات بگرێتەوە دەست".

کیرک لەو باوەڕەدا نییە کە باراک ئۆباما وەکو ئیدارەی کۆمارییەکانی پێش خۆی گرنگی بدات بە کوردستان و عێراق. ئەو دەڵێت "زۆربەی ئەمریکییەکان ڕەخنە لە ئۆباما دەگرن بەهۆی شکستهێنانی لە عێراق، ئەوەی ئۆباما دەیەوێت گفتوگۆ و سەقامگیرییە، ئەوە کێشەی ئەمریکییەک نییە کە عێراقییەکان کێشەکانیان چارەسەر دەکەن یان نا".

# کەرکووک.. حیزبەکان لەسەر خۆپیشاندانیش رێکنەکەوتن

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

دیمەنی خۆپیشاندانی نارەزایی کەرکووک زیاتر لە گردبوونەوەی فەرمانگەیەکی حکومی دەچوو نەک ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا دەنگدانەوەکەی بگاتە ناوچەی سەوزی بەغدا. هەر زوو بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان پشتیان تێکرد و تۆمەتباریان کرد بەوەی هێزێکی سیاسی کوردی بەمەبەست رێکیخستووە.

هەندێک لە خۆپیشاندەران لەسەر پارچە کاغەزەکانی دەستیان نووسیبوویان "با خوێن و نەوتی کەرکووک بوەستێ". ئەو لایەنە سیاسییانەی بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان نەکرد، پاساوی ئەوەیان هەبوو کە "خۆپیشاندانەکە لەو دۆخەدا خزمەت بە کەرکووک ناکات".

رەوەند مەلا مەحموود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی لە کەرکووک، هەرزوو رەتیکردەوە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە رای ئەوانیان وەرگرتبێ و جگە لەوەش وایدەبینێ دۆخی ئێستای کەرکووک ئەو جۆرە خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە هەڵناگرێ "ئێمە دەستوورێکمان هەیە و ئەو مەسەلەیەش مەسەلەی هەرێمە و کێشەکان ئاوا چارەسەر نابن".

ناوبراو دەڵێ "ئەگەر خۆپیشاندانەکە بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بووایە، هەموومان بەیەکەوە دەبووین، پێویستە خۆپیشاندان بۆ پرسێک بکرێ کە داوای یەکلاکردنەوەی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکات".

جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکووک، به هێماکردن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، خۆپیشاندانەکە ئەوان تاک لایەنانە رێکیانخستووە "بۆ مەرامی سیاسی رێکخراوە".

خۆپیشاندەرەکان دروشمەکانیان رووەو حکومەتی بەغدا بەرزکردبووەوە، پوختەی داواکارییەکان بۆ وەستاندنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بوو کە بە گوتەی ئەوان داهاتی ئەو نەوتە دواتر بۆ دژایەتیکردنی کورد بەکاردەهێنرێتەوە.

بەڵام ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی پارتی، هۆکاری سەرنەگرتنی خۆپیشاندانەکە بەو شێوەیەی چاوەڕوان دەکرا بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "ئیدارەی کەرکووک پشتگیری نەکرد و تەنانەت هەوڵیشیاندا خەڵک بەشداری تێدا نەکات".

کامەران کەرکووکی دەڵێ پێشتر لەلایەن ئیدارەی کەرکووکەوە لەناو خەڵکدا ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە خۆپیشاندانەکە حیزبییە و پارتی رێکیدەخات "بەڵام ئێمە رێکماننەخستووە، رێکخستنی ئێمە بەشدارییان تێدا کرد".

کەرکووکی، رەتیدەکاتەوە پێشتر قسە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان نەکرابێ "تەنانەت لەگەڵ یەکێتیش قسە کراوە، ئەوە کرایە بیانوو بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە سەرنەگرێ".

ئەزموونی لەم شێوەیە لە کەرکووک چەند مانگێک لەمەوبەر بینرایەوە، کاتێک بۆ دروستکردنی لیستێکی کوردی بۆ هەڵبژاردنەکان ناکۆکی کەوتە نێوان لایەنە سیاسییەکان و بە کشانەوەی پارتی، لایەنەکانی دیکەش کشانەوە و یەکێتی بەتەنیا مایەوە، هەر بۆیە ئەوە وەک تۆڵەکردنەوەیەک وابوو لە هەڵوێستەکەی پێشووی پارتی لەو شارە.

بازێروانی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک، رەتیدەکاتەوە پێشتر قسەیان لەگەڵ کرابێ بۆ ئەو خۆپیشاندانە "ئەگەر لەکۆبوونەوەدا بەئێمە گوترابێ و قسەمان لەگەڵ کرابێ، ئەوە پاشەکشە لە بەڵێنی خۆمان ناکەین، بەڵام کەس لەو بارەیەوە سەردانی ئێمەی نەکردووە و قسەی لەگەڵ نەکردووین". حەکیم ئومێد گوتیشی "هەموو لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک رێککەوتووین لەسەر ئەوەی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی بەحیزبی نەکرێن و هەموومان پێکەوە بەشدارییان تێدا بکەین".



خۆپیشاندەرانی کەرکووک دەیانویست بەرەو کۆمپانیای نەوتی باکوور بەرێبکەون و لەبەردەم دەرگای سەرەکی کۆمپانیاکەدا مانگرتن رابگەیێنن و داوا بکەن چیدی نەوتی ئەو شارە هەناردە نەکرێ. بەڵام چەند کاژێرێکی کەم لەسەر شەقامەکە مانەوە و دوای گوتنەوەی هەندێک دروشم بڵاوەیان لێکرد.

کاوێز مەلا پەروێز، سەرۆکی ئەو لیژنەیەی خۆپیشاندانەکەی رێکخستووە دەڵێ "پێشتر لەگەڵ هەموو لایەنەکان قسەمان کردووە بە گۆڕان و یەکێتیشەوە، تەنانەت ئەندامێکی لیژنەکەی ئێمە گۆڕان بوو، هەموویان بەڵێنی ئەوەیان دابوو بەشداریی بکەن، بەڵام بەداخەوە پشتگیرییان نەکردین".

کاوێز مەلا پەروێز، رەخنە لە پارێزگاری کەرکووک دەگرێ و دەڵێ "بەهۆی ئەوەی هێزێکی زۆری ناردبووە چواردەورمان نەمانتوانی بچینە بەردەم کۆمپانیای نەوتی باکوور، بەڵام ئەمجارە کات و شوێن دیاری ناکەین بۆ ئەوەی رێگریمان لێنەکەن". گوتیشی "باشترە پارێزگاری کەرکووک ئەو هێزە بنێرێتە حەمرین".

# بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کەرکووک دوو بەڕێوەبەری هەیە

هیوا حوسامەددین
رووداو- کەرکووک

بە بڕیارێکی بەغدا بەڕێوەبەرانی چەند فەرمانگەیەکی کەرکووک دەگۆڕدرێن، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کەرکووک کە یەکێکە لەوانەی بڕیاری لادانی دراوە، دەستبەرداری پۆستەکەی نابێت و دەڵێت ئەو نووسراوەی بڕیاری لادانی منی تێدایە "ساختەیە".

ئەو گۆڕانکارییە لە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکووک، هەریەک لە بەڕێوەبەری دەستەی نەزاهە و بەڕێوەبەری کۆبوونی خۆراک و پۆلیسی هاتوچۆی گرتووەتەوە، بەڵام عەمید عومەر جەعفەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کەرکووک دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک دەست لە پۆستەکەم هەڵناگرم".

ناوبراو بە (رووداو)ی گوت "لە بەغدا تەنیا نووسراوێک هەیە کە لە رێگای ئینتەرنێتەوە کۆپییەکی بۆ من نێردراوە، ئەو نووسراوە ساختەیە و زانیاریم هەیە بە پارە ئەو کارە کراوە". هەروەها دەڵێت "لە پارێزگاری کەرکووکم پرسیوە بۆچی من لە پۆستەکەم دووردەخەنەوە؟ لە وەڵامدا گوتی ئەمە کاری مەڵبەندی دووە".

عەمید عومەر ئاماژەی بەوەدا کە دوێنێ یەکشەممە لە کاتی چوونی بۆ دەوام، هێزێکی زۆری پۆلیس بەسەرپەرشتی ئاسۆ مامەند لێپرسراوی مەڵبەند و لیوا جەمال تاهیر هاتوون، عەمید مەحەمەد تاهیر محەممەدیان هێناوە و لە شوێنەکەی ئەویان داناوە "ئەمە لەکاتێکدایە من هیچ شتێکم رادەست نەکردووەتەوە و مۆری پۆلیسی هاتوچۆش لەلای منە و داوایان لێکردووم بە عەشایری واز لە پۆستەکەم بهێنم".

## "داوایان لێکردووم بە عەشایری واز لە پۆستەکەم بهێنم"

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەگەر عەمید عومەر بە پۆستەکەیەوە بنووسێت کارێکی هەڵە دەکات و دەچێتە خانەی یاخیبوون. ئەگەریش پێیوایە لەسەر حەقە، با لە دادگای فیدراڵی سکاڵا تۆمار بکات".

هەر سەبارەت بەو پرسە لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک دەڵێت "نووسراوێکمان پێگەیشتووە لە وەزارەتی ناوخۆوە کە عەمید محەممەد تاهیر بکرێتە بەڕێوەبەری هاتوچۆی کەرکووک. عەمید عومەریش بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ. ئێمە وەکو لایەنێکی جێبەجێکەری ئەو بڕیارە کارمان کردووە و بەهیچ هێزێکەوە نەچووینەتە سەر پۆلیسی هاتوچۆ، تەنیا مەبەستمان پیرۆزبایی بووە لە عەمید محەممەد کە پۆستی نوێی وەرگرتووە".

سەبارەت بە مۆری هاتوچۆش کە تاوەکو ئێستا لای عەمید عومەرە. جەمال تاهیر گوتی "ئێمە کارمان بە مۆری هاتوچۆ نییە و دانەیەکی نوێ دروست دەکەین، بەڵام وازۆی عەمید عومەر کاری پێناکرێت".



لەبەر کوردایەتی

# مووچەخۆرانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بایکۆت دوادەخەن

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

ئەو کێشە ئاڵۆزکاوەی کە بە قەیرانی پارە و مووچە ناودەبرێ، لە ناوچە دابڕاوەکان ئێشێکی قورستر دەخاتە دڵی فەرمانبەر و مووچەخۆرانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوانەی لە بەغداوە مووچەیان بۆ دێ، مانگانە بەبێ دواکەوتن و تەنانەت پێشتریش مووچەکەیان وەردەگرن و بە بەرچاوی ئەوانەوە دەیژمێرن و دەیخەنە گیرفانیانەوە.

خەیری فەوزی، کە لە شنگالەوە رۆژانە دەچێتە گوندێکی دوورە دەست بۆ ئەوەی وانە بە منداڵان بڵێتەوە، نیگەرانە لەوەی دواکەوتنی مووچە بووەتە گرفتێکی دیکە و چووەتە سەر خەرمانی کێشەکانیان "ئەگەر لە هەولێر و سلێمانی مامۆستایان تەنیا کێشەی دواکەوتنی مووچەیان هەبێ، ئێمە کێشەمان زۆرن، کێشەی پێویستی خوێندن و هەروا خوێندن بە کوردی زۆر زەحمەتە لەو ناوچەیە، وا دواکەوتنی مووچەش زیاد بوو".

ساڵی 2014 بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە سەختی دەستیپێکرد، کێشە سیاسییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی گەورەتر و زۆرتر بوون و چوون و هاتنی شاندەکان هیچی بەدەستنەهێنا، دواجار بەغدا دواهەمین کارتی بەکارهێنا کە ئەویش بڕینی مووچەی فەرمانبەرانە. لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا بەشێکی زۆر لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان کە زۆرترینیان لە پارێزگای سلێمانی بوون، خۆپیشاندان و مانگرتنیان ئەنجامداوە.

بۆ ئەوەی خوێندنی کوردی بگێڕێتەوە بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان 11 ساڵ لەمەوبەر دەستی دایە پرۆسەیەکی قورس کە زۆر لەسەر بودجەکەی دەکەوت، ئەویش دامەزراندنی زیاتر لە 30 هەزار مامۆستا بوو بۆ ئەو ناوچانە.

ئێستا کە لەلایەن بەغداوە دەرگای بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بەتەواوی پێوە دراوە، ئەو ناوچەیەش لەگەڵ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە بەردەم کێشەکە.

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک دەڵێ زۆربەی مامۆستاکانی ئەوان لەسەر میلاکی هەرێمی کوردستان مووچە وەردەگرن و لە بارودۆخێکی ناخۆشدان "وا دوو مانگە مووچە دوادەکەوێ و هەر چۆن هەیە توانیومانە هەوڵ بدەین لەگەڵیان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان و خوێندن گرفتی بۆ دروستنەبێ".

شێرزاد رەشید کاکە هەروەها دەڵێ بەڕێوەبەرایەتییەکەی 7860 مامۆستا و فەرمانبەری هەیە کە مووچە لە هەرێمی کوردستان وەردەگرن.

بۆیە دەبێ چاوەڕوانی مووچە لە هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام 14 هەزار مامۆستای دیکە کە لەبەغداوە مووچەیان بۆ دێت، هیچ کێشەیەکیان نییە و مانگانە لە کاتی خۆیدا مووچەی خۆیان وەردەگرن.

کێشەکە تەنیا مووچە نییە و پارەی خەرجییەکانی خوێندن و پێداویستی خوێندنگەکان و هاتوچۆی مامۆستایانیش بووەتە بارێکی قورس "بەڵام مامۆستای کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، کوردایەتی لێکدەدەنەوە و هەر ئەوەش وای لێکردوون ئارام بگرن".

لە سنووری پارێزگای کەرکووک کە سیاسییەکان هەمیشە پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، تاوەکو ئەو رۆژەی خەڵکی شارەکە پەیکەرەکانی سەددام حوسێنیان لەو شارەدا شکاند، یەک خوێندنگەی تێدا نەبوو بە زمانی کوردی بخوێنێ.

بەڵام لەماوەی ئەو 11 ساڵەدا 508 خوێندنگەی کوردی لێ کراوەتەوە لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەندێکیشیان بە بودجەی بەغدا.

بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک دەڵێ "مادام قەدەری ئێمە ئەوەیە کە کەرکووکی بین، ناچارین زۆر کێشە و گرفتی لەو جۆرەش پەسەند بکەین و لەگەڵ بارودۆخە ناهەموارەکانیش هەڵبکەین".

لەبەر ئەوەی بەغدا پشتگیری خوێندنی کوردی ناکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بووە لەسەر بودجەی خۆی فەرمانبەر و مامۆستا بۆ ئەو خوێندنگانەی کەرکووک دابمەزرێنێ و مووچەیان بداتێ، کە وەک بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک باسیکرد، ساڵانە 78 ملیار دینار بودجەیان بۆ دابین دەکرێ.

لە خانەقین زۆربەی فەرمانگەکان دوو تابلۆیان هەیە، چونکە فەرمانگەیەکیان سەر بە پارێزگای دیالەیە و فەرمانگەیەکیان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لەنێو خوێندنگەکانیشدا بەشێک لە مامۆستاکان مووچەیان لە بەغداوە بۆ دێت و بەشێکیش لە کوردستان.

بارزان مەحموود، بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی مامۆستایانی خانەقین دەڵێت "بۆ مامۆستایانی کورد زۆر ناخۆشە، وەک ئەوەیە هەموو مانگێک شەڕی دەروونییان لەگەڵ بکرێ، چونکە مامۆستاکانی ئەولا پارەی خۆیان وەردەگرن و ئەوانەی خۆشمان 2 هەفتەیە مووچەیان دواکەوتووە".

لە خانەقین 20 خوێندنگەی کوردی هەن، ساڵانە 3 ملیار و 600 ملیۆن دینار لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێ بۆ مووچەی مامۆستا و فەرمانبەری خوێندنگە کوردییەکان و 70 ملیۆن دیناریش بۆ پێداویستییەکانی خوێندن. بەڵام وەک حوسێن سایە، بەڕێوەبەری پێشووی پەروەردەی خانەقین دەڵێ، دەتوانن خوێندنگەی کوردی دیکە دروستبکەن ئەگەر کێشەی بینایان نەبووایە "بینامان نییە و بۆشمان دروست ناکرێت".

لە خانەقین 12 خوێندنگەی عەرەبی هەن کە وەک حوسێن سایە گوتی "خوێندنگە عەرەبییەکانیش 92%ی خوێندکارەکانی کوردن و خەڵکی خانەقینن".

6 هەزار مامۆستا لە خانەقین مووچەیان دوادەکەوێ و 2 هەزار مامۆستاش پارەی خۆیان لەکاتی خۆیدا وەردەگرن بەو پێیەی لە پارێزگای دیالەوە مووچەیان بۆ دەچێ. بارزان مەحموود دەڵێ چەند ساڵ شەڕی ئەوەیان کرد کە خوێندنی کوردی بکەنەوە و تەحەدای بارودۆخە سەختەکەیان کرد "قابیلە بۆ دواکەوتنی مووچە پەکی بخەین"، بەڵام گوتیشی "ئەگەر دواکەوتن هەفتەیەک و 2 هەفتە بێ قەیناکا، ئەگەر لەوە زیاتر دوابکەوێ مامۆستاش کرێچییە و پێویستی بە پارە و ژیانە. بۆیە رەنگە بیر لە مانگرتن و خۆپیشاندان بکەنەوە".

ڕووداو ئابووری
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10



## هێڵی ئاسمانی لە نێوان کەنەدا و کوردستان دەکرێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

برۆنۆ ساکۆمان، باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق، لە کاتی سەردانێکی بۆ هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کەنەدا دەیەوێ هێڵێکی ڕاستەوخۆی فڕۆکەوانی لە نێوان هەولێر و کەنەدا بکاتەوە. باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق ڕاشیگەیاند کە وڵاتەکەی هەوڵدەدات بۆ وەرگرتنی چەند قوتابییەکی هەرێمی کوردستان، بۆ خوێندن لە ئاستە جیاجیاکانی زانکۆیی لە کەنەدا. ئەو سەردانەی شاندی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان، دوای کردنەوەی نووسینگەی بازرگانی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان دێت، کە مانگی ڕابردوو لە هەولێر کرایەوە.

# عێراق نەوتی نارد و هەرێمی کوردستان پێشکەوت

**فازڵ نەجیب**
**ڕووداو- هەولێر**

داهاتی نەوت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووبەری جیاوازییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە بواری ئاوەدانی ئاسایش و خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی مرۆیی زیاتر دەکات. ئەوەش وادەکات لە بری سنوورێکی جوگرافی، خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن هەرێمی کوردستان لە عێراق جیابکاتەوە.

کاتێک لەدیوی ڕۆژهەڵاتەوە دێیتە باشووری کوردستان، بە شارۆچکەی پێنجوێندا ڕەت دەبیت کە خاوەنی 13 جۆر سامانی سروشتی بەنرخی وەک ئاڵتون، ئاسن، گۆگرد، یۆرانیوم، مس، مەنگەنیز، کرۆم، خەڵووز و چەندانی دیکەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەبەرهێنانیان تێدا نەکراوە. ئەوە جگە لە بەردی مەرمەڕی ئەو ناوچەیە کە لەسەر ئاستی جیهان بەناوبانگە و کێبڕکێ لەگەڵ بەردی وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا دەکات.

لە بەشە ئەوروپاییەکەی ئیستەنبوڵیش، کاتێک سەردانی ئیمرا ئۆلکەر، یەکێک لە بەرپرسەکانی دەزگای میدیایی "بوگیون"م کرد، پێیگوتم کە هیچ حیزب و حکومەتێک لە تورکیا ناتوانێت چاو بنوقێنێ لە ئاست ئەو بڕییە نەوتەی هەرێمی کوردستانی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی بە تورکیاوە دەبەستێتەوە، تەنانەت نەتەوەپەرستترین حیزبیش لە تورکیا لە توانایدا نییە پشت لە کوردستان بکات.

سنووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان ساڵانێک باروت و جبەخانەی لێوە دەهاتە ژوورێ و دەرگای شەڕی براکوژی بوو، ئێستا دەروازەی ناردنی نەوت و هاتنی دەیان کۆمپانیای گەورەی جیهانییە. جگە لەوەش، نەوت ڕۆڵێکی گرنگی لە کایەی سیاسەتدا بینیوە و دەرگا باروتاوییەکانی گۆڕی بە دەرگای پڕ کۆنتێنەری ئاوەدانی.

تاوەکو کۆتایی مانگی شوباتی 2014 حکومەتی عێراق 3.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە و لەو بڕەش 2.5 ملیۆن بەرمیلی ڕەوانەی دەرەوە کراوە. نزیکەی 95%ی داهاتی عێراق پشت بە داهاتی ئەو نەوتە دەبەستێ.

لە 2003 بەدواوە، بودجەی گشتیی عێراق ساڵ لە دوای ساڵ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لەکاتێکدا ساڵی 2003 تەنیا 6.1 ملیار دۆلار بووە، بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی 2014 بریتییە لە 150.1 ملیار دۆلار. گەورەبوونی قەبارەی بودجەی عێراق لە ژیان و ئاوەدانیی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە و لە سێکتەرە سەرەکییەکانی ژیان و خزمەتگوزاریدا، عێراق هێشتا وەک نموونەی وڵاتێکی هەژار حیساب دەکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان لە ڕیزی ناوچە خۆشگوزەرانەکان دادەنرێت.

### بودجەی عێراق لە 11 ساڵی ڕابردوودا

| ساڵ | بودجە بە ملیار |
|---|---|
| 2003 | 6.1 |
| 2004 | 19.9 |
| 2005 | 24.4 |
| 2006 | 34 |
| 2007 | 41.1 |
| 2008 | 72.2 |
| 2009 | 58.6 |
| 2010 | 72.4 |
| 2011 | 82.6 |
| 2012 | 100 |
| 2013 | 118.4 |
| 2014 | 150.1 |



هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی زۆرترین سوودی لە سامانی سروشتی ئەم وڵاتە بینیوە، ئامارەکانیش ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە عێراق چەند توانای بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکات، ئەوەندە کوردستان پێشکەوتووتر دەبێت و ناوچەکانی دیکەی عێراق لە دۆخی خراپی خۆیاندا دەمێننەوە، هەڵبەت ئەوەی وادەکات ئەو دوو ناوچەیە لە ڕووی پێشکەوتنەوە هێندە جیاوازبن، جگە لە ئیدارەکردنی حکومەت، مەسەلەی دابینکردنی ئاسایشە.

ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستای تا 10 ساڵی دیکە نەوتی عێراق بڕوات و کورد بودجەی خۆی لێوەرگرێت، ئەوا لە بری سنووری جوگرافی، ئاستی گەشەسەندنی مرۆیی و ئاوەدانی و ئابووری، سنوورێکی تۆخ لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەکێشێ کە بە هیچ حکومەتێک کاڵ نەکرێتەوە.

تاوەکو ساڵی 1991 حکومەتی بەعس 5 قەزا و 26 ناحیە و 2545 گوندی لە پارێزگای سلێمانی وێران کرد، لەو وێرانکارییەدا 114 هەزار و 625 بینا و 682 خوێندنگا و 165 بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەی تەختی زەوی کرد. بەڵام دوای ڕاپەڕین تا ساڵی 2010 پارێزگاکە ئاوەدان کرایەوە بە 16 قەزا، 45 ناحیە، 73 شارەوانی و 2236 گوند. واتە لە ساڵی (1991 تا 2010)، 11 قەزا و 41 ناحیەو 64 شارەوانی و 2218 گوند و 567 گەڕەک زیادیان کرد و لە ڕووی مرۆییشەوە لە 149124 خێزانەوە زیادی کردووە بۆ 365065 خێزان، واتە 215941 خێزان زیادی کردووە.

ئەوە تەنیا ئاماری پارێزگای سلێمانیە کە ئێستا لە کۆمەڵێک بواری ستراتیژیدا یەکەمینە لەسەر ئاستی عێراق. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی سوود وەرگرتن لە پارەی ئەو نەوتەی عێراق ڕەوانەی دەرەوەی کردووەو بودجەی پێ ناردووە بۆ کوردستان، هەنگاوێکی زۆر گەورەی لە بواری ئاوەدانی و پێشکەوتندا هەڵێناوە.

### کەمکردنەوەی هەژاری

هەژاری، دەردە بەربڵاو و ویژدان پڕوکێنەکەی سەرزەمین، دەردێک کە سەدان و هەزاران ئاین و ڕێبازی فکری و فەلسەفی تێکۆشاون بۆ نەهێشتنی، ئەم دەردە لە هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ کراوە. ئامارەکان وا پێشاندەدەن کە هەرێمی کوردستان لە خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی دانیشتووانەکەی لەژێر هێڵی هەژاری، سەرکەوتووتر بووە بە بەراورد بە عێراق.

لە هەرێمی کوردستان تەنیا 3.8%ی دانیشتووان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بەڵام لە عێراق 22.9%ی خەڵکەکەی دەکەونە ژێر هێڵی هەژاری.

کەسێک دەکەوێتە ژێر هێڵی هەژاری کە خەرجی مانگانەی بۆ خۆراک و پێداویستییەکانی دیکە لە 105 هەزار دینار کەمتر بێت.

| پارێزگا | ڕێژەی هەژاری |
|---|---|
| سلێمانی | %2 |
| هەولێر | %3.6 |
| دهۆک | %5.8 |
| کەرکووک | %9.1 |
| نەجەف | %10.8 |
| بەغدا | %12 |
| کەربەلا | %12.4 |
| بابل | %14.5 |
| بەسرە | %14.9 |
| ئەنبار | %15.4 |
| سەلاحەدین | %16.6 |
| دیالە | %20.5 |
| واسیت | %26.1 |
| موسڵ | %34.5 |
| زیقار | %40.9 |
| میسان | %42.3 |
| قادسیە | %44.1 |
| موسەننا | %52.5 |

### بێکاری لە عێراق زیاترە

بێکاری دیاردەیەکی ئابوورییە و لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە سەریهەڵداوە، بێکار کەسێکە توانای کارکردنی هەیە و هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام دەستیناکەوێت. لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا بەهیچ جۆرێک خەڵک بێکار نەبووە. بەڵام ئێستا جیهان بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنێ، ڕێژەی بێکاری لە وڵاتێکی مەزنی وەک ئەمریکا 7.7% و لە بەریتانیا 7.1%ە.

لە هەرێمی کوردستاندا 7.7%ی دانیشتووان بێکارن، بەڵام لە عێراقدا ڕێژەی بێکاری دەگاتە 11%.

ڕێژەی بێکاری لە کوردستان و عێراق:

| پارێزگا | ڕێژەی بێکاری |
|---|---|
| سلێمانی | %6.6 |
| هەولێر | %7.6 |
| دهۆک | %9 |
| کەرکووک | %4.9 |
| نەجەف | %11.1 |
| بەغدا | %15 |
| کەربەلا | %7.4 |
| بابل | %8.4 |
| بەسرە | %14.7 |
| ئەنبار | %10.7 |
| سەلاحەدین | %8.7 |
| دیالە | %12.9 |
| واسیت | %13 |
| موسڵ | %14.6 |
| زیقار | %18 |
| میسان | %15.3 |
| قادسیە | %13.3 |
| موسەننا | %9.3 |

### پشکی تاک لە کۆی داهاتی نیشتمانی

پشکی تاک لە کۆی داهاتی نیشتمانی واتە "سەرجەم ئەو داهاتانەی هاووڵاتیان دەستی دەخەن لە پڕۆژە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا". لەم بوارە گرنگەدا هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە عێراق زۆر لە پێشەوەیە.

پشکی هەر هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نیشتمانی 7654 دۆلارە، بەڵام لە عێراق 4485 دۆلارە.

داهات بە دۆلار:

| پارێزگا | داهاتی تاک بە دۆلار |
|---|---|
| سلێمانی | 9346 |
| هەولێر | 7953 |
| دهۆک | 5663 |
| کەرکووک | 5194 |
| نەجەف | 5354 |
| بەغدا | 6365 |
| کەربەلا | 5257 |
| بابل | 4724 |
| بەسرە | 3878 |
| ئەنبار | 4520 |
| سەلاحەدین | 5150 |
| دیالە | 4291 |
| واسیت | 4094 |
| موسڵ | 3631 |
| زیقار | 2837 |
| میسان | 4265 |
| قادسیە | 4460 |
| موسەننا | 3259 |

### چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە

لە تۆمارکردنی ناوی منداڵانیشدا لە قوتابخانەی سەرەتایی، دیسان هەرێمی کوردستان لە پێش عێراقەوەیە.

لە هەرێمی کوردستان 95.8%ی منداڵان ناویان لە قوتابخانە تۆمار دەکرێ، بەڵام لە عێراق ڕێژەی تۆمارکردنی ناوی منداڵ لە قوتابخانە 90.4 %ە.

تۆمارکردنی ناوی قوتابیان لە کوردستان و عێراق:

| پارێزگا | ڕێژەی تۆمارکردن |
|---|---|
| سلێمانی | 98.2 |
| هەولێر | 94.7 |
| دهۆک | 94.7 |
| پارێزگاکانی عێراق | 90.4 |

### تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی

تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی و بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەکە لە هەرەتی هەرزەکاریدا، بایەخی تایبەتی هەیەو دیسانەوە لەوەشدا هەرێمی کوردستان بەتەواوی پێش عێراق کەوتووە.

بەپێی ئاماری دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق 71.2%ی گەنجەکان لە هەرێمی کوردستان خوێندنی ناوەندی تەواو دەکەن، بەڵام لە عێراقدا تەنیا 48.6%ی گەنجان خوێندنی ناوەندی تەواو دەکەن.

| پارێزگا | ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی |
|---|---|
| سلێمانی | %79.0 |
| هەولێر | %69.0 |
| دهۆک | %65.7 |
| پارێزگاکانی عێراق | %48.6 |

### یەکسانیی کچ و کوڕ لە خێزاندا

سەبارەت بەو کچانەی کەوا دەبینن هەمیشە یەکسانن لەگەڵ براکانیان لەچوارچێوەی خێزاندا لە ئەرک و مافەکانیان لەتەمەنی (10 بۆ 14) ساڵی، هەرێمی کوردستان زۆر لەپێش عێراقە، ئەوەش نیشانەی پێشکەوتوویی دنیابینی و بەیەکسان سەیرکردنی کچ و کوڕە.

بەپێی ئامارەکانی دەزگای ئاماری عێراق لە هەرێمی کوردستان 55.8%ی کچان خۆیان بە یەکسان دەبینن لەگەڵ براکانیان، بەڵام لە عێراقدا ئەو ڕێژەیە کەمترە و دەگاتە 49.3%.

| پارێزگا | ڕێژەی یەکسانیی کچ و کوڕ |
|---|---|
| سلێمانی | %80.9 |
| هەولێر | %49.5 |
| دهۆک | %37.6 |
| پارێزگاکانی عێراق | 49.3 |

### مردنی منداڵ

ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا و منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵان بایەخێکی تایبەتی هەیە، لەوەشدا دیسانەوە هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراق تەندروستترە بەوەی کەمترین منداڵی لێدەمرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا لە هەر هەزار منداڵی شیرەخۆر تەنیا 28 منداڵ دەمرن، بەڵام لە عێراقدا لە هەر هەزار منداڵی شیرەخۆر 32 منداڵ دەمرن.

| پارێزگا | ڕێژەی مردنی منداڵ لە هەزار |
|---|---|
| سلێمانی | 24 |
| هەولێر | 27 |
| دهۆک | 33 |
| پارێزگاکانی عێراق تێکڕا | 32 |

سەبارەت بە مردنی منداڵی تەمەن 5 ساڵانیش، لەوەشدا پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە پارێزگاکانی عێراق زۆر باشترن و لە ریزی ناوچە تەندروست باشەکانن.

لە هەرێمی کوردستاندا لە هەر هەزار منداڵێکی خوار تەمەن 5 ساڵ تەنیا 32 منداڵ دەمرن، بەڵام لە عێراقدا لە هەر هەزار منداڵی لەو تەمەنەدا 37 منداڵ دەمرن.


| پارێزگا | مردنی منداڵ لە هەزار |
|---|---|
| سلێمانی | 25 |
| هەولێر | 34 |
| دهۆک | 37 |
| پارێزگاکانی عێراق | 37 |

### کەرتی پیشەسازی

سیاسەتی بەعس ئەوە بوو تا چەندە بۆی کرابێت، کوردستانی لە کارگە و پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان بێبەش کردووە، بەڵام لەدوای ڕزگارکردنی عێراق، دەرگای ئاوەدانی و پێشکەوتن و دامەزراندنی سەدان کارخانە بەڕووی کوردستاندا کرایەوە و دیسانەوە ئامارەکان پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان پیشان دەدەن.

تا ساڵی 1991 تەنیا 6%ی کارگەی پیشەسازی گەورەو مامناوەندیی عێراق لە هەرێمی کوردستاندا هەبوون، بەڵام لە ساڵی 2013 ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆ 41.7% و ئەوەش بەرهەمی سوود وەرگرتنە لە بودجەو داهاتی نەوت و چالاکبوونی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنی ناوخۆیی و بیانی لە هەرێمی کوردستاندا.

کارگەی مامناوەند ئەو کارگانەن کە لە 10 تا 29 کرێکار ئیشی تێدا دەکەن، کارگەی گەورەش لە سەرووی 30 تا هەزاران کرێکار ئیشی تێدا دەکەن.




لەسەر ئاستی پیشەسازیی بچووک کە لە 1 تا 9 کرێکار ئیشی تێدا دەکەن.

لەعێراقدا 546 کارگەی گەورە هەن، بەڵام بەهۆی شەڕ و ئەو بارودۆخەی ناوچەی شیعەنشین و سوننەنشینی گرتووەتەوە، تەنیا 294 کارگە کاردەکەن، واتە 54.6%ی کارگەکانیان لەکار کەوتوون. بەپێچەوانەشەوە لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای دامەزراندنی دەیان کارگەی گەورە و ستراتیجی نوێ، هەندێک لە کارگە لەکارکەوتووەکانی سەردەمی بەعسیش چاککرانەوە.

لەم ئامارەوە دەردەکەوێت هەرێمی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە داهاتی نەوت، پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە بەراورد بە عێراق. ئەگەر نەوتی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بچێتە دەرەوە، ئەوا لە 10 ساڵی داهاتوودا ئەم هەرێمە وەک چۆن ئێستا ناوچەیەکی خۆشگوزەران و ئارامە، ئەوکات لێرەوە بەشی زۆری پێداویستییە پیشەسازییەکانی عێراق دابین دەکرێت.

## حاچم حەسەنی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق:

# ئەگەر لەجێی نێچیرڤان بارزانی بوومایە لەوانەبوو توندتریش قسەبکەم لەدژی بەغدا



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق هۆشداری دەدا لەوەی عێراق بەهەمان دەردی سووریا بچێت و دەڵێت حکومەتی شەراکەت و هاوبەشی کۆتایی هاتووە. حاچم حەسەنی، یەکێک لە سەرکردە سوننیەکانی عێراق کە بۆ بەشداری لە کۆڕبەندی زانکۆی ئەمریکی لە سـلێمانی هاتبووە هەرێمی کوردستان، بە تەواوی ڕەشبینە بەرامبەر شێوازی دەسـەڵاتدارێتی سیاسی لە عێراق و دەڵێ "بڕیاردان لە عێراق بڕیاردانێکی تەواو عێراقییانە نییە و سـیناریۆی هاوشێوەی سووریا بۆ عێراقیش بەڕێوەیە". حەسەنی کاتی زۆری نەبوو بۆ ئەم هەڤپەیڤینە، بەڵام وەڵامی زۆر پرسیاریشی بەڕاشکاوی دایەوە.

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - سلێمانی**

## گەمارۆ تەنیا لەسەر کوردستان نییە، لەسەر پارێزگا سوننیەکانیشە

**ڕووداو: چۆن دەڕوانیتە ئایندەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، دەکرێ بڵێین گەیشتووەتە بنبەست؟**

**حاچم حەسەنی:** ئەم کێشانە دەبووایە هەر لەسەرەتای پرۆسەی سیاسییەوە لە چوارچێوەی دروستی خۆیاندا چارەسەر بکرێن، بەڵام وا دیارە ململانێ لەسەر دەسەڵات وای کرد کە چارەسەری ئەو کێشانە جار لەدوای جار دوابخرێن. پرۆسەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، خەڵکانێک دەیانەوێ عێراق بگەڕێننەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و دامەزراندنەوەی حکومەتێکی مەرکەزی کە تەحەکوم بە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەش بکات. دیارە ئێمە بە شێوەیەکی بنبڕ لەدژی ئەو هەوڵانەین و ڕێگا نادەین جارێکی دیکە عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی مەرکەزی و دیکتاتۆری و بۆ ئەو ڕژێمەی لە ڕابردوودا باڵادەست بوو. پێویستە دیالۆگی ڕاستەقینە هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئێمە ماوەی 8 ساڵە یاسا دادەڕێژین و یاسا دەردەکەین، بەڵام بەبێ ئەوەی بگەنە ئاستی ئەو یاسا گرنگانەی کە دەستوور لەسەری سەپاندووین و دەبێ دەربچن، وەک یاسای نەوت و غاز، یاسای دادگای فیدراڵی، یاسای حیزبەکان. ئەمانە ئەو یاسایانەن کە بنچینەیەکی باش بۆ هێنانەئارای دەوڵەتێکی دامەزراوەیی دادەنێن.

**ڕووداو: بەڵام ئایا کێشەکە لە نەبوونی یاساکانە یان لە جێبەجێکردنیان، چونکە وەک خۆت گوتت لەماوەی ئەم ساڵانە زۆر یاسا دەرچوون؟**

**حاچم حەسەنی:** دیارە چارەسەرەکە هەر ئەوە نییە کە یاسا دابنێی، دەرکردنی یاسا چەندە گرنگە، جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دوو هێندە گرنگە. بەڵێ زۆر یاسا دەرچوون، بەڵام ئایا چەندە جێبەجێ کراون؟ کەواتە دەبێ یاسا دەربکەی و لە واقیعیشدا جێبەجێی بکەی، دەبێ بەدواداچوون هەبێ بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکان. ئینجا کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە کە زۆرجار یاسا دەردەکرێ و دوایی دەبینی پڕە لە خەوش و دەبێ دیسان هەموار بکرێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە پێویستمان بە گفتوگۆی جددی و دانیشتنی ڕاشکاوانە هەیە تا بزانین ئایا بەڕاستی شەراکەتی ڕاستەقینە هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا، یان لایەنێک بەنیازە هەژموونی خۆی بەسەر وڵاتەکەدا بسەپێنێ.

**ڕووداو: کاتێک تۆ سەرۆکی پەرلەمان بوویت کێشەکان بە تەواوی لە گرێژنە دەرنەچووبوون، ئایا بەهۆی ئەوە بوو کە ئەوکات پەرلەمان دەسەڵاتی هەبوو؟**

**حاچم حەسەنی:** ئەوکات بارودۆخەکە هەندێ جیاواز بوو، لایەنێک نەبوو بەتەنیا دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتبێ وەکو ئێستا، ئەمڕۆ ڕەوشەکە گۆڕاوە، بەتایبەتی دوای کشانەوەی ئەمریکا هەندێک لایەن بە دەرفەتیان زانی بۆئەوەی دەست بگرن بەسەر دەسەڵاتدا و ئەوانی دیکە پەراوێز بخەن لە پرۆسەی سیاسیدا. دیارە پێویست ناکات ناویهێنین، ئەوە گرنگ نییە چونکە دیارن، ئێمە دەبێ پێ لەسەر ئەو پرسیارە دابگرین، ئایا دەوڵەتێکی پێشکەوتووی هاوچەرختان دەوێ؟ کەواتە دەبێ خۆت تەرخان بکەی بۆ پایەدارکردنی دامەزراوەکان بەپێی پێوەرەکانی بنیاتنانی دامەزراوەکان. ئێمە هەموو لایەک لەسەرەتاوە ڕێککەوتبووین لەسەر ئەوەی شەراکەت و تەوافوق هەبێ لەسەر هەموو مەسەلەکان، لانیکەم لە قۆناغی گواستنەوەدا. ئەم شەراکەتە ئەگەر پیادە بکرایە دەمانتوانی قۆناغی گواستنەوە تێپەڕێنین بەرەو قۆناغێکی جێکەوتووی سەقامگیر، بەڵام نەمانتوانی تێیپەڕێنین لەبەرئەوەی لایەنێکی دیاریکراو دەیەوێ بەهەر ڕێگەیەک بووە ئەوانی دیکە پەراوێز بخات، لەسایەی ئەمەشەوە غەرقی کۆمەڵێک کێشەی ئابووری و ئەمنی تەشەنەکردنی گەندەڵی بووین. سەرچاوەی هەموو ئەمانەش ململانێیە لەسەر دەسەڵات و سەپاندنی هەژموون لەسەر ئەوانی دیکە. کەواتە ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە و دەبێ سەرلەنوێ ئەوە وەبیربهێنینەوە کە دەوڵەت بەکام شێواز بەڕێوەبچێ. دەبێ یەکەم شت دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێ و ئەو چەمکانە دەستنیشان بکرێن کە دەستوور ئامازەی بۆ کردوون، کاتێک

> ئەگەری هەیە سیناریۆی سووریا لە عێراقیش دووبارە ببێتەوە

> گەمارۆ تەنیا لەسەر کوردستان نییە، لەسەر پارێزگا سوننیەکانیشە

باس لە دەوڵەتی فیدراڵی دەکەین مانای وایە کە دەبێ کۆمەڵێک هەرێم هەبن نەک لەلایەک هەرێمێک هەبێ و لایەکەی دیکە مەرکەزی بێت.

**ڕووداو: ئێستا وا دەردەکەوێ کە مالیکی لە لووتکەی دەسەڵاتە و لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە بە دەستووریشەوە، ئەمە بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟**

**حاچم حەسەنی:** حەتەمەن نوری مالیکی بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەویش بەتەنیا بەرپرسیارێتی ناکەوێتە ئەستۆ، بەشێکی دیکەی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنەکانی دیکە. مالیکی ئەگەر بیەوێ یاسایەک لە پەرلەمان تێپەڕێنێ بەتەنیا ناتوانێ و ئێستا کەمتر لە 85 کورسی پەرلەمانی بەدەستەوەیە لە کاتێکدا هەر یاسایەک یەکەم پێویستی بە نیسابە کە 163 پەرلەمانتارەو دووەم پێویستی بە زۆرینەیەک هەیە کە دەنگ بۆ یاساکە بدەن، لەهەندێ حاڵەتدا پێویستت بەدەنگی زۆرینەی ڕەها هەیە، کەواتە بۆئەوەی هەندێ شت بکات پێویستی بەوانە هەیە کە شانبەشانی ئەو وەستاون و پشتیوانی لە مالیکی دەکەن. بۆیە قسەی ئێمە ئەوەیە کە بەڵێ هەندێ لایەنی دیکەش بەرپرسیارێتی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە دەبێ هەڵوێستێکی ڕوونیان هەبێ و بڵێن ئێمەش ئەمە قبووڵ ناکەین.

هەموو لایەک ئێستا چاوەڕوانی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن بەو هیوایەی کە نەخشەی سیاسی بگۆڕێ و ڕێگاکە هەندێ ڕۆشن ببێتەوە بۆئەوەی پێشڤەچوونێک ڕووبدات. بەڵام ئەگەر بڵێین مەسەلەکە هەمووی مالیکییە، بەڵێ مالیکی لەهەندێ مەسەلەی وەک سوپا و هێزە چەکدارەکاندا بە شێوەیەکی تاکڕەوانە ڕەفتار دەکات، بەڵام بنچینەکە لە سەرکردایەتیکردنی هێزە چەکدارەکانیشدا ئەوەیە کە دەبێ پێناسەیەکی ڕوون هەبێ بۆ ئەو پۆستە و بۆ دەسەڵاتەکانی. تاوەکو ئێستا دیار نییە چوارچێوە و سنووری دەسەڵاتەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان چییە و چۆنە؟ تاوەکو ئێستا وەزیری ناوخۆ و وەزیری بەرگری نییە، سەرۆکی جیهازی موخابەرات نییە، ڕێککەوتنێک لەوبارەیەوە تاوەکو ئێستا نەکراوە و هەموو ئەو پۆست و وەزارەتانە بە وەکالەت بەڕێوەدەبات.

**ڕووداو: چی مالیکی و ئەو لایەنانە کۆدەکاتەوە لە یەک مێڵدا؟ ئەوان بۆیە لەگەڵ ئەودان بۆئەوەی بەوشێوەیە ڕەفتار بکات یان ناچارن پشتگیری بکەن؟**

**حاچم حەسەنی:** ئەوان دەبێ بیسەلمێنن کە پێچەوانەی ئەو ڕەوتەن، قسەکردن بەتەنیا بەس نییە و ئەو لایەنانەی پشتگیری مالیکی دەکەن دەبێ مەبەستیان ئاشکرا بکەن، یان ئەوەتا لەگەڵ تاکڕەوی نەبن و بێنە پاڵ ئەو ڕیزەی کە دژی ئەو ڕەفتارانەیە، دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە کە ئامانجیان چییە لەوە.

**ڕووداو: لەیەکەمین ڕۆژی کۆڕبەندەکەی سلێمانیدا نێچیرڤان بارزانی گوتارێکی توندی خوێندەوە لەدژی بەغدا، میوانە عەرەبەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە وتارەکە توند بوو، بەڵام خەڵکی کوردستان بەردەوام گلەیی ئەوە لە سەرکردەکانی کورد دەکەن کە لە بەرامبەر بەغدا نەرمن؟**

**حاچم حەسەنی:** نەرمی نواندن لە یەکێک لە قۆناغەکاندا لەوانەیە پێویست بێت، ئەوە ڕێگای دیبلۆماسی و گفتوگۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام کاتێک هەستدەکەیت وڵات لە مەترسیدایە و گوتاری نەرم بەکەڵکی هیچ نایەت، دەبێ قسەی یەکلاکەرەوەت هەبێ و بە بەرامبەرەکەت بڵێی کە بژارەی دیکەشمان هەیە. ئێستا کورد دەڵێن بژارەی دیکەمان هەیە و ئێمەش هەروا دەڵێین، ئێستا تەنانەت ئەوانەشی کە ڕەخنەیان لە دەستوور هەبوو ئێستا قبووڵیانە سەرەڕای خەوش و کەموکوڕییەکانیشی. بەڵام تەنانەت ئەو دەستوورەش جێبەجێ ناکرێ. ئێستا سوننە بەپێی ئەو دەستوورە دەیانەوێ هەرێمی تایبەت بەخۆیان هەبێ، ئەمە مافی خۆیانە، بەڵام بینیمان چۆن داواکاری هەردوو پارێزگای سەلاحەدین و دیالە ڕەتکرانەوە.

**ڕووداو: ئەگەر تۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوویتایە هەمان ئەو گوتارە توندەی نێچیرڤان بارزانیت دەبوو؟**

**حاچم حەسەنی:** لەوانە بوو توندتریش قسە بکەم، چونکە تۆ کە بەرپرسیار بیت لە میللەتێک چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکات بەرگری لێبکەیت. کەواتە دەبێ بەرەوڕووی ئەو زوڵمە ببیتەوە. ئەمە مەسەلەی بەرپرسیارێتییە. ئێستا سەرکردە سوننەکانیش بەرگری لە سوننە دەکەن. ئێمەش ئەوە دەڵێین کە خەڵکی خۆمان ڕازی دەکات. ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە دژی شیعە بین، بەپێچەوانە ئێستا پێکهاتەی شیعیش کێشەی هەیە لەگەڵ سروشتی ئەم ڕژێمەی ئێستا لەسەر دەسەڵاتە.

**ڕووداو: دەمەوێ باسی ڕۆڵی دیالۆگ بکەم لە عێراقدا، لە 2003وە بەردەوام باسی زەرووڕەتی دیالۆگ دەکرێ، بەڵام دیالۆگ چی بەرهەمهێنا؟**

**حاچم حەسەنی:** دوو ڕێگامان لەبەردەمە، یان دەبێ دیالۆگ بکەین، یان دەبێ بەیەکدا بدەین. بەڕای من دیالۆگ ڕێگایەکی باشترە ئەگەر بگەینە ئەنجام، پێکدادان لە کۆتاییدا ئازاربەخشە بۆ هەموو خەڵکی وڵات. من هیوادارم بەرەو شەڕو ئاڵۆزی نەچین، بەڵام بێگومان دووریش نین لێیەوە. دەبێ ئاگامان لەوەش بێت کە بڕیاردان لە عێراق بڕیاردانێکی تەواو عێراقیانە نییە، دەوڵەتە ئیقلیمییەکان و وڵاتانی دەرەوە لە دۆسیەی عێراقدا کاران. بۆیە هەمیشە کاریگەری دەرەکی هەیە، ئەوەی لە سووریا و ئێران ڕوودەدات کاریگەری بەسەر عێراقەوە هەیە. ئەوەی کە من دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە نامانەوێ سیناریۆی سووریا لە عێراق دووبارە ببێتەوە. بەڵام ئەگەری هەیە سیناریۆی سووریا لە عێراقیش دووبارە ببێتەوە.

کەواتە ئەوەی لەپێش ئێمەیە یەکەم هەڵبژاردنە کە بارودۆخەکە بگۆڕێ. ئەگەری دووەم ئەوەیە کە بەرەو ئاراستەکەی دیکە بڕۆین، مەبەستم دروستکردنی هەرێمەکانە بۆئەوەی دەسەڵات دابەش بکرێ لەسەر هەرێمەکان و هەمووی لەدەستی کەسێک یان حیزبێک و تایفەیەک کۆنەبێتەوە.

> بژارەی زۆر دراماتیکی چاوەڕێمان دەکات و ڕەنگە عێراق بەرەو هەڵوەشانەوەو دابەشبوون بڕوات

> ئەگەر فیدراڵی وەکو مافێک نەچەسپێ ڕەنگە کورد داوای کۆنفیدراڵی بکەن

> ڕێگا نادەین جارێکی دیکە عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی مەرکەزی و دیکتاتۆری

ئەگەر ئەمانەش نەبوون ئەوا بژارەی زۆر دراماتیکی چاوەڕێمان دەکات کە ئەویش ئەوەیە عێراق بەرەو هەڵوەشانەوەو دابەشبوون بڕوات بۆ کوردستان و سوننەستان و شیعستان. دیارە ئێمە تەمەنای ئەمە ناکەین، بەڵام دواجار ئازادی بەمانای کەرامەت دێت، کاتێک کەرامەتی گەلێک بخرێتە بن پێ بێگومان خەڵکێک ئەوە قبووڵ ناکەن و مەسەلەکە بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار کۆتایی دێت و هەر لایەک دەڕوات قەوارەی تایبەت بەخۆی دادەمەزرێنێ.

**ڕووداو: زۆر کەس دەڵێن ئەو حکومەتەی لەبەغدا هەیە تەنیا لەناو تەلەفزیۆندا هەیە، واتە بەکردەوە حکومەتێکی ڕاستەقینەی خاوەن دەسەڵات نەماوە؟**

**حاچم حەسەنی:** ئەم حکومەتە دەبووایە تەوافوقی بێت و لە بڕیارەکانیدا شەراکەت هەبێ. کاتێک کە ئەمە نەما دەبێتە حکومەتی تەنیا یەک لایەن و تاکڕەوانە بڕیاری تێدا دەدرێ. جا هەر ناوێکی لێ دەنێی، ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە کێماسیەکی ڕوون و ئاشکرای تێدایە. با نموونەیەکت بدەمێ، کاتی خۆی کوردستان داوای مافە کەلتوورییەکانی دەکرد، کاتێک ئەوەی دەستنەکەوت داواکەی بەرزکردەوە بۆ فیدراڵی. ئێستاش ئەگەر فیدراڵی وەکو مافێک نەچەسپێ داوای کۆنفیدراڵی دەکات و ئەگەر ئەوەشیان نەسەلماند ئیدی ڕێی جیابوونەوەو سەربەخۆیی دەگرێ. ئەمە بۆ پێکهاتەکانی دیکەش هەر ڕاستە، پێکهاتەیەک کە هەستدەکات زوڵمی لێکراوە، هەمان ئەو ڕێگەیە دەگرێ، چونکە خەڵک بێدەنگ دانانیشن. ئەم داواکاریانەی پارێزگا سوننیەکان سەلاحەدین و دیالە و مووسڵ بۆئەوەی ببنە هەرێم تەنیا پێشەکییەکە، بۆیە عاقڵمەندان دەبێ بزانن کە هێشتا فرسەتێک ماوە، جا یان ئەوەتا پرۆسەی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی دروستی خۆی، یان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەڕۆین کە بۆ هەموومان جێی مەترسییە.

**ڕووداو: کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا گەیشتە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، تۆ ئەوە بە گەمارۆیەکی ئابووری دەزانی؟**

**حاچم حەسەنی:** ئێستا گەمارۆ تەنیا لەسەر کوردستان نییە، گەمارۆ لەسەر پارێزگا سوننیەکانیش هەیە و تەنانەت هەندێ پارێزگای شیعیش. کاتێک بیرکردنەوە بیرکردنەوەیەکی تاکڕەوانە بێ، کەواتە خەڵک هەموو لەژێر گەمارۆدان. بۆیە ئێستا لەنێو ئیئتیلافی شیعەش هەڵگەڕانەوەو ناڕەزایی دەبینین لەدژی ئەو تاکڕەوییە. بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتە ڕێک بەو مانایەیە کە دەتەوێ وڵاتەکە بەرەو کارەسات ببەی.

**ڕووداو: ئەگەر لەو دۆخەدا ببیتەوە بە سەرۆکی پەرلەمان چی دەکەیت؟**

**حاچم حەسەنی:** ئەم کێشانە بە گۆڕینی کەسەکان چارەسەر ناکرێن، ئێمە پێویستمان بە بنیاتنانی دامەزراوەکانە. چونکە هیچ کەسێک سوپەرمان نییە کە بەتەنیا خۆی شتەکان ئا بەم شێوەیە بگۆڕێ. هەرکەس دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان گرنگ ئەوەیە بڕوای بە دەستوور هەبێ و جێبەجێی بکات.

**ڕووداو: ئێستا هەر کە باسی فیدراڵی دەکرێ مالیکی دەڵێ عێراق بەرەو دابەشبوون دەڕوات، بەڵام هەستناکەی دابەشبوونەکە دەبینرێ؟**

**حاچم حەسەنی :** فیدراڵی هەرگیز بەمانای دابەشبوون نایەت، بۆچی لە سەرەتاوە بە عێراقی فیدراڵی ڕازی بوون کە ئێستا وای دەبینن عێراق دابەش دەکات؟ ئەوان لایەنی سەرەکی بوون کە داوای ئەوەیان دەکرد. ئەم مەسەلەی یەکێتی خاکی وڵاتە تەنیا دروشمە. یەکێتی وڵات بەوە دەپارێزرێ کە هەرکەس هەست بە ئازادی بکات و دەوڵەتی دامەزراوە بنیات بنێی و گەندەڵی لەناوببەی، هیچ یەکێتییەک بە زەبری هێز ناپارێزرێ. ئێمە نەهاتین گۆڕانکاری بکەین بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخەی ئێستا ببینەوە.

ڕووداو هونەری
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10

## فۆتۆگرافەرێکی (ڕووداو) دووەم بوو



**ڕووداو – هەولێر**

سیروان عەزیز، فۆتۆگرافەری (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لەسەر ئاستی عێراق پلەی دووەمی هێنا و خەڵاتی زیوینی بۆ وێنەی "بیرکردنەوە بۆ ئاینده" وەرگرت. سیروان عەزیز بە 30 وێنە بەشداری لەو پێشانگەیەدا کردبوو کە ڕۆژی 2014/3/8 لە بەغدای پایتەختی عێراق کرایەوە، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان. سیروان عەزیز بە (ڕووداو)ی گوت "وێنەکانی من لە بەغدا و بەسرا و شارەکانی دیکەی عێراق گیرابوون، 29 فۆتۆگرافەر بەشداربیوون و 250 فۆتۆ نمایش کران، کە وێنەکانی من پلەی دووەمیان بەدەستهێنا".

# "هەوێی کوردی" بەدڵی ئیسپانییەکانە




**زنار ئالا**

**ڕووداو – مەدرید**

فیلمی "کوما"ی دەرهێنەری کورد ئومێد داغ کە لەم ڕۆژانەدا لە سینەماکانی ئیسپانیا نمایش دەکرێت، بووەتە جێی سەرنجی میدیاکانی ئەو وڵاتە و بە بایەخەوە لەبارەی دەنووسن.

فیلمەکە لە ئیسپانیا بەناوی "ژیانی دووەم" نمایش دەکرێت و لەلایەن میدیای ئیسپانییەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. دەیان نووسینیان دەربارەی فیلمەکە بڵاوکردووەتەوە کە کارەکەی ئەو دەرهێنەرە کوردە بە "ئەرێنی" هەڵدەسەنگێنن.

ئومێد داغ لە ڤیەننا لەدایکبووە، لە فیلمەکەیدا کە 93 خولەکە، چیرۆکی پێکەوەژیانی هەوێ پیشان دەدات. فاتیمە بەمەبەستی داخوازیی عائیشە بۆ حوسێنی کوڕی ڕوو دەکاتە گوندێکی کوردی لە ئەناتۆلیا، بەڵام فاتیمە کچە جوانەکە بۆ مستەفای مێردی دەخوازێت، چونکە خۆی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە و دەیەوێت بەرلەوەی بمرێت، ژنێک بۆ مێردەکەی بهێنێت، بۆ ئەوەی ببێتە کۆڵەگەیەک بۆ ڕاگرتنی خێزانەکە.

فیلمەکە بە هەڵپەڕکێ دەستپێدەکات، ئومێد داغ بەکامێراکەی تیشک دەخاتە سەر وردەکارییەکانی ژیانی ئەو کچە جوانە لەگەڵ فاتیمە و خێزانەکەی لە پایتەختی نەمسا.

دیاردەی فرەژنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هێنانی ژنی دووەم بۆ پیاو بەڕەوا دەبینرێت، ئەگەر ژنی یەکەم منداڵی نەبێت، یان تووشی نەخۆشی هاتبێت.

دەربارەی زیندوویی ئەم دیاردەیە لە باکووری کوردستان و تورکیا، دەرهێنەرە کوردەکە بە ڕادیۆی ئیسپانیای گوت: "سەرەڕای ئەوەی کە فرەژنی لە تورکیا قەدەغەیە، بەڵام بەپێی ئامارەکان لە ساڵی 2011دا 186 هەزار حاڵەتی ژنهێنانی دووەم لەو وڵاتەدا هەبووە، بە بڕوای من ژمارەکە زۆر لەوەش زیاترە".

فیلمەکە بەهەردوو زمانی تورکی و ئەڵمانییە، ئومێد لە بارەی پەیداکردنی ئەکتەرەکان گوتی کە ئەو لە شارەکانی کوێڵن، بەرلین، ئیستەنبوڵ و ڤیەننا بەدوای ئەکتەرەکاندا گەڕاوە. ئەو حەزی دەکرد کە ئەکتەری کورد بۆ فیلمەکەی پەیدا بکات، بەڵام دەڵێت هەر لەسەرەتاوە درکی بەوە کردبوو لەمەدا چانسی




کەمە "سەرەڕای ئەوەی کە زمانی دایکی من کوردییە، بەڵام بڕیارمدا بەزمانی تورکی فیلمەکە دروستبکەم، چونکە پەیداکردنی ئەکتەری گونجاو کە بە زمانی کوردی قسە بکەن زۆر ئەستەم دەبوو".

جیا لەو فیلمە، ئومێد لە 2011دا کورتە فیلمێکی بەناوی "بابا" دروستکردووە، لەم دواییانەش فیلمێکی دیکەی بەناوی "Cracks in Concrete" دروستکردووە کە تا ئێستا بەشداری 64 فیستیڤاڵی فیلمی نێونەتەوەیی کردووە.

ئومێد دەیەوێت لە ڕێی سینەماوە چی بڵێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت "هیچ شتێک، من فیلمەکانم بۆ ئاراستەکردنی هیچ پەیامێک دروست ناکەم، تەنیا بۆ باسکردنی چیرۆکە، بۆ گەیشتنی هەست و دڵی ئەو کەسانەی چیرۆکەکە دەبینن. ئەرکی من نییە بە خەڵک بڵێم ئەمە باشە یان خراپە".

فیلمی "کوما" تا ئێستا بەشداری 60 فێستیڤاڵی کردووە و لە 50 وڵات نمایشکراوە. لە فێستیڤاڵی سینەمایی ئەورووپادا "خەڵاتی جەماوەر"ی وەرگرتبوو، هەروەها لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی سالەرنۆ "خەڵاتی تایبەتی" وەرگرتووە.

## گۆرانیبێژی گەنج نەوید زەردی:
# ناچارم واز لە گۆرانیگوتن بهێنم



**ئاڤا هۆما**

**ڕووداو – تۆرنتۆ**

نەوید زەردی دەیان هەزار هەواداری هەیە، بەڵام ئەو گۆرانیبێژە نیگەرانە لەوەی کە ناچارە واز لە خۆشەویستی بۆ موزیک بهێنێ.

زەردی بۆ فێستیڤاڵی نەورۆزی ئەمساڵ لە 22ی ئادار لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ گۆرانیبێژی ناوداری کورد ناسر ڕەزازی کۆنسێرتێک پێشکەش دەکات، ڕەنگە ئەوەش دواجار بێت بۆ ئەو لەسەر تەختی شانۆ گۆرانی بڵێت.

زەردی، کە دانیشتووی شاری دوسیلدۆرفی ئەڵمانیایە و بە کوردی گۆرانی دەڵێ، پێویستە کار بکات بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانی، چونکە گۆرانیگوتن وەک پیشە بژێویی دابین ناکات، بۆیە دەبێت بڕیار بدات لە نێوان حەز و ئارەزووی بۆ موزیک یان ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەکانی ژیان.

ئەو گۆرانیبێژە دەڵێ زۆر خۆشحاڵە بەوەی لە هەموو شوێنێک هەواداری هەیە "هەندێک لە هەوادارانم ئیمەیڵم لە لادێی بچووکی واوە بۆ دەنێرن هەر ناویم نەبیستووە". ئەو بە (ڕووداو)ی گوت کە جێی سەرسوڕمان و خۆشحاڵییە ئەو ژمارە زۆرە ئیمەیڵەی پێدەگات، بەڵام دەڵێ ئەوە بەس نییە بۆ بەردەوامبوونی.

زەردی بە چەندین ستایلی جیاواز گۆرانی دەڵێ وەک هیپۆپ و ڕاپ. گۆرانییەکانی بابەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆمانسی لەخۆدەگرن کە دەربڕینی بەهێزی هەست و سۆز و تێڕوانینی بۆ ژیان تێدایە لەگەڵ سۆز و هاوخەمی بۆ ئەوانەی لە ژیان بێزارن.

زەردی یەکەمین گۆرانیبێژی کورد بوو کە دەمودەست گۆرانییەکی ناڕەزایی بڵاوکردەوە کاتێک فەرزاد کەمانگەری مامۆستا و شاعیر و چالاکوانی مافی مرۆڤ بەتۆمەتی "دژایەتیکردنی خودا" لە مانگی مایسی 2010 لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە لەسێدارە درا.

هەروەها کوژرانی قوتابییەکی زانکۆ لەکاتی خۆپیشاندانەکانی 2011ی تاران زەردی هونەرمەندی بەتواناو بەهرەمەندی وروژاند بەو بۆنەیەوە گۆرانییەکی بڵاوکردەوە، کە هاوخەمی خۆی بۆ دایکی قوتابییەکە دەردەبڕێ.

هەرچەندە زەردی لەکاتی گونجاودا وەڵامی هەیە بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەر وەک ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەو هونەرمەندێک نییە کە تەنیا خۆی وابەستە بکات بە گۆرانیگوتن بۆ بۆنەیەک.

لەکاتی نووسینی گۆرانیدا، زەردی دوای ئەجێندایەکی تایبەت ناکەوێ "ڕێگەدەدەم ئەوساتە هەست و سۆزم چوارچێوەو نووسینی وشەکانی گۆرانییەکە دابڕێژن".

وەک کوڕی چالاکوانێکی سیاسی، زەردی لەساڵی 2010 شاری مەهابادی بەرەو ئەڵمانیا جێهێشت. ئەوکاتە بۆی دەرکەوت کە ڕەگ و ڕیشەی کوردبوونی لە تاراوگە زۆر گرنگتر بووە بۆ ئەو، وەک ئەوکاتەی لە وڵات بووە.

زەردی چەند ساڵێکە خەریکی نووسین و گوتنی گۆرانییە، بەڵام ئێستا زیاتر لەبارەی کوردەوە دەنووسێ وەک لەو کاتەی کە لە ئێران بوو.

ئەمە مانای ئەوەنییە کە ئەو گۆرانیبێژە حەزی لە ئەورووپا نییە. هەڵبژاردنی غوربەت بە خواستی خۆی سەرەڕای تاڵییەکانی، بۆ ئەو باشترە لە چەوساندنەوە لە ئێران.

زەردی لە کۆتاییدا گوتی "نامەوێ واز لە گۆرانی بهێنم، بەڵام ئەگەر ناچاربووم حەزدەکەم هەوادارانم بزانن بۆچی ئەو بڕیارەم داوە".








# کەرکووک نەگەیشتە هۆلیوود

## جانۆ ڕۆژبەیانی: بۆ فیلمی چاپلنی چیاکان خانوو و ستۆدیۆکەی خۆم فرۆشت

**ئەرگولەن تۆپراک**

**ڕووداو – نیویۆرک**

سینەماکاری کورد جانۆ ڕۆژبەیانی ڕایدەگەیێنێ کە بەنیاز بووە فیلمێک لەسەر کەرکووک دروستبکات، ئەو بیرۆکەیەشی لە هۆلیوود باسکردووە، تەنانەت سپۆنسەرێکی بۆ پەیدا کردووە، بەڵام پارەکە بەشی دروستکردنی فیلمەکەی نەکردووە و پارەی دیکەشی دەستنەکەوتووە، بۆیە ئەو سپۆنسەرەشی لەدەستچووە.

جانۆ ڕۆژبەیانی، دەرهێنەری کورد لە لۆس ئەنجلس دەژی کە دڵی سینەمای دونیا لەوێ لێدەدات. لە نیویۆرک 3 فیلمی ڕۆژبەیانی نمایشکران. ڕۆژنامەی (The New York Times) لەبارەی نمایشکردنی فیلمەکان، ئاماژەی بە فیلمی (The Chaplin of Mountains)ی ئەو دەرهێنەرە کوردە دا. ڕۆژبەیانی کە باسی پڕۆژە فیلمەکانی کرد، باسی ئەوە دەکات کە لە هۆلیوود فیلم دروستکەری دۆزیوەتەوە، بەڵام پێویستی بە هاوبەشێک هەیە. بۆیە بانگ لە کارسازی کورد دەکات.

فیلمەکەی ڕۆژبەیانی "ژیان" کە باسی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە دەکات، لە یانەی کاری قوتابیانی کوردی زانکۆی کۆڵۆمبیا نمایشکرا. فیلمی (The Chaplin of Mountains)، واتە "چاپلنی چیاکان" کە ساڵی 2010 دروستی کردبوو، فیلمی "یەک مۆمێک، دوو مۆمێک" کە ساڵی 2013 دروستی کردبوو بۆ ماوەی یەک هەفتە نمایشکران.

دوای نمایشکردنی فیلمەکان، ڕۆژبەیانی وەڵامی پرسیاری بینەرانی دایەوە. ئەو دەرهێنەرە کوردە کە بەهۆی گوشارەکانی سەدام هەڵاتووە بۆ ئەمریکا، بۆ (ڕووداو) باسی ئەو سەردەمەی کرد.

جانۆ ڕۆژبەیانی لە ساڵی 1976 کە تەمەنی 16 ساڵان بووە ڕووی کردووەتە ئەمریکا، دوای ئەوەی لە ساڵی 1974 سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد و لە ساڵی 1975 لەگەڵ خێزانەکەی وەکو پەنابەرێک ڕوویان لە ئێران کرد، دواتر خێزانەکەی گەڕانەوە زاخۆ، بەڵام ئەو بڕیاری دا بچێتە ئەمریکا.

جانۆ گێڕایەوە "لەساڵی 1975 تاوەکو 1991 خێزانەکەم ئاگایان لە من نەبوو، نەیاندەزانی ماوم یان مردووم، منیش نەمدەزانی ئەوان لە کوێن. نەمدەتوانی سۆراغی ئەوان بکەم، ژیانیان دەکەوتە مەترسییەوە، چونکە ئەگەر سەدام بیزانیایە منداڵێکیان لە ئەمریکایە، ژیانیان دەکەوتە مەترسییەکی گەورەوە. ساڵی 1991 بە خێزانەکەم شادبوومەوە. ئەوان زۆر دڵخۆش بوون و شاییەکی گەورەیان سازکرد."

### کەرکووک نەگەیشتە هۆلیوود

ئەو دەرهێنەرە کوردە دوای هاتنی بۆ ئەمریکا، دەست بەکاری سینەمایی دەکات و تاوەکو ئێستا 4 فیلمی دروستکردووە، فیلمێکی ئەمریکی و سێی کوردی. ڕۆژبەیانی ئەوکاتەی لە هەولێر بوو واتە ساڵی 2001، فیلمی "ژیان"ی بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکرد. هەروەها ساڵی 2010 فیلمی چاپلنی چیاکانی لەسەر ئەرکی خۆی دروستکرد. ڕۆژبەیانی کە دوافیلمی بە پشتیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان دروستدەکات دەڵێ "هەرچەندە دەمتوانی زۆر کاری دیکەی گرنگ بکەم، بەڵام بەداخەوە دەرفەتمان بۆ نەڕەخسا. بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ کالیفۆرنیا. خانوو و ستودیۆی خۆم لە هەولێر فرۆشتن و فیلمی چاپلنی چیاکانم دروستکرد. وەزارەتی ڕۆشنبیریش کە زانییان دڵم شکاوە، بڕە پارەیەکیان دامێ و بەو هۆیەوە فیلمی "یەک مۆمێک، دوو مۆمێک"م دروستکرد. توانیم بە بڕە پارەیەکی کەم ئەو فیلمە دروستبکەم."

ئەو دەرهێنەرە کوردە ئاماژەی بەوەدا کە فیلمی "ژیان" لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە. بەهۆی ئەم فیلمەوە توانیویانە بەشداری زیاتر لە 100 فێستیڤاڵ بکەن و لە چواریدا خەڵات وەربگرن. ڕۆژبەیانی دەڵێ دەرهێنەری کورد ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت دەتوانێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسرێت.

جانۆ ڕۆژبەیانی ئاماژە بەوەش دەدات کە بەنیاز بووە فیلمی داهاتووی لەسەر کەرکووک بێت و دەڵێ "لە هۆلیوود باسی فیلمەکەم کرد و سپۆنسەریشم دۆزیوەتەوە کە نیو ملیۆن دۆلار دەدات، بەڵام چونکە نەمتوانی بەشی دیکەش پەیدا بکەم، ئەویش ڕۆیشت. دیارە زۆر دەوڵەمەندی کورد هەن. بۆیە هیوادارم لە داهاتوودا کارسازی کورد پارە لە بواری سینەمادا خەرج بکەن."

### ئەستێلیێ باژۆ: کەسایەتی خۆم لە"نازێ"دا دۆزییەوە

نمایشکردنی فیلمی چاپلنی چیاکان لە نیویۆرک وایکرد کە ڕۆژنامەی " The New York Times "یش بوارێکی فراوان بداتە ئەو فیلمە. ئەستێلیێ باژۆ، ئەکتەری فەرەنسی- ئەمریکی بەشداری لەو فیلمەدا کردووە. باژۆ کە بەشداری زۆر فیلمی ئەمریکی کردووە، لە کاتی وێنەگرتنی فیلمەکەدا باسی تێبینییەکانی دەکات لەسەر کوردستان و دەڵێ ئەو بەهۆی ئەو فیلمەوە کوردی ناسی، لەکاتی دروستکردنی فیلمەکەدا زۆر شت لەسەر کورد دەخوێنێتەوە و فێری کوردی دەبێت. هەروەها دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە لە نزیکەوە لەگەڵ کەلتوور و مرۆڤی کورد ئاشنابێت. ئەستێلیێ باژۆ هەروەها دەڵێ ئەو بەهۆی نواندنی ڕۆڵی 'نازێ' ئەو لایەنە شاراوەی کەسایەتی خۆی دۆزیوەتەوە کە هەمیشە بەدوایدا گەڕاوە. باژۆ دەڵێ "40 ملیۆن کورد هەن و دەوڵەتیان نییە. ئەوە بەلای منەوە زۆر سەیرە".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10

## ئوستراليا رەگەزنامە ناداتە پەنابەرانی عێراق



**رووداو- هەولێر**

لندل ساکس، باڵیۆزی ئوستراليا لە بەغدا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە لە پارێزگای زیقار ئەنجامی دا، رایگەیاند، ئەو پەنابەرە نایاساییانەی، کە زۆربەیان لە رێگەی دەریاوە دەگەنە ئوستراليا، تەمەنیان بچوکە و حکومەتی وڵاتەکەی رەگەزنامەیان ناداتێ. ناوبراو راشیگەیاند، لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە هەزار پەنابەری عێراقی هاتوونەتە ئوستراليا "قاچاخچییەکان لە بەرامبەر هەر کەسێک 20 هەزار دۆلاریان وەرگرتووە و بەوە چەواشەیان کردوون، کە رەگەزنامەی ئوسترالیان بۆ وەردەگرن، بەڵام رەگەزنامە نادەینە ئەو پەنابەرانە".

# پەیکەری پاشایەکی کورد لە مەکسیکۆ دادەنرێت

**ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ**
**رووداو- مەکسیکۆ**

مەکسیک و کورستان لەڕووی جیۆگرافییەوە دەیان هەزار میل لە یەکدی دوورن، بەڵام خۆشەویستی پاشایەکی کوردی سەدەی 17 بۆ ئەمریکای لاتین درێژەی هەیە. ئێستا یەکێک لە نەوەکانی ئەو پاشایە لە مەکسیک سیاسەتمەدارە و پەیوەندییەکانی مەکسیک و هەولێر برەو پێدەدات.

رۆژی شەممەی رابردوو، نەوەکەی محەممەد پاشای جاف لە شاری مەکسیکۆی پایتەخت، پەردەی لەسەر پەیکەرێکی ئەو پاشا کوردە هەڵدایەوە.

هانا جاف، جێگری سکرتێری کاروباری پەنابەران لە پارتی دەسەڵاتداری مەکسیک Institutional Revolutionary Party، بە (رووداو)ی راگەیاند کە محەممەد پاشای جاف حەزی لە مەکسیک و ئەمریکا بوو. ئەو کاتی خۆی لێکۆڵەرێکی ئینگلیزی بۆ ئەمریکا ناردووە و دواتر نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا بەردەوام بووە. هەموو کات حەزی بەم بەشەی جیهان کردووە". هانا جاف نوێنەری فەخری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە مەکسیکۆ.



پەیکەری پاشا لە سەنتەری کەلتووریی تیاپلان کە دەکەوێتە 27 کیلۆمەتر دووری شاری مەکسیکۆسیتی پایتەختەوە، پەردەی لەسەر هەڵدرایەوە. لە پاڵ هەڵدانەوەی پەردە لەسەر پەیکەری پاشا، نمایشی خواردن و جلوبەرگ و هونەر و میوزیکی کوردیش کرا.

محەممەد پاشای جاف کە لە ساڵی 1714 لەدایکبووە، سەرۆکی هۆزی جاف بووە لە ناوچەی کەلار و گەرمیان. هەروەها جێدەستی خۆی لەسەر کەلتووری کوردی بەجێهێشتووە. ساڵی 1734 قەڵای شێروانەی لە شاری کەلار دروستکردووە و ئێستا ئەو قەڵایە بنکەی مۆزەخانەی گەرمیانە.

رێزلێنانی محەممەد پاشا لەکاتێکدا بەڕێوەچوو کە شاندێکی هەرێمی کوردستان بەسەردان لە مەکسیکۆن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی و کەلتووری لەنێوان هەردوو وڵات.

شاندەکەی کوردستان پێکهاتبوون لە کاروان زێباری، محەممەد تاهیر زێباری و دارا بەرواری، هەموویان بەڕێوەبەری ئۆفیسی حکومەتی هەرێمی کوردستانن لە واشنتن. شاندەکەی کوردستان لەگەڵ وەزیری گەشتوگوزار، وەزیری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، وەزیری وزە و وەزیری دەرەوە و چەندین بەرپرسی دیکە کۆبوونەوە.

سەردانەکە لەلایەن هانا جافی تەمەن 27 ساڵانەوە رێکخرابوو. هانا لە دایکێکی مەکسیکی و باوکێکی کورد لە ئەمریکا لەدایک بووە و لە زانکۆکانی هارڤەرد و کۆڵۆمبیا خوێندنی تەواو کردووە، ئەو دوو زانکۆیەش دوو لە باشترین زانکۆکانی ئەمریکان.

هانا جاف دەڵێت "ئەمە هەلێکی باشە بۆ ئەوەی کوردستان وەکو خاکی ئازادی و سەروەت و سامان و خەڵکی ئاشتیخواز پێشان بدەین. ئەوە پێشان بدەین کە خەڵکی کوردستان دەیانەوێت ئاگایی دەربارەی چەکی کیمیاوی زیاد بکەن بۆ ئەوەی رێگە لە دووبارە روودانەوەی رووداوی دڵتەزێنی لەو جۆرە بگیرێت."

هانا جاف هەروەها سەرۆکی دامەزراوەی جافە بۆ خوێندن. هانا دەسەڵاتدارانی مەکسیکی رازی کردووە کە شوێنێک بۆ بەرزراگرتنی یادی هێرشە کیمیاوییەکەی سەدام حوسێن بۆ سەر شاری هەڵەبجە تەرخان بکرێت لە مۆزەخانەی یاد و لێخۆشبوون لە شاری مەکسیکۆی پایتەخت. ئەو مۆزەخانەیە بۆ جینۆسایدی نەتەوەکانی جیهان تەرخان کراوە.

لە ئیمەیڵێکدا بۆ (رووداو)، هانا جاف رایگەیاند کە "رەزامەندیمان وەرگرتووە کارەساتی هەڵەبجەش لە مۆزەخانەکەدا پێشان بدەین و لەوانەیە بەشێوەیەکی هەتا هەتایی لە مۆزەخانەکەدا بمێنێتەوە".

شاندەکەی کوردستان هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەرانی رێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان کۆبوونەوە و رەزامەندییان وەرگرت کە شاجوانی کوردستانیش بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهاندا بکات. ئەوان هەروەها باسیان لە ئەگەری بەڕێوەبردنی پێشبڕکێی شاجوانی جیهان لە کوردستان کرد بۆ ئەمساڵ.

لە وتەیەکیدا بۆ میدیاکانی مەکسیک، هانا جاف گوتی "بنەماڵەکەی من بەشێک بوون لە مێژووی کوردستان و شەڕیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و خەڵکەکەی کردووە. هەوڵیان داوە هاوکاری خەڵکی کوردستان بکەن تا بەرەوپێش بچن."

# گەشتی نێودەوڵەتی 26 پەنابەری کورد لە مەدرید کۆتایی هات

**زنار ئالا**
**رووداو- مەدرید**

دوای گەشتێکی چەند هەزار کیلۆمەتری، چەند رۆژێک لەمەوبەر 26 پەنابەری کوردی رۆژئاوای کوردستان کە چواریان منداڵ بوون، گەیشتنە فڕۆکەخانەی باراژاسی شاری مەدرید. دوای گەشتێک بەنێو سێ وڵاتی کیشوەری ئاسیادا، ئەو پەنابەرانە روویانکردە ئەمریکای باشوور و لەوێشەوە روویانکردە ئەوروپا.

دوو رۆژنامەنووسی ئیسپانی کە یەکێکیان بە رەچەڵەک عەرەب بوو، توانییان بەهۆی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بەو پەنابەرە کوردانەوە بکەن لە هۆڵی دەستبەسەرکردنیان لە فڕۆکەخانە و چیرۆکەکەیان بەرێگەی ماڵپەڕی "Rojnamageriya Mirovî" بگەیەننە رای گشتی.

### 120 هەزار یۆرۆیان داوەتە قاچاخچی

زۆربەی ئەو پەنابەرانەی لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا گەیشتوونەتە فڕۆکەخانەی باراژاس، خەڵکی هەرێمی جزیرەی رۆژئاوای کوردستانن. ژمارەیەکی زۆریشیان کوردی ئێزدی بوون. پەنابەرانی ئەمجارەش هەر خەڵکی ناوچەی جزیرە بوون. ئەوان بە ئامانجی گەیشتن بە خزمەکانیان لە ئەڵمانیا، گەشتێکی و دوور و زەحمەتیان کرد تاوەکو گەیشتنە کیشوەری ئەوروپا. دوای گەیشتنیان بۆ باکووری کوردستان، لەگەڵ قاچاخچییەکان رێککەوتن کە بیانگەیێننە ئەڵمانیا "5 هەزار یورۆ بۆ کەسی گەورە و 2.500 یورۆش بۆ منداڵ".

ئەو پەنابەرانە بەهۆی پاسپۆرتی ساختەوە لە تورکیاوە دەچنە دوبەی، لەوێشەوە بە فڕۆکە دەچنە بەرازیل. دوای چەند رۆژ مانەوە لە شوقەیەکدا لەگەڵ چەند پەنابەرێکی دیکەی سووری، دووبارە سواری فڕۆکە دەبن بەرەو وڵاتی پیرۆ. لە کۆتاییدا فڕۆکەکەیان لە پایتەختی ئیسپانیا دەنیشێتەوە، بەڵام لەوێ لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر دەکرێن. ئەوان لەگەڵ چەند پەنابەرێکی سەر بە نەتەوەی جیاواز لە شوێنێکدا دەمێننەوە کە رووبەرەکەی 25 مەتر چوارگۆشەیە. لەوێ چاوەڕێی وەڵام دەکەن بۆ داواکردنی مافی پەنابەرێتی. ئەو وەڵامە لە دۆخی ئاساییدا سێ رۆژ دەخایەنێت.

### "سەلەفییەکان بەکافرمان دەزانن"

دوای گفتوگۆیەک بەهۆی تەلەفۆنەوە، ئەو پەنابەرە کوردانە هۆکاری کۆچکردنیان بۆ رۆژنامەنووسانی ئیسپانی باس دەکەن. ئەو پەنابەرانەی کە قسەیان کرد گوتیان ئەوان لەبەر شەڕی نێوان رژێم و ئیسلامییە توندڕەوەکان لە هەرێمەکەیان، هەروەها لەبەر نەبوونی پێداویستی ژیان وەکو کارەبا و ئاو وڵاتیان جێهێشتووە.

هەروەها گوتیان "کوشتن و دەستدرێژی هەبوو، ژن و منداڵ دەڕفێنران، هەموو شارەکان تێکدراون، دێنە نێو ماڵەکان، هەموو شتێک و هەموو کەسێک لەگەڵ خۆیان دەبەن. سەلەفییەکان بە کافرمان دەزانن" ژنێکی پەنابەر بەم شێوەیە باسی دۆخی وڵاتەکەی دەکات.


### "نازانم چۆن گەیشتینە ئیسپانیا"

ژمارەیەکی زۆری پەنابەری کورد کە بەهۆی ڤیزای ترانزێت گەشت دەکەن و لە کۆتاییدا دەگەنە فڕۆکەخانەکانی ئیسپانیا، بەهۆی پاسپۆرتی ساختەوە دەستبەسەر دەکرێن. بەڵام هەندێکیشیان بەختەوەرن و پۆلیس ناتوانێ پاسپۆرتی ساختەیان ئاشکرا بکات. بەمشێوەیەش بەئاسانی سواری فڕۆکەیەک دەبن بەرەو ئەو وڵاتەی کە مەبەستیانە داوای مافی پەنابەرێتی لێبکەن، بەتایبەتیش ئەڵمانیا و وڵاتانی ئیسکەندەناڤیا.

"بۆچی گەشتەکەتان لە ئیسپانیا کۆتایی هات؟" پەنابەرێک دەڵێ "نازانم چۆن گەیشتینە ئێرە، لە پاسێک دەهاتینە خوار و سواری پاسێکی دیکە دەبووین. لە فڕۆکەیەک بۆ فڕۆکەیەکی دیکە. تاوەکو لە کۆتاییدا خۆمان لێرە بینییەوە".

### پەیمانی دبڵن و گواستنەوەی پەنابەران

زۆربەی ئەو پەنابەرانەی لە ئیسپانیا داوای مافی پەنابەری دەکەن، چاوەڕێی وەڵامی نووسینگەی پەنابەری ناکەن، بەڵکو راستەوخۆ روودەکەنە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و بەتایبەتیش ئەڵمانیا. یان خزمەکانیان دێنە ئیسپانیا و بەئۆتۆمبێلەکانیان دەیانبەن، یانیش بۆ خۆیان سواری شەمەندەفەر دەبن کە لەنێو شەمەندەفەرەکاندا زۆر کەم داوای ناسنامە لە خەڵک دەکرێت.




بەپێی پەیمانی "Dublin 2" ئەو کەسانەی پێشتر داوای مافی پەنابەرییان لە وڵاتێکی ئەوروپی کردووە، ناتوانن داوای مافی پەنابەری لە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا بکەن و دەگەڕێنرێنەوە ئەو وڵاتەی کە یەکەمجار داوای مافی پەنابەری لێکردووە.

زۆر پەنابەری کورد کە داوای مافی پەنابەرییان لە ئیسپانیا کردووە، چانسی خۆیان تاقیدەکەنەوە و دەچنە وڵاتێکی دیکە و داوای مافی پەنابەری دەکەن. ژمارەیەکی زۆریان دووبارە دەگەڕێنرێنەوە، هەندێکیش ناگەڕێنەوە و پەنجەمۆریان لە وڵاتی دیکە ئاشکرا نابێت. بەمشێوەیەش داواکردنی مافی پەنابەری لەلایەن ئەوانەوە پەسەند دەکرێت.

بەڵام بۆ داواکردنی مافی پەنابەری لە وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوروپا (هەروەها ئایسلاند، سویسرا، نۆرویژ لیختنشتاین کە پەیمانی دەبڵنیان ئیمزا کردووە)، رێگەیەکی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر خزمی ئەو پەنابەرانە لەو وڵاتانە هەبن کە پەیمانی دەبڵنیان ئیمزا کردووە و مافی پەنابەرییان هەبێت یان داواکردبێت، ئەوکاتە ئەگەری ئەوە هەیە لەبەر هۆکاری (خێزانی یانیش کەلتووری) مافی پەنابەری وەربگرن و لەگەڵ خزمەکانیان بمێننەوە و نەگەڕێنرێنەوە بۆ ئیسپانیا.

# سەنتەری کوردی لە لەندەن، کەلتوور و زمانی کوردی زیندوو رادەگرێت



ئایشەگوڵ، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی سەنتەرەکە

**شارمیلا دێڤی**
**رووداو- لەندەن**

سەنتەری کۆمەڵگەی کوردی کە دەکەوێتە چەقی گرین لەینس، ئەو گەڕەکەی کە زۆرترین کورد و تورکی لێ نیشتەجێیە، بووەتە شوێنی هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەرەکانی ئەو شارە لە نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە.

خەڵکی بۆ چەندین مەبەست دێنە سەنتەرەکە. هەندێک دێن بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتگوزاری یاسایی، یان خوێندنگە و باخچەکەی، یان هەر بۆ خواردنەوەی قاوە و گفتوگۆ و وەرگرتنی دواترین زانیاری لە رێگەی رۆژنامە کوردی و تەلەفزیۆنەکانەوە.

ئایشەگوڵ ئەردۆغان، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سەنتەرەکە دەڵێت "خەڵک دێنە سەنتەرەکە بۆ خواردنەوەی چا، وەرگرتنی هەواڵ و بەسەربردنی کاتی خۆش لەگەڵ ئەندامەکانی سەنتەرەکەماندا". بەڵام دەڵێت هاوکاری دیکەش پێشکەش دەکەین "بۆ نموونە هاوکارییان دەکەین تا باشتر تێکەڵی کۆمەڵگە ببن، فێری ئینگلیزییان دەکەین".

خێزانەکەی ئایشەگوڵ بۆ خۆیان سوودیان لە سەنتەرەکە وەرگرتووە. لە ساڵی 1990 ئایشەگوڵ تەمەنی تەنیا 7 ساڵ بوو کاتێک لەگەڵ دایکی و دوو خوشکی دیکەی شاری مەلاتیای تورکیایان بەجێهێشت و چوون بۆ لای باوکیان کە لە لەندەن دەژیا.

"هێشتا رۆژی یەکەمم بەبیر دێتەوە کە گەیشتینە فڕۆکەخانەی هیزرۆی لەندەن. من زۆر دەگریام. چووینە سەنتەری شار بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێین. لە بیرمە زۆر کەس تازە دەهاتن و بە جانتاکانیانەوە و خەڵکی دەچوون بە هانایانەوە." ئایشەگوڵ وا دەڵێت.

شەپۆلێکی مەزنی پەنابەران لە ساڵەکانی هەشتا و نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا روویان لە لەندەن کرد، ژمارەیەکی زۆریان کوردی باشووری کوردستان بوون کە لە دەستی سەدام هەڵدەهاتن. بە گەیشتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران کۆمەڵگەی کوردی رووبەڕووی چەندین کێشە، وەک کێشەی دۆزینەوەی کار و خانووبەرە بووەوە.

ئایشەگوڵ دەڵێت "ئێستا وەکو جاران خەڵکی زۆر نایەن. ئێستا کێشەکان زیاتر کێشەی تێکەڵبوونی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەی نەوەی نوێیە (ئەو نەوەیەی کە لێرە گەورە دەبن)". بە وتەی ئایشەگوڵ "کورد زیاتر لە ناوچەی هارینگەی و هاکنی لەندەن دەژیان، بەڵام ئێستا بە هەموو لایەکی لەندەن و بەریتانیادا بڵاوبوونەتەوە".

ئایشەگوڵ کە ئێستا تەمەنی 32 ساڵە، پێیوایە کە بە باشی تێکەڵی کۆمەڵگەی بەریتانی بووە و بە ژیانی بەریتانیا راهاتووە. بەڵام هێشتا دڵسۆزە بۆ کەلتووری کوردی، بە تایبەتی گۆرانی و سەمای کوردی. ئەو وانەی گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی لە سەنتەرەکەدا دەڵێتەوە.

لایەنگری سیاسیی سەنتەرەکە بە روونی دیارە. پۆستەری پشتگیریکردنی PKK بە دیواری سەنتەرەکەوە هەڵواسراوە، بەڵام ئایشەگوڵ دەڵێت، بەخێرهاتنی هەموو کەس دەکەن، بەبێ جیاوازی بیروڕای سیاسی یان ئیتنی "ئەم سەنتەرە بۆ هەمووانە. لێرە خەڵکی زۆر جیاوازی لێیە. تورک دێن، خەڵکی ئێران و عێراقیش دێنە ئێرە" ئایشەگوڵ وایگوت.

لە یەکێک لە رۆژەکاندا نزیکەی 30 کەس لە کافێی سەنتەرەکە یان لە دەرەوەی سەنتەرەکە کۆبووبوونەوە، هەندێکیان لە دەرەوە جگەرەیان دەکێشا و پابەندی یاسای توندی بەریتانی بوون لە بواری جگەرە کێشاندا. نزیکەی 3000 کەس لە هەفتەیەکدا سوود لە سەنتەرەکە دەبینن، بەوانەشەوە کە سەنتەرەکە وەکو هۆڵی ئاهەنگ بەکرێ دەگرن.

ئابوونەی ئەندامێتی سەنتەرەکە ساڵانە 10 پاوەندە. سەنتەری کوردی، رێکخراوێکی خێرخوازییە و هەندێکجار سوود لە خزمەتگوزاری راوێژکاری ناوخۆیی وەردەگرێت، بەڵام لەسەردەمی کەمیی بودجەی حکومەتدا، بودجە بۆ سەنتەرەکە هەموو کاتێک کێشە بووە وەک ئایشەگوڵ دەڵێت. ستافی سەنتەرەکە، ئەو پارێزەر و کارمەندە تەندروستیانەی کە لە سەنتەرەکەدا کاردەکەن، هەموویان خۆبەخشانە کاردەکەن.

ئەو پرۆگرام و چالاکیانەی کە سەنتەرەکە پێشکەشی دەکات بریتین لە کۆرسی زمانی کوردی، ئینگلیزی، فۆلکلۆری کوردی، دراما، ئایتی و میدیا.

کیبار ئەردال، پەنابەرێکی کوردە کە سەردانی کافێی سەنتەرەکە دەکات، بە ئینگلیزیەکی لاواز دەڵێت "من دێم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا کات بگوزەرێنم. ژیان لەم وڵاتە زۆر ئەستەمە". ئەو هەروەها دەڵێت "لێرە زۆر هاوڕێم پەیدا کردووە."

ئایشەگوڵ ئێستا خەریکی کارکردنە لەسەر کەیسێک لە دژی پۆلیسی بەریتانی. لە مانگی یەکدا کاتێک کە ئایشەگوڵ و گرووپێک بە پاس سەردانی فەڕەنسایان دەکرد، پۆلیس بەگوێرەی یاسای دژە تیرۆر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن.

گرووپەکەی ئایشەگوڵ چوونە فەڕەنسا بۆ ئەوەی بەشداری لە خۆپیشاندانێکدا بکەن کە لە

ساڵیادی کوشتنی سێ چالاکوانی کورد لە پاریس رێکخرابوو.

هەندێک لە نەفەرە ئافرەتەکانی ناو پاسەکە

سەرپۆشەکانیان پێ لادرابوو، هەروەها هەموو پارە و پوولەکانیان لێسەندرابوو "یەکێک لە ژنەکان لە ترسان بورایەوە، پۆلیس هەموو پارەکانیان لێوەرگرتن".

رووداوەکە خواستی ئایشەگوڵی بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ زیاتر کرد. لە حاڵی حازردا ئایشەگوڵ یاسا دەخوێنێت و بە نیازە لە مانگی پێنجدا بۆ یەکێک لە هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکان خۆی کاندید بکات.

چالاکییە سیاسییەکانی کەم نەبووەتەوە. لە 16ی مانگی رابردوو، ئایشەگوڵ یەکێک بوو لە وتەبێژانی خۆپیشاندانێک کە بۆ ئیدانەکردنی رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن تورکیاوە لە نایرۆبی و دواتر بردنی بۆ زیندان لە تورکیا، رێکخرابوو.

ئایشەگوڵ شانازی بە کارەکانیەوە دەکات لەگەڵ کۆمەڵەی ژنانی رۆژ کە خزمەتگوزاری یاسایی و هاوکاری پێشکەش بەو ژنانە دەکات کە رووبەڕووی توندوتیژی دژی ژنان، یان هاوسەرگیری بەزۆر و توندوتیژی بەناوی پاراستنی شەرەف دەبنەوە.

ئایشەگوڵ دەڵێت "دوای 24 ساڵ لێرە، هەست دەکەم کە بووم بەشێک لە کۆمەڵگەی بەریتانی، بەڵام هێشتا هەست بە کوردبوونم دەکەم. حەزدەکەم بەلایەنی کەم ساڵی جارێک یان دوو جار ئەگەر بتوانم، سەردانی وڵات بکەمەوە".

ALCHALABI
TRAVEL & TOURISM CO
کۆمپانیای الچلبی بۆ گەشت و گوزار و فرۆکەوانی

الچلبی.. حجزەکانت زۆر ئاسانترە
حجوزاتك أكثر سهولة
ALCHALABI .. Traveling Made Simple

الوكيل العام والحصري في العراق
لشركة ابرايز السعودية لحجوزات الفنادق والتذاكر حول العالم

قريباً حجز الفنادق والتذاكر عن طريق موقعنا الالكتروني باسعار منافسة جدا



Kurdistan Iraq - Erbil - 30 M St. infront of Haj Hussein mosque
E-mail: info@alchalabi-travel.com Web: www.alchalabi-travel.com
00964 750 793 0888 - 00964 750 793 0444




Empire World
Building the Future

تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com







Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3

Tel:00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com

ڕووداو ژنان
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10

## کچێک بە حەب گیان لەدەستدەدات



**ڕووداو-کەورگۆسک**

کچێکی تەمەن 17 ساڵ، کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو لە کەمپی کەورگۆسک دەژیا، لە ڕۆژی جیهانی ژنان 2014/3/8 بە حەب گیانی لەدەستدا. ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کچە نەخۆشییەکی هەبوو، حەبی نەخۆشییەکەی خواردبوو، 8 ڕۆژ بوو لە نەخۆشخانە بوو، دایک و باوکی دەڵێن نەخۆش بووە، بەڵام دیار نییە ئەو کچە ویستوویەتی خۆی بکوژێت یان حەبی چارەسەری وەرگرتووە، بەدواداچوونمان بۆ ڕووداوەکە بەردەوامە".

# "پەت بۆ دەرهێنانی مانگا بەکاردەهێنرێت نەک تەرمی مرۆڤ"

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- سلێمانی**

وێنەی ڕاکێشانی جەستەی دوو ئافرەتی مردوو بە پەت، لەلایەن پۆلیسەوە لە گۆمێکی ئاودا، نارەزایی هاووڵاتیانی زیاتر کرد، تەنانەت زیاتر لەوەی کە ئەو دوو خوشکە چۆن مردوون.

پەروا عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان دەڵێت "بەنیازین بچینە وەزارەتی ناوخۆ و پرسیاریان لێبکەین دەربارەی ئەو ڕووداوە". بەبڕوای پەروا "ئەمە کارێکی زۆر خراپە. ئەوەش دەردەخات کە هێزی پۆلیس هەر لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتی تاوەکو ریزەکانی خوارەوەی پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانە".

تەرمی ئەو دوو خوشکە (شلێر 16 ساڵ و حەلیمە 18 ساڵ) لە گۆماوێکدا لە شارۆچکەی سەیدسادق دۆزرانەوە کە دەکەوێتە دووریی 50 کیلۆمەتر لە سلێمانی. دوای ئەوەی هەردوو خوشکەکە چوونە دادگا بۆ تۆمارکردنی سکاڵایەک لە دژی خێزانەکەیان لەسەر ئەوەی ڕێگرییان لێدەکرێ شوو بەو دوو کەسە بکەن کە بۆ خۆیان هەڵیانبژاردوون، دوو خوشکەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە بێسەروشوێن بوون.

دوای دۆزینەوەی تەرمی هەردوو ئافرەتەکە، هێزەکانی پۆلیس گوریسیان بۆ دەرهێنانی جەستەی دوو قوربانییەکە لە گۆمە ئاوەکەدا بەکارهێنا.

پەروا دەڵێت "ئەمە بۆ دەرهێنانی مانگا بەکاردەهێنرێت نەک تەرمی مرۆڤ". بە پەروا گوتراوە کە هۆکاری ئەوەی پۆلیس ئەو ڕێگەیەی بەکارهێناوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە تەرمی قوربانییەکانی تێدا بووە، هەروەها لەبەر نەبوونی ئامێر "پێویستە پۆلیس یەکەیەکی تایبەتی بە لافاو و خنکان هەبێت، بەڵام هیچ پلانێک نییە بۆ هیچ حاڵەتێکی ئیمێرجنسی".

پەروا دەڵێت ئەو بابەتە لەگەڵ فراکسیۆنەکەی باس دەکات. ئەو پەرلەمانتارە کە مانگی ئەیلولی ڕابردوو بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرا، فراکسیۆنەکەی لە خولی ڕابردوو ئۆپۆزیسیۆن بوو، بەڵام بڕیارە بەشداری کابینەی نوێی حکومەت ببێت، ئەو کابینەیەی کە دوای پێنج مانگ لە هەڵبژاردنەکان هێشتا پێکنەهاتووە.



وێنەی تەرمی قوربانییەکان کە بەخێرایی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە، بێزاری و خەم و تووڕەیی خەڵکی وروژاند. لە وێنەکەدا دیارە کە قوربانییەکان لەسەردەم لە گۆمە ئاوەکەدا کەوتوون و گوریسیان لێبەستراوە.

"ئەمە ئەو نرخە کەمە پێشان دەدات کە دەدرێت بە ئافرەت" یەکێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە کۆمێنتێکدا ئاوای نووسیوە. کاردانەوە بەرامبەر چۆنێتی دەرهێنانی جەستەی قوربانییەکان گفتوگۆی زیاتری لە نارەزایی بەرامبەر کوشتنیان لێکەوتەوە.

پەروا دەڵێت هۆکاری ئەوەی کە گرنگی زیاتر بە مامەڵەی تەرمەکان دراوە، مردنی ئەم دوو ئافرەتە وەکو هەر کەیسێکی دیکەی کوشتن لەسەر شەرەف وەرگیراوە لەلایەن کۆمەڵگەوە، هەر لەهەمان ڕۆژدا کچێکی تەمەن 16 ساڵ لەلایەن باوکییەوە کوژرا، دوای ئەوەی کچەکە بە بڕیاری دادوەر لە زیندان ئازاد کرا.

کوشتن لەسەر شەرەف دیاردەیەکی باوە لە کوردستان، ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا تێکەڵی دروست دەکات وەکو شەرمێک بۆ خێزان سەیر دەکرێ. لەم ڕووەوە تەنیا چەند شوێنێکی کەم لەم جیهانەدا هەن کە پەیڕەوی لەم نەریتە دەکەن.

ساڵانە سەدان کەیسی لەو جۆرە ڕوودەدەن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا قوربانییەکە ئاگر تێبەردەدرێت یان ناچار دەکرێت خۆی بکوژێت.

پەروا دەڵێت کەیسەکەی سەید سادق لە بارودۆخێکی خێزانیی ئاڵۆزەوە سەرچاوەی گرتووە "ئەو کەیسە تێکەڵەیەکە لە کێشەی هەژاری و نەخۆشیی دەروونی. یەکێک لە کچەکان باسی خۆکوشتنی کردووە".

کەیسەکە هێشتا روون نییە. دەگوترێت کچەکان خەریکی سواڵکردن بوونە و لە کاتی سواڵکردندا دوو پیاویان ناسیوە کە ویستوویانە شوویان پێبکەن، بەڵام خێزانی دوو قوربانییەکە نکۆڵی لەو چیرۆکە دەکەن. هۆکاری مردنەکەیان و ئەوەی کە ئایا کچەکان هەڵخەڵەتێنراون، یان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، تا ئێستا بە نارِوونی ماوەتەوە.

خانم ڕەحیم لەتیف، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاسوودە لە سلێمانی بۆ داکۆکیکردن لە ئافرەتان لە دژی توندوتیژی دەڵێت پێویستە ویستی سیاسی بۆ وەستانەوەی کوشتن لەسەر شەرەف زیاتر بێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەپۆلە کوشتنە بهێنرێ.

خانم دەڵێت "پێویستمان بە دادگای سەربەخۆ هەیە، پێویستە شاردنەوەی هۆکاری کوشتنەکان کۆتایی بێت" خانم هەروەها دەڵێت "ڕێکخراوە سەربەخۆکان کاتێک کە هەوڵدەدەن هۆکاری ڕاستەقینەی کوشتنەکان دەربخەن، هەڕەشەیان لێدەکرێت".

نەزەند بەگیخانی، ئەندامی بۆردی چاودێریی مافەکانی ژنان لە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ شاندێکی حکومی سەردانی سەیدسادقیان کردووە بۆ بەدواداچوونی کەیسی ئەو دوو خوشکە و دەڵێت "ئەم دوو خوشکە لە مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردووەوە فایلیان لای پۆلیس و دادگای سەید سادق و شەڵتەری داڵدەدانی ژنان لە سلێمانی هەبووە". گوتیشی "لە تەواوی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەیسەدا دەردەکەوێت کە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک پێویست چالاک و جددی نەبوون لەکارکردن لەسەر ئەم کەیسە، بۆیە کەمتەرخەمی هەبووە لە پاراستنی شلێر و حەلیمە".

### حکومەت بە دواداچوونی بۆ دەکات

ناڕوونی هۆکاری مردنی ئەو دوو خوشکە و چۆنیەتی دەرهێنانی تەرمەکانیان لە نێو گۆماوێکدا حکومەتیشی هێنایە قسە. هەفتەی ڕابردوو لەسەر ڕاسپاردەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان شاندێکی حکومی سەردانی سەید سادق و عەربەت و هەڵەبجەی تازەی کردووە و لەگەڵ دادوەر و داواکاری گشتی و بەڕێوەبەری پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا کۆبووەتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو و بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئەم دوو خوشکە.

شاندەکە هەروەها سەردانی ماڵی دایکی شلێر و حەلیمەیان کردووە و لەگەڵ خەڵکی سەید سادقیش لەوبارەیەوە پرسیار و سۆراغیان کردووە بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری و گەیشتن بەڕاستیی ئەم کەیسە و کارکردن لەسەر ئەوەی کە چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕووداوی لەمجۆرە لە داهاتوودا دووبارە نەبنەوە.

# ئەو قسانەی کچانی گەیاندە خۆکوشتن

## "دۆلارت دەوێ یان کچەکەت"



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

"هەموو جارێک کە تووڕە دەبوو دەیگوت دایکە ئەوەندەم لەگەڵ مەڵێ با خۆم نەکوژم". هەرچەندە ئەوەی دەیگێڕێتەوە پەیوەندی بە 12 ساڵ لەمەوبەرەوە هەیە، بەڵام شەفیقە عەبدوڵڵا، هێشتا جلوبەرگە ڕەشەکانی بەری نەگۆڕیوە "زوو زوو خەوی پێوە دەبینم، هەموو جارێک بێتاقەت و ناڕەحەتم دەکات".

شەفیقە نایشارێتەوە بۆ خۆی بووەتە هۆی ئەوەی کچەکەی لەو تەمەنەدا بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە و دەشزانێ هەڵەیەکی گەورەی کردووە "دەمویست شوو بە ئامۆزایەکی خۆی بکات کە زۆر دەوڵەمەند بوو، ئەو کوڕەی ئامۆزای چەندجار هاتە داوای، بەڵام شووی پێنەکرد، منیش هەر هانم دەدا و داوام لێدەکرد شووی پێبکات".

هەر جارێک کچەکەی هەڕەشەی خۆکوشتنی کردبێت، شەفیقە پێیگوتووە "خۆت دەکوژی، خۆت ناکوژی هەردەبێت شوو بە ئامۆزای خۆت بکەیت". شەفیقە دەڵێت "تاوەکو ئێوارەیەک لە ژوورەکەی خۆی بە لەچکێکی من خۆی بە پانکەی ژوورەکەدا هەڵواسیبوو".

شەفیقە لەو ڕۆژەی کچەکەی خۆی خنکاندووە وا هەست دەکات تاوانێکی گەورەی کردووە و خوا لێی خۆش نابێت. ئەو دەڵێت "ئێستا ناتوانم بە کچەکانی دیکەم بڵێم ئەوە بکەن یان مەیکەن، یەکسەر پێمدەڵێن، چییە دەتەوێت وەک ناسکە خۆمان بکوژین؟ ئێمەش بە کوشتن بدەیت؟". گوتیشی "ئەم قسەیە ڕۆژی چەند هەزار جار دەمکوژێت، خوا تۆڵەی ئەوم لێدەکاتەوە".

هەندێک لەو ژنانەی کە ڕووداوی خۆکوشتن و کوشتن لە نێو ماڵەکانیان یان لە نزیکیان قەوماوە، هەست بە بێزاری و پەشیمانی دەکەن، چونکە پێیانوایە ئەوان هۆکاری ئەو ڕووداوانە بوون.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە دوو ساڵی ڕابردوودا 73 ژن لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان خۆیان کوشتووە. هەروەها 218 ژنیش خۆیان سووتاندووە. زۆر لەو ژنانەی خۆیان دەسووتێنن گیان لەدەست دەدەن، چونکە ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن ڕێژەی سووتانەکەیان زیاترە لەوانەی دەسووتێن.

پۆلیس بۆ زۆربەی ئەو ڕووداوانە دۆسیە دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر سکاڵا هەبێت. تەنانەت زۆرجار ئەو کەسەش دەستگیر دەکات کە بووەتە هۆی خۆسووتاندن یان خۆکوشتنی ژنێک، بەڵام ئەوانە زۆربەی کات ئازاد دەکرێن. چونکە هەر زوو کەسوکارەکەی ڕایدەگەیەنن کە قوربانییەکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە بۆیە خۆی کوشتووە. ئەوەش ئاسانترین پاساوە بۆ دەربازبوون لە سزا.

مونیرە ئیسماعیل، 59 ساڵ، گۆشەگیر بووە و لە خزم و دۆستەکانی دوورکەوتووەتەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێ هەموویان بە بکوژی بووکەکەی دەزانن و دەڵێ "نامەوێت سەردانی کەس بکەم، بەڵام کێ دێتە ماڵم بەخێربێت".

مونیرە باسی بووکە مردووەکەی دەکات و دەڵێت "بووکەکەم سەرەڕۆ بوو، بەدزی کوڕەکەمەوە پارەی خەرج دەکرد. بێ ئەوەی پرسم پێبکات دەچووە دەرەوە، ڕۆژێک بە کوڕەکەمم گوت بۆ لە ژنەکەت ناپرسیتەوە، بەرەڵڵا بووە و پرس بەکەس ناکات و خۆی بووەتە دەمڕاستی خۆی".

مونیرە قەت لەو باوەڕەدا نەبووە قسەکانی کاردانەوەی توندی لێبکەوێتەوە "چوزانم کوڕەکەم ئاوا تووڕە دەبێت و ئەو کارە دەکات کە بیرم لێ نەدەکردەوە". ئێوارە کاتێک بووکەکەی لە ماڵی باوکی دەگەڕێتەوە، کوڕەکەی بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی لێبکات، دەست بە لێدانی دەکات و زۆری لێدەدات " نەمدەتوانی دەستی بگرم، بووکەکەم تووشی خوێنبەربوون بوو، دوای 3 ڕۆژ لە خەستەخانە مرد".

ڕووداوەکەی ماڵی مونیرە بۆ 5 ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، هێشتا لەو بارەیەوە دەڵێ "بڵێم چی، ئەو ژنە هەروا سەر بەگۆبەند بوو، کوڕەکەم دوای ئەو ڕووداوە ڕۆیشت بۆ ئەوروپا".

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری زۆربەی ئەو ژنانەی لە ساڵی ڕابردوو مردوون بەهۆی سووتانەوە بووە پاشان گوللە و دواتریش خنکان.

بەپێی خشتەی ئامارەکانی ئەو پەیمانگەیە، ساڵی ڕابردوو 301 ژن بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە (158 ژن لە هەولێر، 59 لە سلێمانی و 48 لە دهۆک).

هەرچەندە پەشیمانی هیچ سەبوورییەک بۆ دڵی ئەوانە ناگێڕێتەوە کە نازانن چۆن خۆیان لەدەست ئازاری ویژدان ڕزگار بکەن، بەڵام پێشیانوایە هەندێکجار تەنیا قسەیەک دەرگای لەسەر خۆکوشتنی کەسێک کردووەتەوە.

ئەو چیرۆکەی سەلما خورشید دەیگێڕێتەوە بۆ نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک خەڵک ڕوویان لە ئەوروپا دەکرد و دەبوونە مایەی خێروبێر بۆ خێزانەکانیان، بەڵام سەلما نەیتوانی ببێتە یەکێک لەو خێزانانە بەو هۆیەی کچەکەی ڕازی نەدەبوو بۆ ئەو جۆرە خواستە ببێتە قوربانی.

پوختەی ڕووداوەکەی ماڵی سەلما ئەوەبوو کە ماڵی براکەی لە ئەمریکان و زۆر حەزی کردووە بەهۆی ئەوانەوە یەکێک لە کچەکانی بگاتە ئەمریکا بۆ ئەوەی تارادەیەک باری قورسی نەبوونیی بەسەر شانیانەوە سووک ببێت "بە حەسرەتی ئەوەوە بووم کە یەکێک لە کچەکانم ببێتە بووکی براکەم و بڕواتە ئەمریکا، ئەوەبوو خەوەکەم هاتەدی و جارێک ماڵی براکەم بەسەردان گەڕانەوە بۆ سلێمانی و یەکێک لە کوڕەکانی کچە بچووکەکەمی بە دڵ بوو".

سەلما بە براکەی گوتووە ئەگەر کچەکەی شوو بکات بە کوڕەکەی، بە کراسی بەرییەوە پێشکەشی دەکات. سەلما هەر چۆنێک بێت کچەکەی بەو هاوسەرگیرییە ڕازی دەکات. بەڵام دواتر کچەکەی پەشیمان دەبێتەوە "شەو و ڕۆژ شەڕمان بوو، کاتێ کوڕەکە هاتەوە بەزۆر دەمناردە دەرەوە لەگەڵیدا، تاوەکو ڕۆژێک پێیگوتم دایکە من تاقەتی هیچم نییە و خۆم دەسووتێنم".

سەلما، دانی پێدا دەنێ کە تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کچەکەی بڕواتە دەرەوە و دۆلاریان بۆ ڕەوانە بکاتەوە "دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بگوازرێتەوە، نەوتی بەخۆیدا کرد و 96%ی جەستەی سووتا". ئەو ژنە دەڵێ لەوکاتەوە بەشی ئەو بووەتە توانج "دوای ئەوەی کچەکەم خۆی کوشت باوکی پێیگوتم ئیسراحەتت کرد کە ژاڵە خۆی کوشت، ئێستا دۆلارت دەوێ یان کچەکەت".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10

## گەنجێک گوللەیەک لە خۆی دەدات



**ڕووداو- هەولێر**

ئێوارەی 2014/3/8 لە گەڕەکی سەربەستی شاری هەولێر، گەنجێک بە ناوی عەقید حەمید عوسمان، هەوڵی خۆکوشتن دەدات و گوللەیەک لە خۆی دەدات. ڕائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گەنجە بە دەمانچەی تورکی گوللەیەکی لە خۆی داوە، پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوەو نەشتەرگەری بۆ کراوە، ئەو کوڕە کەمئەندامە و کەسوکاری سکاڵایان لەسەر کەس نەبووە، لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ڕووداوەکە بەردەوامە".

### لە ماوەی دوو مانگدا 5 حاڵەتی کوشتن و هەوڵی کوشتنی پیاوان لەلایەن ژنانەوە تۆمار کراوە

# پیاوان لە دهۆک هانا بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەی ژنان دەبەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا پێنج حاڵەتی کوشتن و هەوڵی کوشتنی پیاوان لەلایەن ژنەکانیانەوە تۆمار کراوە. بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەو پارێزگایە دەڵێت تاوەکو ئێستا چەند حاڵەتێکیان بۆ هاتووە کە ژن توندوتیژی دژی پیاوەکەی کردووە.

ڕۆژی 2014/2/4 تەرمی گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ لە گوندی ئینیشکێی سەر بە قەزای ئامێدی دۆزرایەوە. دوای لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە دەرکەوت لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژراوە و ژنی قوربانییەکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بکوژدا هەبووە، لە کاتی تاوانەکەشدا هاوکاریی بکوژی کردووە.

هەر مانگی ڕابردوو لە قەزای سێمێل ژنێک هەوڵی کوشتنی مێردەکەی دا، بەڵام لە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو دوای ئەوەی بە چەقۆ هێرشی کردە سەر مێردەکەی و بە دوو چەقۆ بریندادی کرد.

بەپێی بەدواداچوونێکی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا پێنج حاڵەتی کوشتن و هەوڵی کوشتنی پیاوان لە لایەن ژنەکانیانەوە لە سنووری پارێزگای دهۆک تۆمار کراوە. حاڵەتێک لە ئامێدی، دوو حاڵەت لە قەزای سێمێل، یەکێک لە سەنتەری شاری دهۆک و حاڵەتێکیش لە ئاکرێ بووە.

عائیشە عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە قەزای ئامێدی دەڵێت زۆر ئەگەر هەن بۆ توندوتیژیی ژنان دژی پیاوان "بەڵام لاوازیی ئاستی ڕۆشنبیری ژن و پیاو، وا دەکات ژن دەستی بچێتە خوێنی پیاوەکەی و بیکوژێت".

بە بڕوای عائیشە، بەزۆر بە شوودانی کچان یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکان و لەو بارەیەوە دەڵێت "هێشتا دیاردەی بە زۆر بەشوودانی کچان لە سنووری پارێزگای دهۆک ماوە. کاتێک کچێک دوور لە ویست و خواستی خۆی بەشوو دەدرێت، کێشەی بۆ دروست دەبێت لەگەڵ مێردەکەی، زۆرجار ژنەکە وەک کاردانەوەیەک خیانەت لە پیاوەکەی دەکات، هەر بەوەش ناوەستێ و دەستی دەچێتە خوێنی مێردەکەی".

ئەو ژنە چالاکوانە لەو باوەڕەدا نییە کە توندوتیژیی ژنان دژی پیاوان بووبێتە دیارە و دەڵێت تەنیا حاڵەتی تاک و تەرا هەبووە.

ئیسماعیل هاجانی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سێمێل و بەرپرسی ڕێکخراوی کەسک و سۆر بۆ لێبووردن دەڵێت ئەمساڵ دوو حاڵەتی توندوتیژیی ژنان دژی پیاوان لە قەزاکەیان تۆمار کراوە، یەکەمیان ئەوە بوو کە پیاوێک لەلایەن ژنەکەیەوە درایە بەر چەقۆ و بریندار کرا، پیاوێکیش لە داخی ژنەکەی خۆی خنکاند.

هاجانی تەکنەلۆژیای سەردەم بە هۆکاری ئەو ڕووداوانە دەزانێت و دەڵێت "تەکنەلۆژیا لەوانەش مۆبایل، تیڤی، ئینتەرنێت ژنی ئێستای گۆڕیوە، زۆر جیاوازترن لە ژنانی 10 ساڵ لەمەوبەر".

هاجانی دەڵێت ئەوان بەدواداچوونیان بۆ چەند کەیسێک کردووە "زۆربەی کێشەکان لەسەر ئەوە بوون کە ژنەکان وەکو پێویست حەزی سێکسی پیاوەکانیان تێر ناکەن، بۆیە کێشە لە نێوانیان ڕوودەدات".



توندوتیژی دژی ژنان گەیشتە ئەو ئاستەی کە حکومەت لە ساڵی 2007 بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دابمەزرێنێ. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان نووسینگەی هەیە.

بەڵام پیاوان تەنیا یەک ڕێکخراوی ناحکومییان هەیە داکۆکییان لێبکات. سامی جەلال بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە کاری ئێمە بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنانە، بەڵام هەتا ئێستا چەندین حاڵەتمان بۆ هاتووە کە ژن توندوتیژی لەدژی پیاو کردووە بە تایبەتی بەو دواییانە ئەو حاڵەتانە زۆر بوونە".

بورهان عەلی فەرەج، سەرۆکی یەکێتی پیاوانی کوردستان ئاماری قوربانیانی دەستی ژنانی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئەمساڵ سێ حاڵەتی کوشتنی پیاوان لەلایەن ژنەکانیانەوە لەلای ئێمە تۆمارکراون، هەروەها 13 حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان هەبووە و 75 کەیسی توندوتیژی دژ بە پیاوان هەبووە". بورهان هەروەها دەڵێت "خۆکوشتنی پیاوان لە ژنان زیاتر بووە".

# مامۆستایەک لەناو ماڵەکەیدا خۆی دەخنکێنێ

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- سلێمانی**

سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان:

### خۆکوشتنی پیاوان سێ هێندەی ژنانە

مامۆستایەک لە سلێمانی خۆی خنکاند، پۆلیس هۆکاری خۆخنکاندنەکەیان لا ڕوون نییە و کەسیشی لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر نەکردووە. سکرتێری ڕێکخراوی یەکێتی پیاوانی کوردستان هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بۆ خراپی ڕەوشی ئابووری گەڕاندەوە و دەڵێت "لێرە خوێنی پیاو نرخی نییە و کەس باسیشی ناکات، لەکاتێکدا خۆکوشتنی پیاوان سێ هێندەی ژنانە".

لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی، پیاوێک بەناوی تەها فایەق، 45 ساڵ، شەوی 2014/3/7 خۆی خنکاند، هێشتا هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو پیاوە دیار نییە، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت "لەسەر خۆخنکاندنی ئەو پیاوە کەس نەگیراوە".

مامۆستا تەها کە شەش منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، مامۆستای قوتابخانەی دلێرانی بنەڕەتی بوو کە هەر لە گەڕەکەکەی خۆیانە. ئەوەی خۆخنکاندنی ئەو پیاوەی لەوانەی دیکە جیاکردەوە، گەورەیی تەمەن و پیشەکەی بوو، چونکە ئەو هەرزەکارێک نەبوو، کەسێکی خوێندەوار و مامۆستا بووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "لەکاتی خۆخنکاندنی ئەو مامۆستایە کەسیان لە ماڵ نەبووە، ئەو ڕۆژە هەینی بووەو هاوسەر و منداڵەکانی لە سەیران بوون. پاشان دایک و باوکی چوونەتە ماڵی و بینیویانە کوڕەکەیان خۆی خنکاندووە، ئەوانیش پەیوەندیان بە پۆلیسەوە کردووە، تیمەکانی بەڵگەی تاوان و پۆلیسی بنکەی سەیوان لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە کرد".

تەرمی ئەو مامۆستایە ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کرا و پاشان ڕادەستی کەسوکاری کرایەوە، وەک نەقیب سەرکەوت دەڵێت "دادوەر ئیفادەی کەسوکاری وەرگرت، هاوسەرەکەی و دایک و باوکی قسەیان کرد، وتەکانی ئەوان وەکو قسەی سەرەتا وەرگیرا، زیاتر باس لەوە کرا کە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەڵام لێکۆڵینەوە بەردەوامە و ئێمە زیاتر کار لە سەر ئەوە دەکەین کە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو مامۆستایە چییە، کەسوکاری هێشتا بە ڕوونی قسە ناکەن، بەڵگەی پێویست نییە لەسەر ئەوەی نەخۆشیی دەروونی هەبێت، چونکە ئەو پیاوە مامۆستایە و خێزاندارە".

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی زانیارییەکانیان "ئەو پیاوە قەرزدار بووە و بەو هۆیەوە خۆی خنکاندووە". گوتیشی "ئەو مامۆستایە هەژار نەبووە، بەڵام خەریکی دروستکردنی خانوو بووە بۆیە قەرزدار بووە، ماوەیەکە چاوەڕێی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشینە نەدراوە، خاوەن قەرزەکان زۆریان بۆ هێناوە، ئەویش خۆی خنکاندووە".

بورهان عەلی باسی لەوە کرد کە ئەو پیاوە ئەگەر نەخۆشی دەروونیشی نەبووبێت، هۆکاری دیکەی لە پشتە بۆ نەخۆشییەکەی "تێکچوونی باری دەروونی بەهۆی کۆمەڵێک شتەوەیە، یەکێک لەوانە ئابوورییە، بۆیە ڕەوشی ئابووری ئێستای هەرێمی کوردستان هۆکارێکە بۆ خۆخنکاندنی ئەو پیاوە".

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕەتیکردەوە ئەو مامۆستایە هەژار بێت و گوتی "ئەو پیاوە ڕەوشی ئابووری باشە و خانووی خۆی هەیە، خۆخنکاندنەکەشی پەیوەندی بە درەنگ هاتنی مووچەوە نییە، لێکۆڵینەوە بەردەوامە، بەڵام کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە و کەسیش لەسەر خۆخنکاندنەکەی نەگیراوە".

### "خۆکوشتنی پیاوان 3 هێندەی ژنانە"

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی یەکێتی پیاوان کە بنکەی سەرەکییان لە سلێمانییە، لە ماوەی 2 مانگی ڕابردوودا 16 پیاو لە باشووری کوردستان خۆیان کوشتووە، سکرتێری یەکێتی پیاوان دەڵێت "ڕێژەی خۆکوشتنی پیاوان زیاتر لە سێ هێندەی ژنانە، ڕێژەی کوشتنی پیاوان لە هەرێمی کوردستان 10 هێندەی کوشتنی ژنانە، بەڵام کەس بایەخی پێنادات و ئێمە تاکە ڕێکخراوی پیاوانین کە قسە لەسەر مافی پیاو دەکەین".

وەک بورهان عەلی دەڵێت "لێرە ڕەگەزی نێر وەکو دڕندە سەیر دەکرێت، لە کاتێکدا پیاو قوربانییە، پیاو بە چەند گوللەیەک دەکوژرێت کە نرخەکەی لە سێ هەزار دینار کەمترە و خوێنی پیاو لە خوێنی مریشکێک کەمترە، بەڵام چەندە هاوار دەکەین کەس گوێمان لێناگرێت".

### دوو گەنج خۆیان خنکاند

جگە لە خۆکوشتنی ئەو مامۆستایە، هەر لەم هەفتەیەدا لە کەرکووک لە دوو ڕووداوی جیاوازدا، دوو گەنج خۆیان خنکاند. ڕۆژی 2014/3/6 لە گەڕەکی پەنجا عەلیی کەرکووک گەنجێک بەناوی (س.خ) 23 ساڵ، لەناو ماڵی خۆیان خۆی خنکاند. هەر لە هەمان ڕۆژدا گەنجێکی دیکە بەناوی (ئ.م) 17 ساڵ، ئەویش لەناو ماڵی خۆی خۆی خنکاند.





تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# مەسجێک بۆ پیاوانی وڵاتەکەم

دەتوانین مانگی ئادار ناوبنێین مانگی ژن، ڕاپەڕین بەبێ بەشداریی ژنان نەیدەتوانی سەرکەوتن بەدەستبێنێ، هەشتی ئادار ڕۆژی جیهانیی ژنە و 21ی ئازار جەژنی نەتەوەیی و سەری ساڵی کوردییە.

دەمەوێ بە پیاوانی وڵاتەکەم بڵێم کە کێشەکانی ئێمە هۆکارەکەی بە تەنیا ئێوە نین، ئەوە بیرکردنەوەی نێرسالاری و کەلتووری توندوتیژییە کە باڵی بەسەر عەقڵی ژن و پیاوی ئەم کۆمەڵگەیەدا گرتووە.

ژن لەم وڵاتەدا نازانی پێی لە کوێ دابنێت، لەو ڕۆژەوەی دێتە دنیاوە تاوانبارە بە مێینەتی، وەک ئەوەی خۆی هەڵیبژاردبێ، دەبێ لەگەڵ ئەم تاوانە بژی تا مەلایکەی مردن فریای دەکەوێت و ڕۆحی دەکێشێت. ئەگەر خۆی بسووتێنێ، یان خۆی بخاتە چەمی چەقانەوە، یان بکوژرێ یان خۆی بکوژێ ،خێرا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەڵێن باری دەروونی تەواو نەبوو. باشە ئەگەر یەکێک باری دەروونیی تەواو بێت، دەتوانێ بەرگەی ئەم هەموو هەواڵ و کارەساتە ناخۆشە بگرێت؟

هەموو هەڵسوکەوتێکی ژن، لەم وڵاتەدا جێی ڕەخنەیە، ئەگەر پیاوێکی خۆشویست ئەوا لەشفرۆشە و دەبێ بکوژرێ، ئەگەر شەریعەتی جێبەجێکرد ئەوە بێ مێشکە، ئەگەر باسی حیجابی کرد دەڵێن دە کەواتە تۆ بڕۆ خۆت ڕووت بکەرەوە، ئەگەر باسی ئازادیی تاکی کرد دەڵێن مەبەستی ئازادیی سێکسە، ئەگەر جلێکی کەمێک سەرنجڕاکێش یان کورتی لەبەر کرد دەڵێن لەشفرۆشی کچی لەشفرۆشە و خۆی ڕووتکردووەتەوە و ئەوە نیشانەی ئاخر زەمانە.

زەمەن لە وڵاتی ئێمە وەستاوە، لە منداڵییەوە گوێمان لەو حەکایەتانە دەبێت، هیچ ناگۆڕێ و تەنها شێوازی جلوبەرگ دەگۆڕێ، ئەم هەموو دزی و تاڵان و فێڵە لە خەڵکی ئەم وڵاتە دەکرێ ، دەرمانی ماوە بەسەرچوو چاوی 30 کەس کوێر دەکات و دەرزیی خراپ و خۆراکی ماوە بەسەرچوو بە پارە دەدرێ بەخەڵک و زبڵی وڵاتانی چین و تورکیا و ئێران بازاڕەکانی کوردستانی پڕکردووە، کەس ناڵێ ئەم هەموو بێ ویژدانییە نیشانەی ئاخر زەمانە، کۆمەڵگە تەنها چاودێرە بەسەر ژنەوە، لە ئاستی بازرگانی ساختەچی دەست بە سینگەوە دەگرێت.

عەقڵیەتی کۆمەڵگە، مێینەی لە مرۆڤایەتی داماڵیوەو ئێستاش دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەردین. دەمەوێ بە پیاوانی وڵاتەکەم بڵێم کە ئازادی پەیوەست نییە بەو بەرەڵاییەی ئێوە باسی دەکەن و لێی دەترسن ، ئازادی نیعمەتێکی خودایە بۆ مرۆڤەکان، ئازادی بۆ هەموومان بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە، ئازادی پێویستی بە جورئەتی زۆر هەیە لەم دەڤەرە بۆ ئەوەی لە دووفاقی ڕزگارمان بکات. بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتیەکانمانەوە خەریکە خەونی ئازادیمان لەبیردەچێتەوە، هێجمان بەدەستەوە نەماوە بێجگە لە خیتابی دژ بەیەک و چۆنیەتی دابەشکردنی پلەو پۆست و پارە، میدیاکانیش زیاتر باسی شتی ڕووکەش دەکەن و کرۆکی کێشەکانیان فەرامۆش کردووە.

مزگەوتەکان شوێنی نوێژکەرانی تێدا نابێتەوە و خەڵک لەسەر شەقامەکان نوێژ دەکەن، کەچی جەماوەری موسڵمانان لەسەر کێشەکانی ژنی ئەم وڵاتە ورتەیان لێوە نایەت، مایکرۆفۆنی مزگەوتەکان بەدەنگی بەرز بانگ دەدەن، کەچی ئێمە لە نزیکەوە ناتوانین پەیوەندییەکی دروستانە و دۆستانە لەگەڵ خۆمان و خودای خۆمان گرێبدەین.

دەمەوێ بە پیاوە بەڕێزەکانی وڵاتەکەم بڵێم کە کارکردن بۆ ئازادی مرۆڤ تەنها ئەرکی ژن نییە ، ئازادی خەونی هەمووما‌نە، ئازادیی ژن پەیوەستە بە ئازادیی وڵاتەوە، بۆیە بەشێکی ئەو کارە لە ئەستۆی ئێوەدایە. ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی شێواودا دەژین، ڕق هەموو جەستەمانی داگیرکردووە. هەمووما‌ن باس لە سیاسەت دەکەین، هەمووما‌ن دەمانەوێ پاڵتۆکەی سەرۆک لەبەر بکەین، هەمووما‌ن لە هەوڵی ڕووخاندنین نەک بنیاتنان. هەموو خەریکی ڕەخنە گرتنین لە هەموو شتێک بەباش و خراپەوە. واتە تەنیا قسە دەکەین بۆیە سەرکەوتوو نین و نابین ، ئەوەش لە غیابی ئازادییە کە هەمووما‌ن باسی دەکەین و لێی دەترسین بێ ئەوەی تاکە یەک کاری ئازایانەمان بۆی کردبێ.

تکایە بەشدار بن لە جوانکردنی ژیان و داهاتووی ئەم وڵاتە با بەر نەفرەتی نەوەکانی داهاتوو نەکەوین، زەبرو زەنگ چارەسەری کێشە سیاسییەکان ناکات، جا چۆن چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

# خوشکەکەی خۆی دەکوژێت و هەڵدێت

**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لە گەڕەکێکی شاری هەولێر ژنێک بە دەستی براکەی دەکوژرێت، کەسوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و براکەی لە کاتی پاککردنەوەی چەک فیشەکی لە دەست دەرچووە، بەڵام چالاکوانێکی ژن گومانی لە ڕووداوەکە هەیە و پێیوایە ئەوە "فێڵێکە" بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکە.

ڕۆژی 2014/3/7 واتە ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، ژنێکی دیکە بە دەستی پیاو کۆتایی بە ژیانی هات. هەرچەندە تاوەکو ئێستا روون نییە ڕووداوەکە چۆن بووە، بەڵام بە قسەی کەسوکاری ژنەکە، برای ئەو ژنە لە کاتی پاککردنەوەی چەک گوللەیەک لە چەکەکەی دەرچووە و بەر گورچیلەی خوشکەکەی کەوتووە، هەر لەوێش گیانی لەدەستداوە.

ئەو ژنە کە ناوی ئاوات کانەبی حوسێن و تەمەنی 31 ساڵە، دایکی سێ کوڕ و کچێک بووە. مێردەکەشی کە وەستای کاشییە لە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵ بووە. ئێستا پۆلیس بڕیاری دەستگیرکردنی مێردی ئاوات و دوو برای ئاواتی دەرکردووە. مێردەکەی و برایەکی ئەو ژنە دەستگیرکراون. بەڵام بکوژەکەی ئاوات هەڵاتووە و دەستگیر نەکراوە.

خوشکێکی ئاوات، باسی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "کوڕەکەمان بە ئەنقەست ئەو کارەی نەکردووە و لەدەستی دەرچووە، کچەکەشمان کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە تاوەکو بیکوژین. هەتا ژیانیشی زۆر خۆشبووە لەگەڵ هاوسەرەکەی. براکانیشی زۆریان خۆشویستووەو زۆریش باشبوون لەگەڵی".

هەروەها دەڵێت کە براکەی نێوانی لەگەڵ خوشکەکەی خۆش بووە "تەنانەت ئەو شەوانەی کە مێردی ئاوات لە ماڵ نەبوو، ئەو برایەم شەوان دەچوو لە ماڵیان دەخەوت و ئاگای لێدەبوون، چونکە زۆرجار مێردی خوشکەکەم بۆ کار دەچووە دەرەوە بە هەفتە نەدەهاتەوە ماڵەوە.

ئەو قسانە لەکاتێکدایە کە هەڵاتنی براکەی و خۆڕادەستنەکردنی بە پۆلیس گومان دەورووژێنن.

ئاوات، خاوەنی 8 خوشک و 3 برایە. ماڵیان لە نزیک ماڵی باوکی بووە. ئەو برایەشی کە گوللەکەی لێداوە تەمەنی 22 ساڵە و پێشمەرگەیە.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە شاری هەولێر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "مێردی ئاوات و برایەکی بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە کوشتن دەستگیرکراون، بەڵام ئەو برایەی گوللەکەی لەدەست دەرچووە و بەر ئاوات کەوتووە، رای کردووە و تا ئێستا دەستگیر نەکراوە".



سەبارەت بە دەستگیرکردنی مێرد و براکەی ئاوات. لە کاتێکدا بکوژ هەڵاتووە، نەقیب ژیلەمۆ گوتی "مەرج نییە ئەوان دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووبێت و بۆ لێکۆڵینەوە دەستبەسەر کراون".

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو 75 ژن بە گوللە کوژراون (35 لە هەولێر، 26 لە سلێمانی و 14 ژنیش لە دهۆک).

چالاکوانێکی بواری ژنان گومان دەکات ژنەکە بە ئەنقەست کوژرابێت و مەسەلەی فیشەک لەدەست دەرچوون "فێڵ"ێک بێت بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکە.

سۆزان عارف، بەڕێوەبەری رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمە فیلێکە کۆن بووە، هەمووشمان دەزانین هەر ئافرەتێک دەکوژرێت دەڵێن لە کاتی پاککردنەوەی چەک گوللە دەرچووە. هەر ئافرەتێک خۆی دەسووتێنێت دەڵێن پەرەمێز تەقیوە بۆ ئەوەی پەردەپۆشی بکەن، لە کاتێکدا دەزانین راستیەکە چییە".

بەبڕوای سۆزان بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە پێویستە چەک لە ماڵان نەهێڵدرێت "ناکرێت هەر ماڵێک چەکێکی تێدا بێت، چونکە لە کاتی تووڕەبووندا یەکسەر پەنای بۆ دەبردرێت، بۆیە پێویستە یاسایەک هەبێت کە چەکدار لە دوای دەوام، نەتوانێت چەک بباتەوە ماڵەوە".

# دوو ژن لە داخی سێ ژنی دیکە خۆیان دەسووتێنن

## "سکاڵام لەسەر براژن و مامۆژنم هەیە"

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- گەرمیان**

دوو ژن لەبەرئەوەی قسەیان پێگوتراوە لەلایەن سێ ژنی دیکەوە، لە دوو ڕووداوی جیاوازدا خۆیان سووتاند، یەکێکیان گیانی لەدەستدا و ئەوەی دیکەیان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانییە و باری تەندروستی ناجێگیرە. ئەو ژنە لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "لە داخی براژن و مامۆژنم خۆم سووتاند، سکاڵام لە دژیان هەیە".

لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا لە 2014/3/8، لەو کاتەی رێکخراوەکانی ژنان سەرقاڵی ئاهەنگ و چالاکی بوون بەبۆنەی ئەو ڕۆژە، ژنێک لە گەڕەکی شەهیدانی کەلار خۆی سووتاند. ئەو ژنە ناوی (ز. ئە. ک)ەو تەمەنی 28 ساڵە، سکاڵای لەسەر دوو ژنی خزمی تۆمار کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کامیان دەستگیر نەکراون.

موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، بەسەرهاتی ئەو ژنەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە کە ماوەی 5 ساڵە لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە "بەپێی قسەی کەسوکاری، ئەو ژنە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بەڵام هێشتا بەڵگەی پێویست لە بەردەست نییە کە نەخۆشیی دەروونی هەبووبێت، دەڵێن هۆکاری جیابوونەوە لە مێردەکەیشی هەر بە هۆی باری دەروونییەوە بووە، بەڵام لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخات".

(ز) لەناو ماڵی خۆیان نەوتی بە خۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، دواتر رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار کرا. بەپێی زانیارییەکانی نەخۆشخانەی کەلار بە رێژەی 100% سووتا، بۆیە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا و باری تەندروستی زۆر خراپە.

(ز) دوای خۆسووتاندنی لە نەخۆشخانە ئیفادەی وەرگیرا، موقەدەم لەمیعە دەڵێت "لە وتەکانیدا گوتی لەگەڵ براژن و مامۆژنم ناکۆکیمان پەیدا بوو، بۆیە بڕیارم دا خۆم بسووتێنم، سکاڵاشی لە دژی هەردوو ژنەکە تۆمار کرد، تا ئێستا ئەو دوو ژنە دەستگیر نەکراون، چونکە هێشتا دادوەر فەرمانی گرتنی ئەو دوو ژنەی دەرنەکردووە، ئەوان تەنیا دەمەقاڵێیەکی بچووکیان کردووە و خۆی سووتاندووە".

تا ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، (ز) لە ژیاندا مابوو، بەڵام ئەوانەی بە رێژەی 70% بەسەرەوە دەسووتێن، بە دەگمەن دەمێنن. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، لە ماوەی ساڵی رابردوودا 25 ژن سووتاون و 7 ژنیش خۆیان سووتاندووە.

زۆرجار چالاکوانانی ئافرەتان رەخنە لە پیاوان دەگرن کە دەبنە هۆکاری کوشتن و خۆکوشتنی ژنان، بەڵام زۆرجار ژنان خۆیان توندوتیژی بەرامبەر بە یەکدی دەکەن، موقەدەم لەمیعە گوتی "توندوتیژی بەرامبەر ژنان هەر لەلایەن پیاوەوە نییە، بەڵکو ژنانیش بەرامبەر یەکدی توندوتیژی دەکەن، ژنان لەناو خۆیشیاندا کێشەیان هەیە".

هەر لە گەرمیان ماوەیەک لەمەوبەر حاڵەتێکی دیکەی خۆسووتاندنی ژنان هەبوو، ژنێک بەناوی (س. م. ح)، لە خانەقین خۆی سووتاند و گیانی لە دەستدا. موقەدەم لەمیعە گوتی "(س) یش لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە، ئەو ژنە سکاڵای لە دژی ژنێکی خزمی خۆی تۆمار کرد کە قسەی ناشرینی پێگوتووە، بۆیە فەرمانی گرتنی دەرچوو، بەڵام بە پێی زانیارییەکان بۆ بەغدا هەڵاتووە، چونکە کەسوکاریان لەوێ هەیە".



# لە رانیە ساڵانە 30 ئافرەت دەچنە داڵدەدانی ژنان

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو - رانیە**

نزیکەی 70 رێکخراوی ژنان و بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کار بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە رەگەزی مێیینە دەکەن، بەڵام رێژەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە و چالاکوانانی بواری ژنانیش نیگەرانن لە بارودۆخی ژنانی ناوچەکە.

چالاکوان نیگار حەمەد دەڵێت "سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر رێکخراوی ژنان و بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، رەوشی ژنانی دەڤەری راپەڕین دڵخۆشکەر نییە، دەبینین ئەمساڵ رێژەی توندوتیژی و سکاڵا لە ساڵی رابردوو زیاترە لێرە و رەوشەکە خراپە، ئەگەر بە سکاڵا تۆمار کردن بێت و ئەگەر بەپێی بەدواداچوونی دادوەرەکان بووایە، دەبووایە کێشەکان چارەسەر کرابان"

ئەگەر رەوشی ژنانی سنووری ئیدارەی راپەڕین لە ماوەی 5 ساڵی رابردوو، وەکو نموونە وەربگیرێت، دەردەکەوێت ساڵانە رێژەی توندوتیژییەکان دژ بە رەگەزی مێیینە لە زیادبووندایە، بۆ نموونە لە ساڵی 2009دا 257 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە. لە ساڵی 2010دا 286 حاڵەت. لە ساڵی 2011دا 352 حاڵەت. لە ساڵی 2012دا 360 حاڵەت، ساڵی 2013ش 421 حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تۆمار کراون کە کۆی گشتییان دەکاتە 1676 حاڵەتی توندوتیژی.

نەشمیل، یەکێک لە قوربانییەکان باسی ئەو توندوتیژییە دەکات کە بەرامبەری کراوە و دەڵێت "مێردەکەم بە بەرچاوی منداڵەکانمەوە لێیدام و سووکایەتی پێکردم و جنێوی پێدام، بەمەش هەست بە ئازاردانی دەروونی دەکەم، لەبەر خاتری منداڵەکانم ئەو هەموو سووکایەتییە قبوڵ دەکەم ئەگەرنا دەمێک بوو لە مێردەکەم جیا دەبوومەوە".

هەرچەندە لە رانیە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و لە قەڵادزێ نووسینگەیەکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەیە کە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکانی توندوتیژی دژی ژنان دەکات، بەڵام لەگەڵ هەوڵەکانی ئەوان رێژەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەڵکشاندایە.

موقەدەم حەسەن خۆشناو، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە راپەڕین، دەڵێت "زۆربەی ئەو توندوتیژیانەی لە سنووری راپەڕین هەیە، بریتین لە لێدان، هەڕەشە و جنێودان. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ژنان جورئەتی ئەوەیان پەیدا کردووە ئیدی سکاڵا تۆمار بکەن".

گوتیشی "رێژەی تۆمارکردنی سکاڵا لە زیادبووندایە، ئەمەش دەلالەتە لەوەی چیدی ژنان بێدەنگ نابن لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرەی بەرامبەریان دەکرێت، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە سنووری ئیدارەی راپەڕین تاوانە قورسەکان رووی لە کەمی کردووە بە تایبەتی کوشتن".

موقەدەم حەسەن پێیوایە نووسینگەکانی ئەوان رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان و پاراستنی گیانیان. ئەو گوتی "لە ماوەی 5 ساڵی کارکردنمان 150 ئافرەتی ئەم سنوورەمان لە مەترسی کوشتن رزگار کردووە و بردوومانن بۆ بنکەکانی داڵدەدان و زۆربەشیان کێشەیان چارەسەر بووە و ئەوانەی کێشەیان ماوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن".

بەپێی ئەو ئامارە دەردەکەوێت، ساڵانە 30 ئافرەت لە دەڤەری راپەڕین پەنایان بۆ سەنتەر و بنکەکانی داڵدەدانی ژنان بردووە.

ژنە چالاکوانەکان پێیانوایە کە کردنەوەی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بە تەنیا چارەسەری کێشەکە ناکات.

نیگار حەمەد دەڵێت "چارەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانە، ئەویش بە پەروەردە دەکرێت لە قوتابخانە و ماڵەکان و کۆمەڵگا، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی ئێستا پەروەردە دەکرێن بۆ ئەوەی هەمان هەڵە دووبارە نەبێتەوە لە ژیانی نەوەی نوێدا. لە نێوان خێزانەکانیشدا پێویستە گیانی لێبووردەیی هەبێت".

# پورتوگال داوا لە هەرێمی کوردستان دەکات نوێنەرایەتی بکاتەوە

**ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ**
**ڕووداو – بەرشەلۆنە**

حکومەتی پورتوگال داوا لە فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات نوێنەرایەتی حکومەتەکەی لە پورتوگال بکاتەوە.

لە گەشتەکەی ئەوروپایدا، فەلاح مستەفا سەردانی بەلیجیکای کرد و لەوێ لە پەرلەمانی ئەوروپادا وتەیەکی پێشکەش کرد و دواتر سەردانی ئیسپانیای کرد. لە بەیاننامەیەکدا، فەلاح مستەفا لە لیشبۆنەی پایتەختی پرتوگالەوە رایگەیاند "ئێمە دەمانەوێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی برەو پێبدەین. بەتایبەت بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە لایەنی تەکنەلۆجی و شارەزایی وڵاتانی دیکە وەرگرین".

بەیاننامەکە هەروەها دەڵێت "پێمانوایە پورتوگال و کوردستان دەتوانن سوود لە بنیاتنانی پەیوەندی بەهێزتر وەربگرن. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کردنەوەی نوێنەرایەتیی پورتوگال لە کوردستان دەکات و هیواداریـن کە زۆر بە زوویی بیر لە هەنگاوێکی لەو جۆرە بکەنەوە".

فەلاح مستەفا لەو سەردانەیدا لەگەڵ لویس کامپۆس فێرێرا، کاربەدەستی باڵای کاروباری دەرەوە کۆبووەوە و فێرێرا داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد نوێنەرایەتی خۆی لە لیشبۆنەی پایتەختی وڵاتەکەی بکاتەوە.

فەلاح مستەفا هەروەها کۆمەڵەی بازرگانی پورتوگال-کوردستانی کردەوە کە ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی و بنیاتنانی پردی بازرگانی و ئابووری و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان کەرتی تایبەتی کوردستان و پورتوگالە.

فێرێرا دەڵێت "زۆر گرنگە کۆمپانیا پۆرتوگالییەکان بچن لە کوردستان کار بکەن، کوردستان شوێنێکی ئاشتیخواز و میواندۆستە".

وەفدەکەی کوردستان هانی پەرلەمانی پورتوگالی دا کە جینۆسایدی کورد لەسەر دەستی حکومەتی پێشووی عێراق لە دژی کورد بناسێت و لەهەمانکاتدا داوای لە پەرلەمان کرد کە شاندێکی پەرلەمانی بۆ زیاتر ئاشنابوون بنێرێتە هەرێمی کوردستان.

فەلاح مستەفا لە سەردانەکەیدا بۆ ئیسپانیاش لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا و پەرلەمانی ئیسپانیا کۆبووەوە و هەروەها لە یەکێک لە تینک تانکەکاندا قسەی کرد بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیسپانیا بەهێزتر ببێت.

گۆنزالۆ بۆنیتۆ، سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە وتەیەکیدا بۆ وێبسایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "ئێمە بە وردی چاودێری سەرکەوتنەکانتان دەکەین. ئێمە نیگەرانی بارودۆخی تەواوی ناوچەکەین، بەڵام کوردستان جیاوازە. کوردستان سەقامگیرە و ئارامە". ئەو هەروەها گوتی پشتگیری ئەو کۆمپانیا ئیسپانیانە دەکەن کە دەیانەوێت لە کوردستان کاربکەن.

فەلاح مستەفاش داوای لە ئیسپانیا کرد کە ئاستی نوێنەرایەتییەکەی بەرزبکاتەوە و هەروەها باسی لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کرد بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

لە برۆکسلیش فەلاح مستەفا رایگەیاند کە هیواداره گرووپێکی هاوپەیمان لە پەرلەمانی ئەوروپا دروست بکات و هەروەها هیوادارە کە ئۆفیسێکی پەرلەمانی ئەوروپا لە هەولێر بکرێتەوە.



(فۆتۆ: KRG)

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10

## تابلۆی کوردی دەگاتە هیندستان



**ڕووداو- هەولێر**

شێوەکاران ئیسماعیل خەیات و محەممەد هاشم بە داوەتی گەلەری (پۆلەندا) پێشانگایەکی شێوەکاری لەهیندستان دەکەنەوە. شێوەکار محەممەد هاشم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە پێشانگاکە لە ڕۆژی 18ی مارس بکرێتەوە و چەند ڕۆژێکیش بەردەوام دەبێت". محەممەد هاشم ئاشکراشی کرد کە دوای گەڕانەوەی لە هیندستان ڕوو دەکاتە ئیتالیا و لەوێش پێشەنگایەکی شێوەکاری دەکاتەوە.

# شانۆگەرییەک لە مەیدانی ئازەڵان نمایش دەکرێت



**ئەڤین سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا شانۆگەرییەک بەناوی "گۆلکی پشت بەلەم" لە مەیدانی ئاژەڵانی شاری هەولێر نمایش بکرێت.

گۆرانیبێژ خۆشەوی عەزیز کە یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی ئەو کارە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم شانۆگەرییە کۆمێدییە و کۆمەڵێک هونەرمەندی بەناوبانگ بەشداری تێدا دەکەن، شانۆگەرییەکەش کاژێر 6:30ی خولەکی بەیانی نمایش دەکرێت".

هونەرمەند خۆشەوی عەزیز لە ماوەی ڕابردوودا بۆ یەکەمجار کۆنسێرتێکی سەرشەقامی لەگەڵ گرووپی هەست لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر ساز کرد.

# چۆپی ئەلبوومە تازەکەی بەناوی براکەیەوە دەکات



**ئەڤین سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

چۆپی فەتاح خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی گۆرانییە بەناوی بنار کە لە 12 تراک پێکهاتووەو لە ماوەیەکی نزیکدا دەیخاتە بەردەستی هەوادارانی.

لەبارەی ئەو ئەلبوومەشی بە (ڕووداو)ی گوت "براکەم ناوی بنارەو لە کارەکانمدا زۆر هاوکاری کردووم و بە منەوە هیلاک بووە، بۆیە وەک وەفایەک بۆ ماندووبوونی ئەو سیدییەکەم ناوناوە بنار".

هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد کە کۆمپانیای ڤین پرۆدەکشن ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی لە ئەستۆ دەگرێت.

# گەشتیاریی کوردستان لە دوبەی دەناسێنن



**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی ناساندنی کەرتی گەشتیاریی کوردستان بە وڵاتانی عەرەبی و جیهانی، بڕیارە پێشانگایەکی گەشتیاری لە دوبەی بکرێتەوە.

سیروان تۆفیق، بەڕێوەبەری بەبازاڕکردن لە دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری بۆ ساڵی 2014، بڕیارمانداوە بۆ مانگی ئایار پێشانگایەک و کۆنفراسێکی بەرفراوان بە بەشداری 200 کۆمپانیا لە شاری دوبەی سازبکەین."

هەروەها گوتیشی "بۆیە شاری دوبەیمان هەڵبژارد چونکە زۆر لەو کۆمپانیایانەی ڕووی تێدەکەن توانای وەبەرهێنانی باشیان لە بواری گەشتوگوزاری هەیە، بەدەر لە دوبەی بەنیازین لە تاران و لە ئامەدیش پێشانگای هاوشێوە بکەینەوە".

# حەمید مستەفا باشترین لاوکبێژی گەنجە



**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەبۆنەی حەوتەمین ساڵیادی دامەزراندنی، بنکەی مەقامی هەولێر پێشبڕکێیەکی لاوکبێژی و حەیرانبێژی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ شەست لاوی کوردستان سازکرد و حەمید مستەفا بە یەکەم دەرچوو.

حەمید مستەفا لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "خۆشحاڵم کە توانیم پلەی یەکەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە دەستبێنم و ببمە یەکەمی ئەو پێشبڕکێیە، هیوادارم بتوانم ئەو بارە قورسە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵبگرم و خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوردی بکەم".

لە مەراسیمێکدا لە هۆڵی میدیا دوای پێشکەشکردنی چەند لاوکێک، خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان کە لەسەر ناوی بنکەی مەقام بوو بەخشرا بە حەمید مستەفای لاوکبێژ.

# بە ڕەنگ مێژووی کورد نیشاندەدات



**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**


هونەرمەندی شێوەکار دارا محەممەد عەلی لە پێشانگایەکی تایبەتدا چەندین تابلۆی نمایش کرد کە مێژووی کوردستانیان دەگێڕایەوە.

لە 14 یەمین پێشانگای شێوەکاری تایبەتی خۆیدا کە کۆمەڵێک کەڤاڵی نمایش کردبوو، بەشێک لە مێژووی کوردستانی نیشاندا و لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە تابلۆیەکانی تایبەت کردبوو بە مۆتیڤی کوردەواری.

دارا دەربارەی ئەم کارەی بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ ئەوەی مێژووی خەبات و بەرخودانی شۆڕشگێڕانی کورد بە نەوەی نوێ ئاشنا بکەم و بزانن ئێمە چۆن گەیشتووینەتە ئەمڕۆ، یەکێک لە تابلۆکانم باس لە ڕادەستکردنی ئاڵای کوردستانە لە پێشەوا قازی محەممەدەوە بۆ بارزانی تاوەکو گەیشتن بە حکومەتی کوردستان".

جگە لەمەش دارا بەشێکی دیکەی پێشانگاکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەرشیفی هونەری خۆی لە ساڵی 1974ەوە تاوەکو ئەمڕۆ.

# جۆرج بوش دەبێتە نیگارکێش





**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بڕیارە جۆرج بوش، سەرۆکی پێشووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەمین پێشانگای شێوەکاری خۆی لە شاری دالاسی ئەمریکا بکاتەوە.

تۆڕی هەواڵی CNNی ئەمریکی بڵاویکردەوە کە جۆرش بوش ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ کردنەوەی یەکەمین پێشانگای شێوەکاری خۆی و بڕیارە لە مانگی نیسان لە شاری دالاس بیکاتەوە و 24 تابلۆی جۆراوجۆر نمایش دەکات.

بوش لە کاتی جێهێشتنی کۆشکی سپی لە ساڵی 2009 بەشداری خولێکی فێربوونی نیگارکێشی کردووە تاوەکو پەرە بە توانا شێوەکارییەکانی بدات، یەکەمین تابلۆشی وێنەی جای لینۆ پێشکەشکاری بەناوبانگی ئەمریکی بوو.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
زیاتر لەجاران هەست بەماندووبوون دەکەیت، خێرا بێزار دەبیت، بەڵام خۆت دڵتەنگ مەکە چونکە ڕۆژانی داهاتوو ئاسوودە دەبیت. کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستن و بەرنامەڕێژی نەک پەلەکردن و هەنگاوی نوێ.

**گا**
گرنگی زیاتر بە تەندروستیتان بدەن، خۆت بەدوور بگرە لەو گرفتانەی لەشوێنی کارەکەت ڕوودەدەن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەتۆوە نییە. ئەم هەفتەیە ڕووبەڕووی چەند بابەتێکی دڵخۆشکەر دەبنەوە.

**جمک**
بۆ چارەسەری گرفتەکان و گۆڕانکاری تەنها هەنگاوێکە لێی دوودڵ مەبە. لەم ماوەیەدا زیاتر لەجاران عاتفی دەبیت و دڵت ناسک دەبێتەوە. کەسانێک حەز بە نزیکبوونەوە لە تۆ دەکەن کە تۆ خۆشتناوێن.

**قرژاڵ**
هەرچەند کارەکان بەخاوی بەڕێوەدەچن، بەڵام بەهیچ جۆرێک پەلەکردن باش نییە. خەرجیت زۆر دەبێت، سۆزداری وەک جاران ئاسوودەت ناکات. گەشبینییەکانی ئێستا ئەنجامەکانی داهاتوو جوانتر دەکات.

**شێر**
دەتوانن هەوڵێکی نوێ لەگەڵ ئەو کارە بدەن کە پێشتر تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. کارە وەستاوەکانتان بەگەڕدەکەونەوە و دەتوانن کاری نوێ بکەن، بەڵام گرنگی بەماڵەکانتان و ڕازاندنەوەی بدەن.

**گوڵەگەنم**
لەگەڵ ئەوەی پشتیوانیەکانت بەهێزن، بەڵام کەمێک هەست بە ڕەشبینی دەکەیت، ئەنجامەکان لەوە باشتر دەبێت کە چاوەڕوانی دەکەیت. ئەم ماوەیە بەختێکی باش یاوەرتان دەبێت.

**تەرازوو**
کەمێک بێزاریت هەیە چونکە هەنگاوەکان بەخواستی تۆ بەڕێوە ناچێت، ماوەیەکی باشت لەبەر دەستە بۆ ئەوەی کارەکانت ڕێکبخەیتەوە. ئەم هەفتەیە خێراتر هەنگاوەکانت دەگەیەنیتە ئەنجام.

**دووپشک**
متمانە بەهەموو کەس مەکە هەتا تەواو دڵنیا نەبیت، ئەم ماوەیە بەختێکی باشت دەبێت و هەست بە ئاسوودەییەکی تەواو دەکەی. دەست بەو کارانەتان دەکەنەوە کە ماوەیەکە نەتانتوانیوە تەواویان بکەن.

**کەوان**
زیاتر سەرقاڵی کاروبارەکانی ماڵ و خێزان دەبیت. بەهۆی دواکەوتنی هەندێ لەکارەکان هەست بە ڕەشبینی مەکە. بەخت هاوکاریت دەکات و پێویست دەبێت پەیوەندی بەچەند هاوڕێیەکی دێرینتەوە بکەیت.

**کارژۆڵە**
گرنگییەکی زیاتر بە ماڵ و خێزان بدەن. بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ئەم ماوەیە، هەست بە بەختەوەریی دەکەن، پەیوەندی سۆزداری دڵخۆشت دەکات. هەر کارێکی نوێ ئەنجامێکی باش بەدی دەهێنێت. خۆشییە گەورەکەش هەر دێتەدی.

**سەتڵ**
بەهۆی بوونی ڤینۆس لەکەلوەکەت هەست بەخۆشی دەکەیت و خۆشەویست دەبیت، کاتێکی باشە بۆ سۆزداری، پەیوەندیتان زۆر دەبێت و کورتە سەفەرێک دەکەن. گرنگی بەتەندروستی و دەرامەت بدەن.

**نەهەنگ**
تیشکی هەتاو لە کەلوەکەتە، چالاکییەکانت زیاد دەکات و بەختەوەر دەبیت، دەرگایەکی نوێت بۆ دەکرێتەوە، سەرقاڵی کارێکی نوێ یان پرۆژەیەکی نوێ دەبن. بەختێکی باشتان دەبێت کە لە مێژە هەستتان بەو خۆشییە نەکردووە.

**بەکشتی:**

ئەم مانگە دوایین مانگی ساڵی کوردییە، چەند ڕۆژێکی دیکە بەهاتنی نەورۆز ساڵێکی نوێ دەستپێدەکات، هەر لەکۆنەوە خەڵک بەهۆی ئەم ڕۆژە ئاگریان کردووەتەوە، ئاگر لەسەرجەم ئاینەکاندا ناوی هاتووە و پیرۆز کراوە، لەڕووی دەروونیشەوە ئاگر دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشان و هێورکردنەوەی ناخی مرۆڤەکان، خەڵک لەزۆر شوێنی جیهان بۆ دروستکردنی کەشێکی خۆش ڕۆمانسی لەسەر مێزەکەیان مۆمێک دادەگیرسێنن و لەگەڵ خێزان یان خۆشەویستەکانیان بەبێدەنگی دادەنیشن و کەشێکی ڕۆمانسی وەها دەخولقێنن کە مەیلی سۆز و خۆشەویستییان بۆ یەکتر تازە دەبێتەوە، لەڕێگەی ئەم تیشکی مۆمەوە پڕدەبن لەخۆشەویستی یەکتر کە هیوایان بەدنیا جوانتر دەکات. با ئێمەش لەگەڵ داگیرساندنی ئاگری ئەم نەورۆزە خۆمان هێمن بکەینەوە و بڕیار بدەین کەشێکی نوێ لە ساڵی نوێ دروستبکەین.

# نێرگز هەموو شتێک بۆ دایکی باس دەکات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

نێرگز فەخری، نمایشکار و ئەستێرەی سینەما لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاشکرای کرد کە دایکی لە هەموو کارەکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە بە کاری باش و خراپییەوە.

نێرگز گوتیشی "زۆر جار کە مادەی هۆشبەریشم خواردووە دواتر دایکم لێ ئاگادار کردووەتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی خۆیشم لەگەڵ هاوڕێکانم بۆ دایکم باسدەکەم، چونکە ناتوانم هیچ شتێکی لێ بشارمەوە".

نێرگز کە ساڵی 2011 بۆ یەکەمجار بەشداری فیلمێکی کردووە بەناوی ڕۆک و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، لە باوکێکی پاکستانی و دایکێکی چیکی لە ئەمریکا لەدایکبووە.

# سەرکردەیەکی کوردەکانی ئیسرائیل چاوەڕێی پەیوەندییەکە

**لازار بێرمان**
**رووداو- ئۆرشەلیم**

لە دوانیوەڕۆیەکی سارد و ساماڵی مانگی شوباتدا، خوێندکارانی فێرگەی (بەیت ها تزایەر) واتە خانەی نیگارکێشان لە ئۆرشەلیم چووبوونەوە ماڵەوە و تەنیا چەند مامۆستایەک لە فێرگەکەدا مابوون کە خەریکی ئامادەکردنی پلانی وانەکانیان بوون. لە ژووری بەڕێوەبەر، نەخشەیەکی کوردستان بە دیواری پشتیەوە و ئاڵای ئیسرائیل و کوردستانیش بە تەنیشت یەکەوە لەسەر مێزەکەی دانرابوون، ئەو پیاوە هێشتا زۆر سەرقاڵ دیار بوو.

تەلەفۆنەکەی یەهودا بن یوسف، بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری فێرگەیەک بۆ گەنجانی سەرەڕۆ، بەردەوام زەنگی لێدەدا. کەسێک پەیوەندی کرد و پرسیاری کرد لەبارەی ئامۆزاکەی کە کێشەی یاسایی هەیە، ئاخۆ دەتوانێ پەیوەندی بەو فێرگەیەوە بکات. مامۆستایەکیش تەلەفۆنی کرد و زانیاری نوێی پێبوو لەبارەی یەکێک لەو خوێندکارانەی کێشەی خێزانیی هەبوو.

بەڕێوەبردنی فێرگەیەکی تایبەت بە خزمەتکردنی ئەو گەنجانەی کە سەر بە کێشەن لە ئۆرشەلیم، بۆ هیچ کەسێک کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لە سەرووی ئەم کارەیەوە کە دانیشتنە لەگەڵ پۆلیس، سەرپەرشتیکردنی دوو هۆتێل بۆ حەوانەوەی فێرخوازان و بەڕێوەبردنی فێرگەکە، بن یوسف سەرکردایەتی ڕێکخراوی نەتەوەیی (ناشناڵ ئۆرگانیزەیشن) دەکات کە تایبەتە بە جولەکە بە ڕەچەڵەک کوردستانییەکانی نیشتەجێی ئیسرائیل.

باپیرەی بن یوسف، حاخام شالۆم شیمۆنی، حاخامی دهۆک بووە و بەرپرسیار بووە بەرامبەر هەموو جولەکەکانی ئەوکاتی کوردستان. بن یوسف خۆی لە ئۆرشەلیم لەدایکبووە و پیشەی مامۆستایی هەڵبژاردووە. ساڵی 2000 قوتابخانەی بەیت ها تزایەری کردووەتەوە بۆ خزمەتکردنی ئەو گەنجە ئیسرائیلیانەی تووشی کێشەی یاسایی دەبن یان بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ناچاربوونە ماڵ بەجێبێڵن. ئەمڕۆ جگە لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە و ڕێکخراوە نەتەوەییەکە، بن یوسف وەک نوێنەری گەڕەکی ئارمۆن ها ناتزیڤ دەستنیشانکراوە کە دانیشتووانەکەی 25 هەزار کەسن. بن یوسف هەروەها جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی ئۆرشەلیم و بەرپرسی ڕێکخراوی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانی ئۆرشەلیمە.

هەرچەندە تەمەنی گەیشتووەتە قۆناغی خانەنشینی، بەڵام خۆبەخشانە وەک ئەفسەری لۆجیستی یەدەگ لە هێزی بەرگریی ئیسرائیلیش کاردەکات و پلەکەی نەقیبە.

هاڤیڤ شیمۆنی، مامی بن یوسف، ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕێکخراوی نەتەوەیی کوردی دامەزراند. شیمۆنی کە ساڵی 1933 لە کوردستان لەدایکبووە، ساڵی 1936 چووەتە فەلەستین. پاش ئەوەی وردە وردە پلەی بەرز بووەتەوە لەڕێی ڕێکخراوە کرێکارییەکانەوە، لەساڵی 1974 بۆ 1977 بووەتە ئەندامی کنێستی ئیسرائیل (پەرلەمان).

بەهۆی شیمۆنییەوە، کۆمەڵگەی کوردی لە ئیسرائیل کە بە ڕۆژگارێکی سەختدا تێدەپەڕی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی نوێ، لەڕووی سیاسی و کەلتوورییەوە شێوەی گرت. شیمۆنی لە نزیکەوە مەلا مستەفا بارزانی ناسیوە و رابەرایەتی کۆمەڵگای کوردی ئیسرائیلی کردووە بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد و داواکردن لە حکومەتی ئیسرائیل بۆ هاوکاریکردنی شەڕوانانی کورد. شیمۆنی سەرنووسەری بڵاوکراوەی زمانحاڵی ڕێکخراوەکە بووە بەناوی "ژیانەوە". ڕۆژنامەکە چەندین وێنەی بڵاوکردووەتەوە لەبارەی ئەو ئیسرائیلیانەی لەسەردەمی شۆڕشدا سەردانی کوردستانیان کردووە بۆ باسکردن لە هاوکاریی سەربازی. بڵاوکراوەکە هەندێ وێنەی خۆپیشاندانی کوردەکانی ئیسرائیلی بڵاوکردووەتەوە لەدژی کۆمەڵکوژیی کوردی عێراق لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

لەکاتێکدا کورد لە دەستی هەڵمەتەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن هەڵدەهاتن، ڕێکخراوەکە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لەنێوان سەرۆک وەزیرانی ئەوکات ئیسحاق شامیر و چوار سەرکردەی کۆمەڵگای کوردی تاراوگەنشین لە ئەڵمانیا کە لەلایەن حەمۆ حوسەینەوە بەڕێوەدەبرا. سەرۆک وەزیران پێیگوتن "حکومەت و خەڵکی ئیسرائیل لە ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد تێدەگەن و لە دڵەوە لەگەڵتانین".

هەروەها گوتبووی "ئەمڕۆ، ئەوان چەکی کیمیاوی لەسەر ئێوە تاقیدەکەنەوە، ئیسرائیل یەکەم دەوڵەت بوو لەوبارەوە هۆشداری بدات، دڵگرانیشین لە لاوازیی هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. هەموو شتێک دەکەین لەپێناو پشتیوانیکردن لە هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ".

ناشناڵ ئۆرگانیزەیشن لە هەوڵدایە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی کەلتووری کوردی لەنێو کوردی جولەکە. ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەموو ساڵێک بۆنەی ساهارانێ ڕێکدەخەن کە فێستیڤاڵێکی نەریتی بەهارەی کوردی جولەکەیە. بڵاوکراوەی (ژیانەوە) تژی بووە لە نووسینی ئەو جولەکانەی لە کوردستانەوە هاتوون و تێیدا لەبارەی یادەوەرییەکانیان لە وڵاتی جارانیان و چیرۆکی سەردانەکانیان بۆ کوردستان و جۆرەکانی خۆراک و گۆرانی نووسیویانە.

بەڵام شیمۆنی لەساڵی 1994 لەناکاو کۆچی دوایی کرد. بەبێ ئەو ناشناڵ ئۆرگانیزەیشن ڕێچکەی خۆی ونکرد.

سەرۆکی دووەمی ڕێکخراوەکە پیاوێک بوو بەنێوی سیمانتۆڤ کە ڕێکخراوەکەی تووشی قەیرانی دارایی و کێشەی یاسایی کرد. 4 ملیۆن شێکڵی ئیسرائیلی لە ڕێکخراوەکەدا دیار نەما، بۆیە تۆمەتی گەندەڵی درایە پاڵ. کۆمەڵەکە کە بە کۆششی چەندین ساڵەی شیمۆنی دەسەڵاتی کەلتووری و سیاسی خۆی بنیاتنا، کەوتە بەر مەترسی لەنێوچوون.

لەکۆتاییدا، کۆمەڵگەی کوردی لە ئیسرائیل چیدی دانیان بەخۆیاندا نەگرت و داوایان کرد سیمانتۆڤ ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتوو. سیمانتۆڤ هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لە قبووڵکردنی فشاری خەڵک.

لەساڵی 1999، ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەنگیاندا. سیمانتۆڤ و بەڵێندەرێکی بیناسازی بەناوی شلۆمۆ کۆل خۆیان کاندید کرد، بەڵام بن یوسف بەڕێژەیەکی بەرچاو هەڵبژاردنەکەی بردەوە و دەستیکرد بە بنیاتنانەوەی ڕێکخراوەکە و دامەزراندنی ڕێکخراوی هاوکاریکردنی گەنجانی سەرەڕۆ هەروەک چۆن ژیانی چەندین ژن و پیاوی ئۆرشەلیمیشی بنیاتنایەوە.

بن یوسف دەستیکرد بە چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان، ئەو دەڵێت "هەموو ئەوانەی لێرە کاردەکەن خۆبەخشن، بەخۆشمەوە. بەرامبەر ئەم کارەم هیچ پارەیەک وەرناگرم".

گرووپە خۆبەخشەکەی سەرکەوتوو بوون. بە بودجەی نزیکەی نیو ملیۆن شێکڵ، ڕێکخراوەکە هاوکاریی کۆمەڵگەی کوردی کرد لە کەوتنەوە سەرپێی خۆی. لەڕووی کەلتوورییەوە، کۆمەڵەکە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی نێوخۆیی بەڕێوەدەبەن، ساڵانە سێ ژمارەی گۆڤارێک چاپدەکەن، بە ئامادەبوونی هەزاران میوانیش، بەهاران فێستیڤاڵی سەهارانێ بەڕێوەدەبەن.

لەڕووی سیاسیشەوە، ڕێکخراوەکە نوێ بووەوە. لەژێر سەرپەرشتی شیمۆنی، کۆمەڵگەی کوردی پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ تێدی کۆلێک، سەرۆک شارەوانییە ئەفسانەییەکەی ئۆرشەلیم کە خەڵاتی ساڵانەی ڕێکخراوەکەیان پێبەخشی بەهۆی پشتگیریکردنی لە کۆمەڵەکە. بەهەمان شێوە بن یوسفیش پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ نیر بەرەکات، سەرۆک شارەوانی ئێستای ئۆرشەلیم دروستکردووە. بن یوسف دەڵێت "بەرەکات پشتگیری هەموو شتێکی کردووە کە پەیوەندی بە کۆمەڵەکەمانەوە هەبووبێت".

بن یوسف پشتگیری بەرەکاتی کرد بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی. ئەویش داوای لە بن یوسف کردبوو کە ئەگەر خۆی بپاڵێوێت ڕیزبەندی چوارەمی لیستەکەی پێدەدات، بەڵام بن یوسف ئەو داوایەی ڕەتکردەوە "دەبووایە وازم لەم فێرگەیە هێنابا کە خۆم دامەزراندووە. بۆ من زۆر گرنگ بوو لێرە بمێنمەوە".

سەرەڕای سەرکەوتنەکانی ئەم دواییە، ئامانجێکی سەرەکی کە ڕێکخراوەکە نەیتوانیوە لەسایەی بن یوسفدا بەدی بهێنێ دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بن یوسف خەون بەوەوە دەبینێ ڕۆژێک لە ڕۆژان هەرێمی کوردستان یارمەتی کوردی ئیسرائیل بدات بۆ کردنەوەی ناوەندێکی کەلتووری لە ئۆرشەلیم "ئەگەر لێرە ناوەندێک بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکەینەوە لەگەڵ مۆزەخانەیەک دەربارەی ژیانمان لە کوردستان، کەلتوورمان، ئەوە وەک نیمچە باڵیۆزخانەیەک دەبێت بۆ کوردستان، دەخوازین هەندێ یارمەتیمان لەوانەوە پێبگات. پێویستمان بە هاوکاری داراییە کە زۆریشی تێناچێت، چونکە زەویەکەمان بێ بەرامبەر دەستدەکەوێت. هەروەها حەزدەکەین کەلوپەلی ئاسەواری و هەندێ وێنەمان لە هەرێمی کوردستانەوە پێبگات. ئەوکات ناوەندەکە وەک مۆزەخانەیەکی لێدێت. هەر کوردێک کە بێتە ئێرە ئەوە شوێنێکی دەبێت کە سەردانی بکات، ناونیشانێکی دەبێت".

بن یوسف هیواخوازە هەرێمی کوردستان یارمەتی بدات لە دۆزینەوەی وەرگێڕی لێهاتوو بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ و گۆڤارێک بە زمانی کوردیی پاراو. ناشناڵ ئۆرگانیزەیشن لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەو خوێندکارە بە ڕەچەڵەک کوردانەی لە زانکۆکانی ئیسرائیل دەخوێنن، ئومێدەواریشە کردنەوەی ناوەندەکە ببێتە ماڵێک بۆ ئەو خوێندکارانە.

بن یوسف دەڵێت "ئێمە کۆمەڵگەیەکی بچووکین، نەک وەک عێراقییەکان، نەک وەک مەغریبییەکان. هەوڵدەدەین یارمەتی ئەو کوردانە بدەین کە دێنە ئێرە، هەوڵدەدەین ڤیزا وەربگرین بۆ ئەو منداڵە نەخۆشانەی دێنە ئێرە".

بن یوسف گەشبینە بەوەی بنیاتنانی ناوەندەکە و بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان وابکەن هەرکات کوردستان سەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئیسرائیل دانی پێدا بنێت.

لەو ڕووەوە دەڵێت "ئەمە تەنیا بۆچوون نییە، بەڵکو دڵنیام لەوەی ئیسرائیل دان بە دەوڵەتی کوردستاندا دەنێت. دەزانم کە دەرگای وەزارەتی دەرەوە بۆ کورد لەسەر پشتە، گومانم لەوە نییە".

بن یوسف ئاماژەی بەوە کرد کە حکومەتی تورکیا ڕێگر بووە لە دامەزراندنی پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان کورد و ئیسرائیل لەم ساڵانەی دواییدا، هەروەها نیگەرانی خۆی دەربڕی لە بڕیاری ئیسرائیل بۆ دووبارە نزیکبوونەوە لە ئەنقەرە.

بن یوسف لەوە تێدەگات کە ئاستەنگ لەبەردەم هەرێمی کوردستان هەن بۆ کارکردن لەگەڵ کوردی ئیسرائیل، ناشتوانێ هیچ بکات بۆ زیاتر نزیکخستنەوەی وادەی سەربەخۆیی کورد. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەرێمی کوردستان لە ناشناڵ ئۆرگانیزەیشن نزیک بێتەوە، بن یوسف لەو باوەڕەدایە ئەو هەوڵە دەبێتە مایەی دووبارە بووژاندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ئیسرائیل و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە.



## هاری گروینبێرگ، ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا:

# لە کوردستانی سووریا شانسی پێشکەچوونی دیموکراسی هەیە

هاری گروینبێرگ، سێ خولە ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیایە و پێش ئەوەش ماوەی 8 ساڵ لە ئیسرائیل خەریکی پرۆژەی سیاسی جۆراوجۆر بووە. شارەزای کاروباری ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی، عیبری و عەرەبی بەباشی دەزانێت.
گروینبێرگ وەکو سەرۆکی تۆڕی پشتیوانیکردنی کوبا لە ئەوروپا، لە هاڤانای پایتەختی ئەو وڵاتە بەشداری پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی کرد. ئەو پێشانگایە ساڵانە لە هاڤانای پایتەخت سازدەکرێت و بەهۆی بەشداری 600 هەزار میوان دەبێتە گەورەترین پێشانگا لە ئەمریکای لاتین. (رووداو) لە پێشانگاکەدا ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ گروینبێرگ سازکرد.

هەڤپەیڤین: سەردار عەگید بۆزتەمور
رووداو - کوبا



کورد لە سووریا سەرباری هەموو شتێک ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەیان بەباشی بەڕێوەبردووە

**رووداو: پێتانوایە لەداهاتوودا چی لە سووریا ڕوودەدات؟**

**هاری گروینبێرگ:** ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات بەشێکە لە "بەهاری عەرەبی". سەرەتا بزووتنەوەی گەورەی خەڵک داوای یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی زیاتریان کرد. هەردووکیشیان لە سووریا نەدەدران، چونکە ئەسەد داواکاریی وڵاتانی ڕۆژئاوای جێبەجێ دەکرد و سیستەمی لیبرالیزمی نوێی ئابووری پەیڕەو دەکرد. بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێگری لە ئازادی سیاسی دەکرد. ئەم خۆپیشاندانە جەماوەرییانە بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی کەنداو بوونە ڕاپەڕینی چەکداری. ئامانجی ئەو ڕاپەڕینانە هاتنەئارای دەوڵەتێکە کە بەرژەوەندی جیۆ-ستراتیژی وڵاتانی ڕۆژئاواش جێبەجێ بکات. ئەوەش وابەستەی ئەنجامی شەڕی ئێستایە. لە سووریا وا دەردەکەوێت کە ئەسەد لە بواری سەربازی بەهێزترە و چارەسەریش بەبێ بەشداری ئەو بەدی نایەت. لێرە ئەو پرسیارە دێتە ڕۆژەڤەوە: ئایا حکومەتێک دروست دەبێت کە هێزی دیموکرات و چەپڕەویش لەخۆ بگرێت. لە جنێڤ کۆنگرەیەک بەڕێوەچوو، بەڵام هەندێک بزووتنەوەی چەپڕەوی دیموکراتی وەکو PYD، بەئەنقەست بانگهێشت نەکران. ئەمەش مانای ئەوەیە چارەسەری تەنیا ئەوکاتە دەکرێت کە هێزە دیموکراتەکانیش بەشداربن. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ گەلی کورد گرنگە. چونکە یەکەمجارە هەڵەی نەژادپەرستیی عەرەب ڕاستبکرێتەوە کە هەرگیز لەگەڵ پێدانی مافی کەمینەکان نەبووە. دیارە شانسی پێشکەچوونی دیموکراسی لە کوردستانی سووریا هەیە و دەکرێ ببێتە نموونە بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرلەنوێ دیزاینکردنی سووریا.

**رووداو: PYD سیستەمی کانتۆنی ڕاگەیاند کە لە ئەزموونی سویسرا وەرگیراوە. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەوە؟**

**هاری گروینبێرگ:** سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە پێشکەچوونی خۆبەڕێوەبردن لە کوردستان هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام ئەم هەنگاوە دەبێ بە دیالۆگی نێوان هەموو لایەنەکانی سووریا جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا پتەو بێت. هەروەها دەبێ مەسەلەی کوردستان نەبێتە گەمەی داواکاریی دابەشکردنی سووریا. واتە کێشەکە ئێستا ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا تازە چەک دەدەنە سوپای ئازادی سووریا بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ئەو وڵاتە. بەمشێوەیەش وێڕای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە ئاگربەستێکیش ڕادەگەیەندرێت و مەسەلەی پارچەبوونیش دێتە ڕۆژەڤەوە. مەبەستم ئەوەیە کە دەکرێ کانتۆن ببنە ئاڵتەرناتیڤ، بەڵام پێویستە ئەمە بە ڕێککەوتنی نەتەوەیی بکرێت. بۆ کورد باشە ئێستا سیستەمی خۆیان دروستبکەن و هەڵبژاردن ئەنجامبدەن. بەڵام دەبێ کورد بە ئاشکرا خەبات بۆ یەکپارچەیی سووریا بکات.

**رووداو: دوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەر، وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەکەوە شەڕ لە دژی قاعیدە دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە لە سووریا هاوکاری گرووپەکانی نزیکی قاعیدە دەکەن، ئێستا کامەیان ڕاستە؟**

**هاری گروینبێرگ:** ئەمە هەمووی بەشێکە لە ئامانجەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەوە ڕێکەوت نییە کە ئێستا لە هەندێک وڵاتی ئەمریکای لاتین قەیرانێک دروست بووە، هەروەها لە ئۆکراینا، ماوەی سێ ساڵیشە لە سووریا شەڕە. مەسەلەکە ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێ ڕەوشی جیۆ-ستراتیژی و جیۆ-سیاسی کۆنترۆڵ بکەن. ئەمە وابەستەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەر لەنوێ ئیستیعمارکردنی وڵاتانی جیهانی سێیەمە. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەیانەوێ سەرچاوە سروشتییەکان، ڕێگەی گواستنەوەیان و هەروەها بازاڕەکانیش کۆنترۆڵ بکەن. مەبەستیشیان کشانەوەی سووریایە لە پرۆسەی دروستکردنی بلۆکی نوێی ئۆراسیا کە ڕووسیا و چین هەوڵی بۆ دەدەن. ئەمە ستراتیژێکی گرنگە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

**رووداو: دەگوترێ ئێوە لەگەڵ ساڵح موسلم هاوسەرۆکی PYD دانیشتوون. باسی چیتان کرد؟**

**هاری گروینبێرگ:** ئێمە لە پەرلەمانی ئەڵمانیا لە بەرلین لەگەڵ بەڕێز ساڵح موسلم دانیشتین. لە سەر ڕەوشی نالەباری گەلی کورد لە سووریا گفتوگۆمان کرد لەبارەی ئەو ئابڵوقەی تورکیا کە ڕێگری دەکات لە ناردنی کۆمەکی مرۆیی بۆ کوردستانی سووریا. دیارە (موفارەقە)یە کە هەندێک هاوکاری بەهۆی فڕۆکەی ڕووسی و بە ڕێگەی ئەو فڕۆکەخانانەی هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی سوپای ئەسەد دان، دەگەنە ئەو وڵاتە. دیارە ئەمە بەس نییە. دەبێ سنوور بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەشێکی باشی دەرمان و خواردن بگاتە گەلی کورد. کورد تاوەکو ئێستا و سەرباری هەموو شتێک ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەیان بەباشی بەڕێوەبردووە. بۆ نموونە لە بواری ئابووریدا بەشێوەیەک ڕەفتاریان کردووە کە تاوەکو ئێستاش خواردن بڵاودەکرێتەوە. بەڵام ساڵی داهاتوو کێشەی زیاتریان دەبێت، چونکە بواری کشتوکاڵی پێشناکەوێت. بەمشێوەیەش بژێوی ژیانی خەڵک مسۆگەر نابێت.

**رووداو: هەڵوێستی تورکیا لەم شەڕەدا چییە؟**

**هاری گروینبێرگ:** لەگەڵ هاتنی ئەردۆغان وڵاتانی ڕۆژئاوا دەستیانکردبوو بەپێشبڕکێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیاش دەیویست بێبەش نەبێت لەوە. بۆیە دەستبەرداری هاوکاریکردنی ئەسەد بوو و بەشداری کرد لە پرۆسەی سەربازی بۆ دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات. بەڵام تورکیا ناتوانێت بەتەنیا کاریگەری لەسەر هەرێمەکە هەبێ. چونکە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئەوەیان ناوێ. لێرەدا گۆڕانکارییەکی تازە دێتە ئاراوە. تورکیا هەوڵدەدات خۆی کەمێک ڕێکبخاتەوە. ئەردۆغان خێرا چووە تاران و هەوڵیدا مامەڵەیەک لەگەڵ ئێران بکات لەسەر چارەنووسی سووریا. ئێمە ئێستا دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە ناکۆکی لە سیاسەتی تورکیادا دروستبووە. کەمێک دوورکەوتنەوە لە پشتیوانیکردنی بەرەی نوسرە هەیە.

**رووداو: ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سووریا سەرکەوتن، چی ڕوودەدات؟**

**هاری گروینبێرگ:** ئێران دەبێتە قوربانی گۆڕینی ڕژێمەکان لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە. پرسیار لێرە ئەوەیە کە کاریگەری ئەوە چی دەبێت، ئەگەر ئەویش وەکو ئۆکراینای لێبێت و بکەوێتە دەست وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەوکاتە کاریگەری چین و ڕووسیا لەناوچەکە زۆر لاواز دەبێت. لە سووریاش حکومەتێک دادەمەزرێ بەپێی ویستی ڕۆژئاواییەکان.

### لە نەشتەرگەری چاندنی بۆڕیی خوێنی دڵ

# سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ لە سلێمانی ستانداردی جیهانی تێدەپەڕێنێ

## پزیشکێک: یەکەم هۆکاری تووشبوونی دڵ بە نەخۆشی جگەرەیە، دووەم جگەرەیە، سێیەم جگەرەیە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

دڵ، ئەو ئەندامە 300 گرامییەی لە سینگی هەریەکەماندایە، هێندە بۆ ژیان گرنگە کە مەحاڵە دوای 10 خولەک لە وەستانی، ژیان بەبەر مرۆڤدا بێتەوە. لەو ئەندامە دەگمەنانەی جەستەشە کە هەتا مردن پشوو نادات و هەردەم لە کاردایە، بەجۆرێک ئەگەر کەسێک 66 ساڵ بژی، لەماوەی ژیانیدا دڵی 2 ملیار و 500 ملیۆن جار لێدەدات.

بەڵام چەند پسپۆڕێتییەکی پزیشکی هەن کە کاریان بریتییە لە دەستتێوەردان لەکاری دڵ، هەڵبەت بە ئامانجی باشترکردنی کارەکانی.

د.کامەران قەرەداخی، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکان و قەستەرەی دڵ دەڵێت لەکاتی ئەنجامدانی قەستەرەدا وایەرێک لە بۆڕییەکی خوێنی ڕانەوە بەرەو دڵ و بۆڕییە خوێنەکانی ئاراستە دەکەین، تا ببینین گرفتی چییە و بە چ ڕێگایەک چارەی بکەین".

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لەساڵی 1929 دکتۆر ویرنەر فۆرسمان قەستەرەی ئەنجامدا کە لەسەر خۆی تاقیکردەوە و توانی وایەرێک لە بۆڕی خوێنی قۆڵییەوە بگەیەنێتە لای ڕاستی دڵی و زانیاری لەسەر وەربگرێت. ئیدی ئەنجامدانی قەستەرە پەرەی سەند و لە ساڵی 1941 ەوە بەشێوەیەکی ستاندارد لەسەر ئاستی جیهان بەکاردێت و ئێستا جگە لە دەستنیشانکردن، چارەسەریشی پێ دەکرێت.



د.کامەران دەڵێت "کاتێک دەچینە ناو بۆڕییەکی خوێنی دڵ و دەبینین گیراوی یان تەسکبوونەوەیەک هەیە، بە ئامێری باڵۆن کە لەشێوەی چووپێکدایە هەوای تێبکرێت، شوێنەکە فراوان دەکەین. ئینجا باڵۆنەکە دێنینە دەرەوە و شەبەکە لە شوێنەکەدا دادەنێین کە لە جۆرێک تۆڕی کانزایی پێکهاتووە و ناهێڵێت بۆرییە فراوانکراوەکە دووبارە تەسک ببێتەوە".

سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ لە سلێمانی ساڵی پار لەو 9856 نەخۆشەی داخڵی قاوشەکانی کراون، قەستەرەی بۆ 2567 کەس ئەنجامداوە و 1529 کەسیشیان باڵۆنیان بۆ کراوە.

وەک ئەو پزیشکە پسپۆڕە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت، قەستەرە دەکرێت کتوپڕی بێت و مردن و ژیانی کەسەکە لە چەند کاژێرێکدا یەکلایی بکاتەوە، هەندێکجاریش بۆ کەیسی سارد ئەنجامدەدرێت، کە کەسەکە ساڵانێکە بەدەست نەخۆشییەکەوە دەناڵێنێت و دەکرێت قەستەرە و باڵۆن ببنە چارەسەرێکی گونجاو بۆی.

هەندێکجار حاڵەتی نەخۆشییەکە بەجۆرێکە، قەستەرە و باڵۆن و شەبەکە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نابێت لە چارەسەردا و ئیدی دەبێت بە نەشتەرگەرییەکی کراوە ڕاستەوخۆ کار لەسەر دڵ بکرێت.

ئەو پرۆسەیە بە چاندنی بۆڕیی خوێنی دڵ -coronary artery bypass graft- ناسراوە و ئێستا لە کوردستان ئەنجامدەدرێت.

د.کامەران قەرەداخی، لەبارەی ئەو کەسانەی پێویستیان بە ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە دەبێت، گوتی "ئەوانەی چەند بۆڕییەکی سەرەکی دڵیان گیراوە، نەخۆشیی شەکرە و خراپبوونی بۆڕییەکانی دڵیان هەیە، بۆڕییەکانی خوێنی دڵیان کلسی کردووە، دڵیان لاواز بووبێت هاوکات لەگەڵ تەسکبوونەوە و گیرانی بۆڕییەکانی خوێنی دڵیاندا".

وەک ئەو پزیشکە گوتی، لەو بارەدا بۆڕیی خوێنی قاچ یان ئەندامێکی دیکەی لەش دەردەهێنرێت و لە دیواری دڵدا دەچێنرێت تا لەجێی بۆڕییە گیراوەکە خوێن بۆ شانەکانی دڵ بگوازێتەوە.

لە سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ لە سلێمانی ساڵی پار 279 کەس نەشتەرگەریی کراوەی دڵیان بۆ ئەنجامدراوە.

د.کامەران دەڵێت "ڕێژەی سەرکەوتنی قەستەرە و باڵۆن و شەبەکەی دڵ و نەشتەرگەری دڵ لە سلێمانی، لە ستانداردی جیهانی سەرکەوتووترە و ڕێژەی ڕووداوی نەخوازراویش لەکاتی ئەنجامدانیاندا کەمترە".

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێت ڕێژەی نەخۆشییەکانی دڵ و پێویستیی ئەنجامدانی دەستتێوەردان لە دڵ، ڕوو لە زیادبوونە. بەڵام دەڵێت "بۆ ئەوەی بە وردی هۆکارەکانی ئەو زیادبوونە دیاری بکەین، پێویستمان بە توێژینەوەی زانستی پزیشکی هەیە کە لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکرێت. نەک وەکو ئێستا هەر پشت بە توێژینەوەی وڵات و میللەتانی دی ببەستین.

وەک ئەو پزیشکە ڕوونیکردەوە، ئەنجامدانی توێژینەوە کاری وەزارەتی تەندروستی نییە، چونکە تەندروستی وەزارەتێکی خزمەتگوزارییە نەک ئەکادیمی و تەنیا دەتوانێت بە پێدانی داتا و زانیاری هاوکار بێت.

د.کامەران گوتیشی "ئەنجامدانی توێژینەوە، پێویستی بە پشتیوانی بەهێزی زانکۆکان و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان هەیە و ئەگەر لایەنێکی لەو جۆرە پشتیوانیمان بکات، ئێمە وەک پزیشک ئامادەین دەست بە توێژینەوە بکەین".

کاتێک (ڕووداو) پرسیاری گرنگترین تاوانباری لێکرد لە نەخۆشکەوتنی دڵ و بۆرییەکانی خوێندا، د.کامەران گوتی "یەکەمین جگەرە، دووەمین جگەرە، سێیەمین جگەرە ئینجا هۆکارەکانی دیکەیە".



**د. ئیکرام حوسێن**

## ددان دڵ نەخۆش دەخات

نەخۆشکەوتنی ددان و شانەکانی دەوروبەری دەکرێ ببنە هۆکار بۆ نەخۆشکەوتنی دڵ، بەڵام چۆن؟

لە ناو دەمدا ڕێژەیەکی زۆری دەمارەکانی خوێن هەیە، هەر لەبەرئەوەشە ئەوانەی نەخۆشیی دڵیان هەیە کاتێک حاڵیان تێکدەچێت، ئەوحەبەی پێیانە وپێیدەگوترێت نایترۆگلسرین، دەبێت لە ژێر زمانیان دابینێن، چونکە لەوێوە بە زۆرترین خێرایی، کاریگەری دەرمانەکە دەگاتە دڵ.

ئەو کەسانەی هەرگیز ددانەکانیان ناشۆن، یان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک گرنگی بە نۆشداری دەم و ددانیان نادەن، دوای نانخواردن ماددەیەکی سپی زەردباو کە پێی دەگوترێت پلاک لەسەر ددانەکانیان دروستدەبێت، ئەو ماددەیە پاشماوەی خۆراکە جێدەمێنێت، بەتایبەتیش لەو جێگایانەی ددان و پووک پێکدەگەن، دواتر ئەگەر پلاک لە ددان نەکرێتەوەو نەشۆردرێت بەهۆی پێکهاتەکانی ناو دەم و بەکتریا ئاساییەکانەوە دەترشێت و دەگۆڕێت بۆ ماددەی زیانبەخش، ئەوەش دەبێتە هۆی هەوکردنی پوک و خوێنبەربوونی.

زۆرن ئەوانەی لەبەر خوێن هاتن لە پووک واز لە شووشتنی ددانەکانیان دەهێنن، بەڵام وازهێنان نەک هەر چارەسەری کێشەکە ناکات، بەڵکو خراپتریشی دەکات، بەکتریاکان زیاتر گەشە دەکەن و زیانبەخشتر دەبن، بەهۆی ئەو پێکهاتانەی لە لیکدا هەن، ماددە سپییە زەردباوەکە دەگۆڕێت بۆ ماددەیەکی دیکەی خراپتر ئەویش کلسە، لێرەدا کاریگەرییە خراپەکان پووک تێدەپەڕێنن بەرەو شانەکانی دیکەی دەوروبەری ددان، لە پرۆسەیەکی هێواشدا ئاستی پووک دادەبەزێنن و دواتریش ئێسکی دەوروبەری ددان، بەکتریاکان هێندە بێڕەحمن تەنانەت بەشی تاقمیش پووک و ئێسک بۆ خاوەنەکەی ناهێڵنەوە، وای لێدەکەن هەر بە زەردەخەنەیەک یان ساوەرخواردنێک فلتە بکات و بکەوێتە ناو دەمیان.

زانایان پەیوەندییان لە نێوان نەخۆشییەکانی پووک و شانەکانی دەوروبەری ددان لەگەڵ چەندین نەخۆشی دیکەی وەک نەخۆشییەکانی دڵ و شەکرە و ڕۆماتیزم و کۆرپەلەی پێنەگەیشتوودا دۆزیوەتەوە.

لە ناودەمدا ڕێژەیەکی زۆر دەمار و موولوولەی خوێن هەیە، هەروەها خوێنلێهاتنی پووکیش نیشانەیە بۆ ئەوەی لەوانەیە بەکتریاکان بتوانن دزە بکەنە ناو سووڕی خوێن و خۆیان بگەیەننە ئەندامە هەستیارەکانی وەک دڵ.

بە درێژایی چەندین ساڵ، زانایان جۆرەهاو چەندین پەیوەندییان لە نێوان نەخۆشییەکانی پووک و شانەکانی دەوروبەری دۆزیوەتەوە، ئەوانەی نەخۆشیی پووکیان هەیە، زیاتر تووشی کێشە دەبنەوە لە تەندروستی دڵیاندا، لەوانەش تووشبوونیان بە جەڵتەی دڵ، ئەوەش لە ساڵی 2009 دا لەلایەن ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ نۆشداری پووک و شانەکانی دەوروبەری لە ڕۆژنامە زانستییەکاندا بڵاوکرایەوە.

ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین خەڵک کەبابی چەورو گەرم دەخۆن و دەخەون، بۆ هێنانی نانی گەرمی بەیانیانیش ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنن، تەنانەت هەندێک لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ پرسەکان، هەر ئەوەندەیە ئۆتۆمبێلەکانیان نابەنە نێو مزگەوتەکەوە، هەر بۆیە زیادبوونی نەخۆشیی دڵ شتێکی سەیر نییە، بەڵام جگە لە نەخۆشییەکانی دڵ و لەدەستدانی ددانەکان، بوونی کلس و پیسی بە ددانەکانەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی متمانە، چونکە جگە لە ناشرینییەکەی، بۆنێکی هێندە ناخۆش دروستدەکات، هیچ کەسێک ئامادە نییە بەرگەی بگرێت ئەگەر زۆر ناچار نەبێت، ئەوە ئەگەر نەشبێتە هۆی بینینی خەوی ناخۆش.



**د.زانیار نووری***

## دەماری خوێن و ڕەقبوونی

ئێمە دوو بۆڕی خوێنی سەرەکیمان هەیە لە لەشماندا، خوێنبەر کە خوێن دەبات لە دڵەوە بۆ لەش، خوێنهێنەر کە خوێن دەهێنێتەوە بۆ دڵ. چونکە خوێنبەر کاری سەرەکی دەکات، گیرانی ئەم بۆڕییە دەبێتە هۆی کۆمەڵێک نەخۆشیی زۆر. سەرەکیترین هۆکاریش ڕەقبوونی دەماری خوێنە؟

### ڕەقبوونی خوێنبەر چییە؟

ڕەقبوونی خوێنبەر واتە ماددەی چەوری بە پارچە پارچە لەسەر دیوی ناوەوەی خوێنبەرەکان دەنیشێت و دەبێتە هۆی گیرانی تەواو یان نیوە گیران. ئەمەش واتە کەم یان تەواو نەگەیشتنی خوێنە بە ئەندامەکانی لەش، بەڵام لە هەمووی گرنگتر بە دڵ خۆی! چونکە دڵ خۆیشی خوێنبەری هەیە (دەمارەکانی دڵ) تا پێی بژیت.

بەربڵاوی ئەم نەخۆشییە: یەکەم هۆکاری مردنە لە هەموو جیهاندا. هۆکاری سەرەکی نۆرە دڵێ (جەڵتەی دڵ) و نۆرەی دەماغ (جەڵتەی مێشک) و گیرانی دەماری قاچ.

هۆکاری تووشبوون: دوو هۆکار هەیە: یەکەم نەگۆڕن واتە ڕێک ناکرێن، دووەمیان دەتوانرێت ڕاست بکرێنەوە.

یەکەمیان وەکو ڕەگەز (نێر زیاتر تووش دەبن تا مێ) و تەمەن و بوونی نەخۆشییەکە لە کەسوکاردا (ئەگەر کەسێکی نزیکت تووش بووبێت و نێر بێت پێش تەمەنی 55 ساڵی یان مێ بێت و پێش 65 ساڵی).

دووەم وەکو جگەرەکێشان، قەڵەوی، شەکرە، بەرزیی پەستانی خوێن، بەرزیی چەوری خوێن، کەم جووڵەیی و خراپخۆری (کەمخواردنی میوە و سەوزە).

### خۆپاراستن لە تووشبوون:

وەکو گوتمان ئەم نەخۆشییە هۆکاری سەرەکی نۆرە دڵێ و نۆرەی دەماغە، لەبەر ئەوە خۆپاراستن لێی زۆر گرنگە بۆ دووربوون لەو نەخۆشییە مەترسیدارانە.

1- بزانە تۆ ئەو هۆکارانەت هەیە کە ڕاست ناکرێنەوە؟ ئەگەر هەتبوو دەبێت زووتر و توندتر پەیڕەوی لە خاڵەکانی دیکە بکەیت.

2- جگەرەکێشان: نۆرەدڵێ سێ ئەوەندە زیاد دەکات لە نێردا ئەگەر ڕۆژانە بیکێشێت، شەش ئەوەندە ئەگەر یەکێکی دیکەش لە هۆکارەکانت هەبێت وەکو شەکرە و جگەرەش بکێشیت ئەوا لەوپەڕی مەترسیدایت. دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان تاکە چارەسەرە.

3- چەوریی خوێن: کۆلیسترۆڵ (چەوریی بۆڕیی خوێن) یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکییەکان. ئەویش بەهۆی خواردنی چەور و تەمەن، چارەسەرەکەی پارێز و دەرمانە.


4- بەرزە پەستانی خوێن: هەر کەسێک پەستانی خوێنی بەرز بێت باشترە دەرمان بخوات لەگەڵ پارێز.

5- شەکرە: دوو ئەوەندە تا شەش ئەوەندە نزیک دەبێتەوە لەم نەخۆشییە، چارەسەرەکەی پارێز و زوو خواردنی دەرمانە.

6- قەڵەوی و کەم جووڵەیی: هەردووکیان دوو هۆکاری زۆر باوی ئەم نەخۆشیەن، چارەسەری بە پارێز و وەرزشە و دوور کەوتنەوەیە لە زۆرخۆری و خراپخۆری و زۆرتر ڕۆیشتنە بەپێ.

7- خواردن بە تەندروستی: واتە زیادکردنی خۆراکە کەم چەور و سووکەکان لە هەفتەدا نەوەک چەرەکان وەکو گۆشت و برنج و نان.

***هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشیەکانی هەناو و دڵ.**



## ئاڵۆزکاریەکانی قەستەرەی دڵ

**ڕووداو- nih.gov**

قەستەرەی دڵ بەگشتی ڕێگایەکی سەلامەتە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵ و بۆڕیەکانی خوێن. بەڵام هیچ پرۆسەیەکی دەستوەردانە جەستەی مرۆڤ بێ ئاڵۆزکاری و کەموکوڕی نییە، نەخاسمە لە بەشێکی گرنگی وەک دڵ و بۆڕیەکانی خوێندا.

### ئەنجامدانی قەستەرەی دڵیش بەشێوەیەکی دەگمەن چەند ئاڵۆزکاریەکی لێدەکەوێتەوە، لەوانە:

1- خوێنبەربوون و هەوکردن و ئازار لەو بۆڕییە خوێنەی وایەرەکەی لێوە ئاراستە دەکرێت.
2- برینداركردنی بۆڕیەکانی خوێن: لە حاڵەتی دەگمەندا ئەو وایەرەی بەناو بۆڕیەکانی خوێندا بەرەو دڵ دەچێت، دەبێتە هۆی ڕووشاندن یان تەنانەت کونکردنی بۆڕیەکانی خوێن.
3- دروستبوونی هەستەوەری (حساسیە) بەو بۆیەیەی لە وێنەگرتنی بۆڕیەکانی خوێندا بەکاردێت.

### لێکەوتەی دیکە هەن کە مەترسیدارترن، بەڵام کەمتر ڕوودەدەن و بریتین لە:

1- تێکچوونی ڕیتمی لێدانی دڵ: کە خۆبەخۆ چاک دەبێت، یان دوای پێدانی دەرمان باش دەبێت.
2- زیانگەیاندنی بۆیەکە بە گورچیلە.
3- بەرەڵابوونی کلۆگەلێکی خوێن کە ڕەنگە ببنە هۆی جەڵتەی مێشک یان دڵ.
4- دابەزینی فشاری خوێن.
5- کۆبوونەوەی ئاو لەو کیسەیەی دەوری دڵی داوە، کە ڕەنگە ببێتە لەمپەر لە بەردەم لێدانی دڵ.

### ئەگەری ڕوودانی ئاڵۆزکاری لە ئەنجامدانی قەستەرەی دڵدا لەم کەسانەدا زیاترە:

1- ئەوانەی شەکرەیان هەیە.
2- ئەوانەی گورچیلەیان سستە.
3- ئەوانەی تەمەنیان 75 ساڵ و زیاترە.
4- ئافرەتان زیاتر تووشی ئاڵۆزکاری دەبن لە چاو پیاوان.
5- ئەوانەی وەکو چارەسەرییەکی کتوپڕی قەستەرەیان بۆ دەکرێت.

## تووڕەیی جەڵتەی بەدواوەیە




**ڕووداو- medicalnewstoday**

بەپێی توێژینەوەیەکی زانستیی نوێ کە لە گۆڤاری زانستیی European Heart Journal دا بڵاوبووەتەوە، تووڕەبوون ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ زیاد دەکات.

توێژینەوەکە دەڵێ لە دوو کاژێری یەکەمی دوای تووڕەبووندا، ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ پێنج هێندە زیاد دەکات. هەر بەپێی توێژینەوەکە ئەوانەی هۆکاری ڕێگاخۆشکەری دیکەیان هەیە بۆ تووشبوون بە جەڵتە، وەکو بەرزیی فشاری خوێن، جگەرەکێشان، قەڵەوی، شەکرە و بەرزیی ئاستی چەوریی خوێن، زۆر زیاتر زەرەرمەند دەبن بە تووڕەبوون.

## منداڵەکەت مەکە قوربانی حەزەکانت



**ڕووداو- sciencedaily**

توێژینەوەیەکی زانستیی پزیشکی، هانی ئەو کەسانە دەدات کە بە نیازن ببنە دایک یان باوک، واز لە جگەرەکێشان بهێنن، تەنیا لەبەر خۆیان نا، بەڵکو بۆ منداڵەکانی داهاتووشیان.

توێژینەوەکە لە ئوسترالیا ئەنجامدراوە و بەرهەمی بەدواداچوونی تەندروستی هەزاران منداڵە کە تەمەنیان لەنێوان 3-18 ساڵ بووە و تێیدا بەدواداچوون کراوە بۆ تەندروستی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن لەنێوان ئەوانەی دایک و باوکیان جگەرەیان لە نزیکیان کێشاوە و ئەوانەی باوانیان جگەرەکێش نەبوون.

دواتر دەرکەوتووە جگەرەکێشانی باوان لە نزیک منداڵەکانیان، وادەکات بۆڕییەکانی خوێنی منداڵەکانیان تووشی چەند تێکچوونێکی هەمیشەیی ببێت و تەمەنی بۆڕییەکانی خوێنیان 3،3 ساڵ پیرتر بێت لەچاو ئەو هاوتەمەنانەیان کە باوانیان جگەرەکێش نەبوون

## پیادەڕەوی لە جەڵتەی دڵ دەتپارێزێت



**ڕووداو- webmd**

توێژینەوەیەک کە لە بەریتانیا کراوە، دەڵێت هەتا هەنگاوی زیاتر بنێیت و زیاتر پیادەڕەوی بکەیت، ئەگەری تووشبوونت بە جەڵتەی دڵ کەمدەکات.

توێژەرەکان گوتیان ئەگەر کەسێک 2000 هەنگاوی زیاتر بنێت لە ڕۆژێکدا بە بەراورد بە کەسێکی هاوتەمەنی خۆی، ئەوا ئەگەری تووشبوونی بە جەڵتەی دڵ بە ڕێژەی 10% کەمدەکات.

لە هەمان توێژینەوەدا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە، ئەگەر بە تێپەڕینی کات ژمارەی هەنگاوەکانت 2000 دانە زیاتر بکات لەوەی پێشوو، ئەوا سەرباری سوودەکەی پێشوو، ڕێژەی تووشبوونت بە جەڵتەی دڵ 8%ی دیکە کەمدەکات.

ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە:

# هەندێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک



کۆمەڵە دوای سەرکەوتنی شۆڕشــی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 دامــەزراوە. ڕێبەرانی ئــەم حیزبە دەڵێن ســاڵی 1969 دامەزراوە، بەڵام چالاکییەکانی دوای شۆڕشــی گەلانی ئێران ئاشــکرا کردووە. کۆمەڵە دوای شۆڕشی ئێران دەستی دایە خەباتی چەکداری. لە سەرەتادا ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشــانی کوردستانی ئێران بوو. ساڵی 1983 ڕێبەرانــی کۆمەڵە لەگــەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی کۆمۆنیســتی ئێرانی، ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان پێکهێنا و کۆمەڵە بوو بە لقی کوردستانی ئەو حیزبە سەرتاسەرییە. بەڵام لەوە بەدواوە چەندین جیابوونەوەی بەخۆوەبینی. ساڵی 1991 حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لێ جیابووەوە. ساڵی 2000 دووەم جیابوونەوە لەو حیزبەدا روویدا و یەکەم ناوی کۆمەڵەیان لەسەر خۆیان دانایەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا جیابوونەوەیەکی دیکە لەناو کۆمەڵە روویدا کە بە رەوتی سۆسیالیست دەناسرێن.

ئیبراهیم عەلیزادە ســکرتێری کۆمەڵە، یەکێک بووە لەو کەسانەی هەر لە ســەرەتاوە لەگەڵ کۆمەڵە بووە. ئەو لەســاڵی 1983وە ســکرتێری (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە)یە. کۆمەڵە ڕێکخراوێکــی چەپی رادیکاڵــە کە هەوڵ بــۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کرێکاری و جێگیرکردنی سۆسیالیزم دەدات.

هەڤپەیڤین: فوئاد حەقیقی

● ڕەوا نییە ناوی کۆمەڵە لەسەر هەردوو ڕەوتی زەحمەتکێشان و شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بێت

● ڕێکخراوەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات بوونەتە ئامرازی دەستی ریفۆرمخوازانی ئێران

**ڕووداو: لە کۆمەڵەدا زۆر جیابوونەوە ڕوویداوە، هــۆکاری ئەو هەموو لێکترازانە لە نێو کۆمەڵە و باڵەکانی کۆمەڵەدا چییە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کۆمەڵە ڕێبازێک، هێڵێکی فیکری، ستراتیژی و بەرنامەیەک بووە، بەرنامەی دایک کە لەسەرەتاوە کۆمەڵەی لەسەر دامەزراوە تا ئێستاش وەکو خۆی ماوە و ئێمە نوێنەرایەتی دەکەیــن. هەڵبــەت بەپێی ســەردەم گۆڕانکاری تێــدا ڕوویــداوە. هەمــوو ئەوانــەی لــە کۆمەڵە جیابوونەتــەوە جۆرێک پێداچوونــەوە و جۆرێک گۆڕینــی ڕێبــاز و سیاســەتیان لــە کۆمەڵەیەک کردووە کە لە سەرەتاوە پێکهاتووە.

بەڵام تەنیا دوو جیابوونــەوە بنەڕەتی بوون. یەکەم جیابوونەوەی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، دووەم کۆمەڵەی شۆڕشــگێڕی زەحمەتکێشــانی کوردستان. جیابوونەوەی ئەم دوو ڕەوتە لەسەر ناکۆکی کەســی یان ڕێکخراوەیــی نەبوو، بەڵکو لەسەر بیروباوەڕ و ستراتیژ بوو. ئەوەش شتێکی زۆر سروشــتییە، کاتێک کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ئێمە لــە قۆناغێک لە چالاکی سیاســی خۆیاندا تووشــی گۆڕانــکاری دەبــن، لــە بیروباوەڕیاندا تووشی بۆچوونی جیاواز دەبن، لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخێکــدا کــە کاری تێــدا دەکەن، تووشــی ناکۆکییەک دەبن کە بۆ ستراتیژی خۆیان دیارییان کردووە، یان تەنانەت تووشــی جیاوازییەک دەبن لە ئامانجێک کە دیارییان کردووە، سروشتییە کە دەبێت حیزبی جیاواز پێکبهێنن.

جیابوونەوەکان لە کۆمەڵەدا دوو جیابوونەوەیە. جیابوونەوەیەکیان لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و جیابوونەوەیەکیان لــە ئەنجامی ناچالاکبوون لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران، ناچالاکبوون لە کۆمۆنیزم، ناچالاکبوون لە ڕێبازی سۆسیالیستی. هەردووکیشــیان دوو ڕێکخــراو و حیزبــی تەواو جیــاوازن لــە ئێمــە. گەرچــی یەکێکیــان ناوی کۆمەڵــەی لەســەرە، بەڵام هەمیشــە گوتوومانە هێشتنەوەی ناوی کۆمەڵە رەوایەتی نییە، چونکە ئەوان کەمینەی ئەو ڕێکخستنە بوون.

**ڕووداو: ئەو سەردەمە زیاتر بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی ناوەو تەنیا چەند وڵاتێکی کۆمۆنیستی لە دنیادا ماون. پێتوایە کۆمۆنیزم ئێستا بتوانێ وەڵامی ئاڵۆزییەکانی جیهانی ئەمڕۆ بداتەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەداخــەوە ئەو وڵاتانەش کە ئێستا بەناوی کۆمۆنیزمەوە ماون، هەر وڵاتی ســەرمایەدارین. واتــە ســەرمایەداریی دەوڵەتی بەناوی کۆمۆنیزمەوە حکومەت دەکات. ئەوانەش ئێمە هەر بە کۆمۆنیزمیان نازانین، بەڵام کە چاو لە دنیای ئەمڕۆ دەکەی دوو ڕاستی دەبینی. یەکەم ئەوەیە ســەرمایەداری بە بنبەســت گەیشتووە و هیچ کێشەیەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستایان پێ چارەسەر ناکرێ.

ڕاســتی دووەم ئەوەیە کــە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەو ژیانەی ئێستای ناڕازییە. تەماشا بکــەن لە وڵاتانی پێشــکەوتووی ســەرمایەداری بەردەوام خۆپیشــاندان و ناڕەزایەتی ڕوودەدات. بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەو سیستمە دەبێت بەدیلێکی هەبێت. ئێمە پێمانوایە ئەو بەدیلە ئێمەین.

**ڕووداو: بەدیلەکەی کۆمۆنیزمە؟**

**ئیبراهیم عەلیــزادە:** پێموایە ســۆســیالیزمە، ئینجا کۆمۆنیزم.

**ڕووداو: بەڵام بۆچی سۆسیال دیموکرات نەبێت کە لە هەندێ وڵاتی ئەورووپا سەرکەوتوو بووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** سۆســیال دیموکراســیش بــۆ ماوەیەک وەڵامدەر بــوو. بۆ ماوەیەکی کورت توانییان ئەزمەکان دامرکێننەوە. بەڵام ئێستا بە بنبەست گەیشتن. ئێستا بەرنامەی هەر حیزبێکی سۆسیال دێموکرات لە بەرنامەی حیزبە ڕاستەکان ڕاســتترەو لاســایی ئەوان دەکەنەوە بۆ مانەوەی خۆیان.

**ڕووداو: ئەمــە مانــای ئــەوە نییــە کۆمۆنیزم تووشی شکست هاتووە؟**

**ئیبراهیــم عەلیــزادە:** گومانــی تێــدا نییــە ســەردەمی شکستی بەســەردا هاتووە و ئەوەش شتێکی دیارە، بەڵام پێموایە سەردەمی بووژانەوە و سەرهەڵدانەوەی بۆ ڕەخساوە.

**ڕووداو: کۆمەڵە ئێســتاش باوەڕی بە ڕوودانی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی هەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بێگومان شۆڕش هەرکات ئەگەری ڕوودانی هەیە. شۆڕش شتێکی زۆر تازە و نامۆش نییە. هەر ئەم ڕۆژانە دەیبینی.

**ڕووداو: شۆڕشێکی کۆمۆنیستی؟**

**ئیبراهیــم عەلیــزادە:** ئێمــە دەمانەوێ چینی کرێکار بە دەســەڵات بگات. چینی کرێکار لەڕێی حیــزب و ڕێکخــراوی خۆیەوە و بە شۆڕشــێکی کرێکاری، بەڵام مەرج نییە توندوتیژی تێدا بێت. پەیوەندی بەوەوە هەیە دەوڵەتانی سەرمایەداری چ کاردانەوەیەکیــان دەبێت. مانگرتنی کرێکاری لەوانەیــە کاری چینــی ســەرمایەداری یەکلایــی بکاتــەوە، بەو مەرجەی لەژێر ڕێبەریی حیزبێکی ڕاستگۆ و ڕادیکاڵدا بێت.

**ڕووداو: ئایا ئێســتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چینێکی کرێکار- کرێکاری پیشەسازی- و چینی سەرمایەدار هەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بێگومان زۆربەی کۆمەڵگای کوردســتان هەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشە، ئــەوە روونە. پرۆژەی سیاســی و بەرنامەی ئێمە ئەوە نییە سۆسیالیزم لە کوردستان دامەزرێنین. ئێمە پێمانوانییە دوورگەیەکی سۆسیالیستی لەنێو دەریایەکی پڕ شــەڕ و شــۆڕ لە نــاو ئەو هەموو دوژمنانەدا بپارێزیــن. لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵمان بــۆ ئەوەیە لە مەودایەکــی گەورەتردا کە ئەویش ئێرانە، کۆمۆنیزم دامەزرێنین.

**ڕووداو: لەڕووی زانســتی و تیۆرییەوە، ئایا لە کوردستان چینی پرۆلیتار هەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بێگومــان هەیە. لەڕووی ژمــارەوە هەیە. حەز دەکەی ئادرێســەکانتان بۆ دەنووسم. چەند هەزار کەسێکن.

**ڕووداو: هەنــدێ لــە لایەنەکانــی کۆمەڵــە بــەرەو ئاراســتەی نەتەوەیی هەنگاویــان ناوە و گەڕاونەتەوە بۆ ســەر ئەو باوەڕە سەرەتاییانەی کۆمەڵەی لەسەر دامەزراوە، کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوەش پێداچوونەوەیەک بە بیروباوەڕی خۆتاندا بکەن؟**

**ئیبراهیــم عەلیــزادە:** پێموایــە لێــرەدا چەواشەکارییەک کراوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە کۆمەڵەی لەســەر دامەزراوە. بنەمای سەرەتایی کۆمەڵە باوەڕبوون بە سۆســیالیزم بوو، ئامانجە کاتییەکەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، دوای ئەوەش هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار بوو، خەبات بۆ بە دەســەڵات گەیشــتنی چینــی کرێــکار بــوو، خەبــات بــۆ دامەزراندنی ســۆســیالیزم بوو. بۆیە ناتوانی دڵخوازانە چاو لە مێژوو بکەی و بۆچوونی ئەمڕۆ و حەز و ئارەزووی ئەمــڕۆ لەســەر ڕاســتییەکانی دوێنــێ دانێــی. ڕاســتییەکانی دوێنێ مێژووناســێک بەو جۆرەی کــە هەبووە دەبێــت هەڵیســەنگێنێ. بۆچوونی سەرەتایی کۆمەڵە نەتەوەیی نەبووە. بۆچوونێک نەبووە کە ئەو کەسانە ئێستا نوێنەرایەتی بکەن.

بەڵام شــتێکی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئێمە لە سیاســەت، ســتراتیژی و باوەڕماندا دۆگمایــن و گۆڕانــکاری بەســەردا نایــەت؟. لە ڕوانگــەی ئێمــەوە سۆســیالیزم زانســتە. ئێمە وەک زانســت سۆســیالیزم فێر دەبین. زانســتی سۆسیالیستیش، وەک هەموو زانستەکانی دیکە کامڵ دەبێت. لەگەڵ هەموو دۆزینەوە کۆمەڵناسی و ئینسانناسییەکان و لەگەڵ زانستی نوێی ئەمڕۆ، سۆسیالیزمیش خۆی نوێ دەکاتەوە.

**ڕووداو: دوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، زیاتر چەمکــە نەتەوەییەکان برەوی هەبووە. ئایا ئێوە قەت هەوڵتــان داوە گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی بـدەن و جۆرێک لــە نەتەوەخــوازی تێکەڵاو بە ئامانجەکانی خۆتان بکەن؟**

● سێ ساڵە ڕێگەمان پێنادرێت بنکە لە هەولێر بکەینەوە

● وەکو ناو دوو کۆمەڵەکەی دیکە ناناسین

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەپێچەوانەوە سەرمایەداری ئەمڕۆ نەتەوەپەرســتی خســتووەتە پەراوێزەوە. چونکــە چینــی ســەرمایەداری ئەم ســەردەمە، قازانج و بەرژەوەندیی خۆی لەوەدا نابینێ هێڵێک بکێشــێ بە دەوری سنوورێکدا. ئەوان قازانجیان لەوەدایە لە ســنوورەکان تێپەڕبن. بۆیە دەبینی یەکێتیــی ئەورووپــا و یەکێتییــە ئابوورییەکانی دیکە دروســت دەبن. ئەو پیرۆزییەی ئێســتا بۆ سنوورەکان هەیە، پاشماوەی سەردەمی ڕابردووە و هەتا دێت لاوازتریش دەبێت. بۆیە من پێموانییە ئێستا سەردەمی چەمکی ناسیۆنالیزم و چەمکی سنووری نەتەوەیی بێت. بەڵام نەتەوەی کورد لەو ناوەدا کێشەیەکی تایبەتی هەیە. هەندێ نەتەوەی بچووک لە هەندێ شوێنی دنیا ماون کە کێشەیەکی تایبەتیــان هەیە. زوڵــم و چەوســانەوەیەک کە دەوڵەتانی ســتەمکار بەســەریاندا ســەپاندوون چارەســەر نەبووە. پاشــماوەیەکی فەرهەنگی- سیاســی- کۆمەڵایەتییە کە دەبێت هەوڵ بدەی چارەســەری بکــەی. ئەمــە مانــای ئــەوە نییە ناســیۆنالیزم ڕوو لــە گەشــەیە. بەپێــی هەموو لێکۆڵینەوە کۆمەڵناســییەکان ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژیا لە دنیادا ڕوو لە پاشەکشەیە.

**ڕووداو: ئێوە ڕێکخراوێکی کوردستانین، بەڵام ئاڵای کوردستان بەرز ناکەنەوە، بۆچی؟**

**ئیبراهیــم عەلیــزادە:** ئێمــە زۆر ڕێزمان هەیە بۆ ئاڵای کوردســتان وەک ئاڵایەکی دیاریکراو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســتان. ئێمە پێمانوایە هەڵگرتنــی ئەم ئاڵایە هەڵوێســتێکی سیاســی گونجاو بووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســتان، بەڵام لــە هەمانکاتدا ئاڵا ســیمبولێکە، هەرکات تۆ ئەو ســیمبۆلە وەک سیمبۆلێکی کوردستانی یەکگرتــوو هەڵدەبژێــری دەبێــت کار بــۆ ئــەو ستراتیژەش بکەی. ناکرێ حیزبێک بڵێت من لە هەموو ئێرانییەک ئێرانیترم، حازر بێت بە فیدراڵی و خودموختاری و خودگەردانی و ئەو شتانە و لە چوارچێــوەی وڵاتێکدا بژیت، تەنانەت حازر بێت بە لێبوردنێکی گشتیش. بەڵام بە خەڵک بڵێ من ئەوە ئاڵای کوردســتانی یەکگرتووم هەڵگرتووە. ئاڵاکەی من وەک ئاڵای فلان بەشــی کوردستانە. بۆ پرسی ئاڵا دەبێت ڕاستگۆ بیت.

**ڕووداو: واتــە حیزبەکانی دیکــەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکن ڕای گشتی بە لاڕێدا دەبەن؟**

**ئیبراهیــم عەلیزادە:** بەبڕوای من ڕاســتگۆیانە نییە. لە بەرامبەر حیزبی دیموکراتدا تێبینییەک هەیــە. لەبەر ئەوە حیزبی دیموکرات دەڵێ ئەمە ئــاڵای خۆمانــە. ئەوکاتــەی حیزبــی دێموکرات پێکهاتــووە ئەو ئاڵایەمان دیاری کــردووە. بەڵام حیزبێکی دیکە بەبێ هیچ هۆیەک، یان حیزبێکی دیکــە لەوپەڕی کوردســتان، بەبێ ئــەوەی هیچ هاوتەریبییەکی هەبێت لەگەڵ ســتراتیژییەکەی، لەگەڵ دروشــمەکانی لەگــەڵ ئامانجێک کە بۆی دیاری کردووە، کەچی هەمان ئاڵا هەڵدەدات ئەوە خۆڵکردنە چاوی خەڵکە.

**ڕووداو: پەیوەندییتــان لەگــەڵ لایەنەکانــی کۆمەڵە چۆنە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەگەڵ ئەوەشــدا کە ئێمە ڕەخنەمان هەیە لەوەی ناوی کۆمەڵەیان لەســەر خۆیــان دانــاوە و حــەق وابوو ناوێکــی گونجاو لەگەڵ هەڵوێستی نوێی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام بە هەموو ئەوانەوە ئێمە پەیوەندیی ئاســاییمان لەگەڵیــان هەیــە و لــە ئاســتێکی دیاریکــراودا چاوپێکەوتن و دیداریش هەیە.

**ڕووداو: لــەدوای جیابوونــەوەی کۆمەڵــەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، تاوەکــو ئێســتا چاوپێکەوتنت لەگــەڵ عەبدوڵا موهتەدی هەبووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دانیشتنی فەرمیمان تەنیا یەکجــار بــووە. ئەویش لە پێناوی پرســێک کە دەگەڕێتەوە بۆ سیاســەتی ئێمە لەگەڵ ئەواندا. کاتێــک پرســی پێکهاتنی کۆنگــرەی نەتەوەیی هاتەگۆڕێ، ئێمە هەستمان بەوە کرد کە جۆرێک هەماهەنگــی لــە نێوان حیزبەکانی کوردســتانی ئێراندا پێویســتە. ئەو هەماهەنگییەش یارمەتی پێشــکەوتنی کارەکانی کۆنگرە دەدات بۆئەوەی بــە ئاقارێکــی دروســتدا بچێتە پێشــەوە. بۆیە ئــەوکات هەمــوو بەرژەوەندییەکی ڕێکخراوەیی و ئەو کێشــانەی هەمانبوو وەلانا و لەگەڵ هەردوو لایەنیان (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵــەی شۆڕشــگێڕی زەحمەتکێشــانی کوردســتانی ئێــران) و هەمیش لەگــەڵ حیزبی دێمۆکرات دانیشتین.

**ڕووداو: ئەو دوو کۆمەڵەیەی دیکە بە ڕەسمی ناناسن؟**

**ئیبراهیــم عەلیزادە:** وەکو نــاو نەخێر، بەڵام وەک ڕێکخراوێکی دیاریکراو هەن و بوونیان قبوڵ دەکەین.

**ڕووداو: پەیوەندیتان نییە پێکەوە؟**

**ئیبراهیــم عەلیــزادە:** ئەگەر پێویســتییەکی سیاسی گرنگ بێتە گۆڕێ کە بەرژەوەندیی باڵای خەڵکــی کــوردی تێدا بێــت، بێگومــان ئەوەش دەکەین. بەڵام ئێســتا پێویســتییەکی سیاســی نابینین بۆئەوەی ئەو پەیوەندییە دامەزرێنین.

**ڕووداو: واتە ئەگەر گوشارێک هەبێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** مەســەلە گوشــار نییە، مەســەلە ئەوەیە هەر دانیشتن و چاوپێکەوتنێک دەبێــت حیکمەتێکــی تێدا بێت. ئێمــە خۆ دوو بنەماڵــە نین کە دراوســێ بیــن و بڵێین قەیدی ناکات پەیوەندییان لەگــەڵ دادەمەزرێنین. ئێمە ڕێکخراوی سیاســین، هەر هەنگاوێکی سیاســی کــە دەینێین، دەبێــت حیکمەتێکی تێــدا بێت. ئەگــەر ئەو حیکمەتە ئێمە ڕازی بکات، بەرامبەر بەرژەوەندیی خەڵکی کورد ئێمە دەیپارێزین.

**ڕووداو: پێتوایــە ئێســتا ئەو پێویســتییە لە ئاســت بەرژەوەندی ڕەوتی چەپ لە کوردستاندا نەهاتووەتە پێش؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کێشەی سەرەکی ئەوەیە، بەبڕوای من ئێســتا ئــەوان ڕەوتی چەپ نەماون. ئــەوان نە توانیویانە لە بەرەی چەپدا خۆ ڕاگرن و نــە توانیویانە ڕکابەرێکــی باش بن بۆ حیزبی دێموکراتیش.

**ڕووداو: بــا ئەوانیش چەپ نەبــن، بەڵام ئەو پێویستییە ئێستا هەیە کە بەگشتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆببنەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوە دوو بابەتی جیاوازە. یەکیان ئەوەی کە ئەگەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەموو لە بەرەیەکدا کۆببنەوە ئەوەمان پێ شتێکی باشە و هەوڵیشی بۆ دەدەین. بە داخەوە لە چەند ســاڵی ڕابــردوودا چەندین مەســەلەی گرینــگ هەبــووە کــە بووەتــە ڕێگر لەبــەردەم ئەو پرســە. یەکیان پرســی ڕۆڵــی ئەمریکا لەو ناوچەیە بووە. ئێمە پێمانوابووە هاتنی ئەمریکا لــە بەرژەوەندیی خەڵکی کــورد و ئازادیدا نییە. بەڵکو بەدواداچوونیان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان کردووە.

ئەوان (حیزبەکانی ڕۆژهەڵات) ئاراستەیەکی دیکەیان هەبوو. کاتی خۆی لە ئێران ریفۆرمخواز هاتوونەتە سەرکار، هەڵوێستی جیاوازیان بووە. بەرامبەر خەباتی چەکداری، بەرامبەر حیزبەکانی کوردســتان، ئێمــە گوتوومانە هیــچ کەس نابێ پەراوێــز بخــرێ، دەبێــت لــە ژێــر چەترێکــدا هەمــوو کۆببنەوە، بــەڵام ئــەوان بلۆکبەندییان دروستکردووە.

**ڕووداو: هەڵوێســتی ئێــوە بەرامبــەر ڕێکخراوەکانی ناوخۆی وەک بەرەی یەکگرتووی کورد و جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح چییە؟**

**ئیبراهیــم عەلیزادە:** ڕەوتێــک هەیە لە ئێران کــە پێیاندەگوتــرێ ریفۆرمخــوازی حکومەتی. ئەوانە لە ســەردەمی خاتەمییەوە هاتن و هەموو وەلانــران. ئەوانە لــە دەرگاوە وەدەرنران، بەڵام باڵێکی دیکەیان کە حەسەن ڕووحانی و ئەوانن، لــە پەنجــەرەوە هێنایاننــەوە ژوورێ، چونکــە پێویســتیان پێیانە. بەڵام ڕەوتی ریفۆرمخوازی نێو حکومەت یــەک ئامانجیان بۆ خۆیان دیاری کردووە، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان دەرباز بکەن، ئەو مەترســییەی لەسەر لاببەن جا بە هەر شــێوەیەک بێت. یەکێک لەو سیاســەتانەی کە گرتوویانەتە پێش ئەوەیە کە بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخــۆی ئێران، ئەوانەی کە ئاراستەی ڕادیکاڵیان هەیە، کۆنترۆڵ بکــەن. ئەوانیــش بێننە ئاراســتەی پاراســتنی ڕژێمــەوە، وەک بزووتنــەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری و لەوانەش بزووتنەوەی کوردستانیش.

ریفۆرمخوازانــی حکومەتــی چاویــان لــە بزووتنــەوەی کوردســتانیش بڕیــوە، دەیانەوێ بزووتنــەوەی کوردســتانیش لــە ناوەڕۆکــی شۆڕشــگێڕانە و ڕادیکاڵ و ئینسانی خۆی بەتاڵ بکەن و بــە چەند ریفۆرمێکی ناقابیل و بچووک ڕازی بکەن. لە ڕاستیدا دایبمرکێننەوە و خەڵکی کورد لە حیزبە سیاسییەکانی دووربخەنەوە. ئەوان بوونەتە ئامرازی دەستی ئەو ریفۆرمخوازانە.

**ڕووداو: واتە باوەڕتان بە هەوڵ و تێکۆشــانی ئەوان نییە؟**

**ئیبراهیــم عەلیزادە:** نەخێــر، ئەوان بێگومان زیانــی لێــدەدەن، بــەڵام باوەڕمان بــە هەوڵ و تێکۆشــانی ڕەســەنی ئاشکراو نیوە ئاشکرا و مەدەنــی لە ناوخۆی وڵات هەیە و بەشــبەحاڵی خۆمان هەوڵدەدەین شــکڵ بگرێ. بەڵام ئەوەی کــە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن، ئەمە لەباربردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. بۆ نموونە ئەمان یەکێک لە داخوازییەکانیان کە پڕوپاگەندەیــان بۆ حەســەن ڕووحانــی دەکرد، دانانــی پارێــزگاری کــورد بوو بۆ کوردســتان، بــەڵام ئــەوە چاوەڕوانییەکــی زۆر بچووکە، هەر هیچ نییــە، کارم بەوە نییە ئەوەشــیان هەر بۆ جێبەجێ نەکردن و پێیانگوتن کەســی باشمان دەستنەکەوتووە و ببوورن بۆ جارێکی دیکە.

**ڕووداو: پەیوەندیتــان لەگەڵ یەکێتی باشــە، بەڵام لەگەڵ پارتی وەکو پێویست نییە، بۆچی؟**

**ئیبراهیــم عەلیــزادە:** پەیوەندیمــان لەگــەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا هاوسەنگە، کێشــەیەکمان نییە و دیــدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ســەرکردەکانیان لە ئاســتی ســەرەوەدا هەیە.

**ڕووداو: لە ڕابردووشدا هەر وا بووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕابــردوودا نا. چونکە ئێمــە بۆ ســاڵانێکی دوور و درێژ لە ناوچەیەکدا چالاک بووین کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان تێیدا باڵادەســت بووە. بەبۆنەی ئەوەشــەوە کە لەناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیشدا ڕەوتێکی چــەپ بەنــاوی کۆمەڵەی ڕەنجــدەران هەبووە و ئێمە پەیوەندییەکی نزیکترمان لەگەڵیان هەبوو، بۆیە لەڕووی مێژووییەوە ئەو پەیوەندییە لەگەڵ یەکێتی نزیکتر بووە.

**ڕووداو: بۆچی بنکەتان لە هەولێر نییە؟**

**ئیبراهیــم عەلیزادە:** ئەرزقــەزا ئــەوە دوو ســێ ساڵێکیشــە هەوڵدەدەیــن کــە بنکەیەکی پەیوەندییەکانمــان لــە پایتەختــی هەرێمــی کوردســتان دابمەزرێنیــن. بەڵام بــە داخەوە تا ئێستا ڕەزامەندی لەسەر نەبووە.

**ڕووداو: هۆکاری ئەوە نییە پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتی باشتر بووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** باوەڕناکەم. چونکە خۆیان ئەوەمــان پێ ناڵێــن. خۆیان هــەر گیروگرفتی تەکنیکمان بۆ دێننەوە.



دکتۆر هێژا سندی*

# ئەوانیش لە پێکهێنانی حکومەتەکانیاندا دوادەکەون؟

زیاتر لە 160 رۆژ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و هێشتا کابینەی نوێی حکومەت پێکنەهێنراوە. لەکاتێکدا کە ئەمە کاریگەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپی هەبووە، پێویست دەکات لە چییەتی ئەو پاساو و هۆکارانە بکۆڵینەوە کە بوونەتە هۆی دواخستنی پێکهێنانی حکومەتە نیشتمانییەکان یان حکومەتە ئیئتیلافییەکان، بەتایبەتی ئەوەی چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە (Grand Coalition) هەروەک لەوەی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت.

لەسەردەمی دوای جەنگ، بەریتانیا تەنیا چوار رۆژی پێویست بوو بۆئەوەی حکومەتەکەی پێکبهێنێت، لەکاتێکدا سیستمە سیاسییەکەی لە بارودۆخە ئاساییەکاندا پشت بە زۆرینەی سیاسی لە پێکهێنانی حکومەتدا دەبەستێ. وڵاتانی دیکەی وەک دانیمارک و فەرەنسا و نەرویج و سوید شانازی دەکەن بەوەی حکومەتەکانیان زوو پێکدەهێنن، سەرەڕای جیاوازیی سیستمە سیاسییەکانیان لەگەڵ بەریتانیادا. لە ئێرلەندا و ئەڵمانیاش بەنموونە هەمیشە دوو هەفتە تا سێ هەفتەی پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەرچەندە ئەمجارەی دوایی لە ئەڵمانیا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوو مانگی خایاند، کەچی لە نەمسا نزیکەی پێنج هەفتە و لە هۆڵەندا 10 هەفتەی پێدەچێت.

مەرج نییە سروشتی ئاڵۆزی حکومەتە ئیئتیلافییەکان هەمیشە ببێتە هۆی دواخستنی پێکهێنانی حکومەت، ئەوەتا لە نیوزیلاند بەنموونە پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی لەپاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی 1996 دوو مانگی خایاند، کەچی لەساڵی 1999 تەنیا 10 رۆژ بەس بوو بۆ راگەیاندنی حکومەتەکەیان. بۆیە دادپەروەرانەیە ئەگەر بڵێین دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی بنکە فراوان بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان، بەراورد بەو ئەزموونە دیاریکراوەی لە فەرمانڕەوایی هەیەتی، شتێکی سروشتییە.

بەڵام ئەوەی گرنگە بپرسین: بۆچی ماوەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەتە بنکە فراوانەکان لەنێوان وڵاتاندا وا جیاوازن جگە لە پرسی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان؟

لەڕاستیدا چەند هۆکارێک هەن کورتی و درێژیی ماوەی پێکهێنانی حکومەتی لەمجۆرە دیاری دەکەن، یەکەمیان ژمارەی ئەو حیزبانەیە کە لە پرۆسەی دانوستاندندا بەشدارن، واتە هەرچەندە ژمارەیان زیاتر بێت ئەوا کاتی زیاتری پێویستە بۆ دانوستاندن. دووەمیان پلەی وردەکارییەکانە کە لەکاتی دانوستاندندا دەچنە ناوییەوە و پێویستە پێشتر لەمیانەی ئەجێندایەکی روون رێککەوتنی لەسەر بکەن. سێیەم رادەی سووربوونی حیزبەکانە لەسەر تێڕوانینەکانیان لەنێوان خۆیاندا، پێش ئەوەی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە یەکلایی بکەنەوە لەسەر مێزی دانوستاندن.

هۆکارێکی دیکە رۆڵی گرنگ لە خێرایی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافیدا دەگێڕێت، ئەویش بارودۆخی ئابوورییە، هەرچەندە ئەم دۆخە باش بێت پرۆسەی دانوستاندن خێراتر دەبێت، چونکە بەرزبوونەوەی رێژەیی لە داهاتەکانی حکومەت دەرفەتێک بە هەموو لایەنەکان دەدات بۆئەوەی وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان لەچوارچێوەی بەرنامەکەیان زامن بکەن.

لەسەرەتای دانوستاندنەکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا بارودۆخی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی بە باشتر دەردەکەوت و دانوستاندنەکان بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو قەیرانە داراییەی ئێستا لە کوردستان لەئارادایە، کۆسپێکی دیکەی بەردەم پرۆسەی دانوستاندنەکانە کە وا لە لایەنە سیاسییەکان دەکات زیاتر خوێندنەوە بکەن بۆ سروشتی ئەو بەرەنگارییانەی کە کەڵەکەبوون و لە حکومەتی داهاتوودا چاوەڕێیان دەکات. ئاشکرایە بارودۆخی باشی ئابووری بۆ فراوانبوونی چوارچێوەی حکومەت یارمەتیدەرە، واتا قەبارەی حکومەتەکە تارادەیەک گەورە دەبێت، ئەمەش لێرەدا لەگەڵ باری هەرێمی کوردستان یەکناگرێتەوە، چونکە رەوشی ئابووری نوێ دانوستانکاران ناچار دەکات ژیرانەتر مامەڵە لەگەڵ خەرجییە حکومییەکان بکەن نەک بەپێچەوانەوە، واتە چاوەڕوان ناکرێت لەم بارودۆخە ئابوورییەی ئێستادا چوارچێوەی حکومەتی داهاتوو فراوان بکرێت.

شاندە دانوستانکارەکانی پێکهێنانی حکومەتی لەم جۆرە هەمیشە بەوە ناسراون کە قەبارەیان بچووکە، لە ژمارەیەک لە کادیرە پێشەنگەکانی پارتە دانوستانکارەکان پێکهاتووە، هەرچەندە ژمارەی ئەندامانی شاندەکە زیاتر بێت، ئەوا گەیشتن بە رێککەوتن درەنگتر دەبێت. بوونی ئەندامانی زۆر لە کۆبوونەوەکاندا لەسەر حیسابی خێرایی بڕیاردان دەبێت، ئەمە جگە لەوەی زۆربوونی ئەندامەکان واتا زۆربوونی ئەو وردەکاریانەی کە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.

هەروەها بەدەگمەن دەبینین شاندەکانی دانوستاندن تەنیا سەرکردەی حیزبەکان بن، ئەوەش لەبەر کەمیی زانیاریی تەکنیکی لەبارەی سیاسەت یان ئەو بەرنامەیە کە حیزبەکە بەڵێنی جێبەجێکردنی دەدات لەمیانەی ئەو وەزارەتانەی دەستنیشانی دەکات، وەک سیاسەتی تەندروستی و فێرکردن و سیاسەتی ئاسایش و...هتد. سیاسەتەکان کەرەستەی دانوستاندنن و لەسەر ئەو بنەمایە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی وەزارەتەکان دەکرێت. ئەم هۆکارەش بە دامەزراوەیی ناوزەد دەکرێت، بەپێچەوانەوە تێبینی دەکەین لایەنەکان لە کوردستان واپێشاندەدن کە باس لە بەرنامەکانیان هەڵگرتووە بۆ دوای پێکهێنانی حکومەت. لە ئێرلەندا بەنموونە لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1997 هەردوو شاندی دانوستاندنکار لە 8 کەس پێکهاتبوون، دووانیان پەرلەمانتاری پێشوو بوون لە هەریەک لە حیزبەکان و دووانەکەی دیکە راوێژکار بوون. بەڵام لە دانیمارک بەنموونە، هەمیشە سەرکردەی حیزبەکان دانوستاندنەکان بەڕێوەدەبەن، بەڵام وەزیرانی پێشوو یان ئەوانەی بۆ پۆستی وەزیر پاڵێوراون، یاخود پەرلەمانتارانی پێشوو و نوێ، یان گوتەبێژانی حیزب لە پەرلەمان لەگەڵ خۆیان لە دانوستاندنەکاندا بەشداری پێدەکەن، تەنانەت زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لە شاندەکانی دانوستاندندا پشت بە پەرلەمانتاران دەبەستن، بەمەش گفتوگۆکان ئاراستەیەکی دیکەی تەکنیکی وەردەگرن، واتە دانوستاندنەکان تەنیا لەوەدا کورت نابنەوە کە لایەنە سیاسییەکان هەوڵی وەدەستهێنانی دەسکەوتە حیزبییەکان بدەن کە تەنیا خۆی لە پۆستەکاندا دەبینێتەوە.

ئەو بڕیارە سیاسیانەی لە دانوستاندنەکان دەکەونەوە، کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکاری لەپاش پێکهێنانی حکومەت و دەستنیشانکردنی وەزیرەکان هەیە، بۆیە تێگەیشتن لەم کاریگەرییە وا دەکات دانوستاندنەکان زیاتر سیاسییانە بن، بەڵام لەسەر بنەمای تەکنیکی بێت نەک تەنیا سیاسی و حیزبی، وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەش لەم دیدگایە بەدەر نییە.

ئاراستەی سیاسی و تەکنیکی پێکەوە وا دەکات پرۆسەی دانوستاندن خێرا بێت نەک بەپێچەوانەوە کە هەندێک وای تێدەگەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە لە زۆربەی سیستمە سیاسییەکاندا چینی تەکنۆکرات خەریکە دەبێتە پاشکۆیەکی نابەشدار لە گەڵاڵەکردنی پرۆسەی سیاسی، هەروەها لایەنی تەکنیکی و راوێژکاری لە دانوستاندنەکاندا پەراوێز دەخرێن، بەبیانووی ئەوەی لەکاتی قۆناغە سەرەکییەکانی دانوستاندندا پێویست ناکات بچنە نێو وردەکارییە تەکنیکییەکان. بەڕای من ئەم دواخستنە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە هۆکارەکانی قەیرانەکانی حکومەتە ئیئتیلافییەکان دوای ماوەیەک لە پێکهێنانی، ئەگەر هۆکار نەبێت لە هەڵوەشاندنەوەشیدا دواتر!

باشترە لە رۆژانی داهاتوودا گفتوگۆ بە ئاراستەی وەزارەت یان پۆستەکان بێت، بەڵام بەو سیاسەتانەدا تێپەڕێت کە چاوەڕوان دەکرێت لەلایەن هەریەک لەو وەزارەت و پۆستانەوە جێبەجێ بکرێن کە پێشبینی دەکرێت هەر حیزبێک بیخاتەڕوو. ئەم تێڕوانینە ئاستێک بۆ ئەو گومانانە دادەنێت لەبارەی پاساوەکانی دەستپێوەگرتن بە هەندێ پۆستی دیاریکراو بە بەراورد بە پۆستی دیکە، هەروەها پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش خێرا دەکات، ئەمە جگە لەوەی متمانەی هاووڵاتی و دەنگدەر بە پرۆگرامی حکومەتی نوێی ئیئتیلافی بەگشتی زیاتر دەکات.

* توێژەر و ئەکادیمی لە بەڕێوەبردن و حوکمڕانی



د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
kaiwanazad@yahoo.com

# کاتێک دیموکراسی پاشەکشە دەکات

ئەگەر دیموکراسی بە دیوە مێژووییی و سیاسییەکەیدا دەسەڵاتی خەڵک بووبێت بۆ خەڵک، ئەوا ئەو چەمکە جگە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە مێژووی سیستەمی سیاسی چەند دەوڵەتێکدا شێوازی زۆر جیاوازتری تۆمار کردووە. وەک ئەوەی دەسەڵاتی حیزبی باڵادەست بووە بەسەر خەڵکدا! یان دەسەڵاتی ئاینی بووە بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا! یان لە هەندێک وڵاتدا دیموکراسی تەنیا رووکەش و بۆ میدیا و راگەیاندنەکان بووە! لای هەندێک دەوڵەت و هەرێمیش مانای بەرەڵایی بەخشیوە و سیستەمەکە سنووری ئاساییەکانی تێپەڕاندووە!

لە دیدێکی دیکەوە دیموکراسی لای بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئیسلامی و هەروەها عەرەبی بە سیستەمی بنەماڵەیی پشتاوپشت یان تا مردنی دەسەڵاتداری یەکەمی وڵات ناسراوە! لای بەشێکی دیکەشیان سیستەمی دیموکراسی مانای هەڵبژاردنێکی نیمچە ئازادی بەخشیوە. مەبەستیش لە هەڵبژاردنی نیمچە ئازاد، ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو بە شێوازێکی نهێنی راستەوخۆ، بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بووە کە دەبووا پاڵێوراوەکان متمانەی گەورە بەرپرسانی وڵات یان حیزبی باڵادەست بەدەستبهێنن! واتا بۆ هیچ کەسێک نەبوو وەک پاڵێوراو دەربچێت، تا لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری یان حیزبی باڵادەستی وڵات یان هێزی دەسەڵاتدارەوە متمانەی پێنەدرێت! لە هەندێک وڵاتی دیکەدا چەمک و واتای دیموکراتی پێچەوانەی ئاین و شەریعەتی ئیسلام و پابەندبوون پێوەی، دژایەتی شەریعەتی خودا و پەیامی پیرۆز بووە! لە کۆی هەموو ئەوانەش دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کراوەتە پارچە قوماشێک و هەر دەوڵەتە بە شێوازێک بۆ خۆی بڕیوە و ناوی لێناوە!

لە هەرێمی کوردستانیش کە لە ساڵی 1992ەوە خاوەنی حکومەتی خۆیەتی، سیستەمی دیموکراسی وەک وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئیسلامی و عەرەبی نەک هەر ساوا و کەم ئەزموونە، بەڵکو وەک ئەو وڵاتانە شێوازێکی تایبەتی بەخۆی بەخشیوە. ئەو شێوازەش گەیشتووەتە ئاستێک کە هەندێک کەس و ناوەندی سیاسی و رێکخراوەیی بە "دیموکراسی کوردی" ناوی ببەن. دیارە لەکاتێکدا ئەو حاڵەتە بۆ هەرێمی کوردستان ئاسایی بووە، بەڵام جێگای قبووڵی خودی ئەو هێز و لایەنە سیاسی و رێکخراوە ناحکومی و ناوەندە ئاکادیمی و میدیاکارانە نەبووە کە بانگەشەیان بۆ ئەو سیستەمە کردووە. پرسیارەکەش ئەوە بووە کە ئەگەر ناو و دروشم و بانگەشەی سەرەکی زۆربەی هەرە زۆری هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان "دیموکراسی" بووبێت، بۆ لە پیادەکردنیدا کەمدەست و بێ ورە و بێ ئیرادە بوون؟ یان بۆ بانگەشەیان بۆ کردووە و جێبەجێیان نەکردووە؟ ئەی ئەگەر کاری پیادەکردنی لە نێو کۆمەڵگای کوردی سەخت و قورس بووە، بۆچی وەک ناسنامە دراوە لە بەشێکی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و وتەی رۆژانەی رێکخراوە ناحکومی و میدیاکان؟ خۆ ئەگەر بابەتەکەش ئەوە نەبووبێت، بەڵکو لە پەرۆشی ئەو هێز و ناوەندانەوە بووبێت بۆ ئەم هەرێمە، تا بە سیستەمی دیموکراتی بگەن، یان هەوڵی ئەوان بووبێت بۆ گەیشتنی هەرێمەکەیان بە لێواری ئارامی، ئەی ئەوان لە کام کۆمەڵگا و زەمینەی سیاسیدا ئەو بانگەشەیەیان کردووە؟ وەک ئەوەی ئایا مرۆڤ لە بیابانیدا بۆ ماسی گەڕاوە؟ یان ماسی لە دەریادا مامەڵە کراوە؟ بەهەر حاڵ ئەوە ناحاڵیبوونێک بووە لەو واقیعەی کۆمەڵگای کوردی تێکەوتووە و ئەو دۆخەی مێژووی سیستەمی سیاسی کوردی و کوردستانی پێدا تێپەڕیوە.

بەدەریش لەوانە نابێت ئەو راستییەش نادیدە بگیرێت کە چۆن هەرێمێک دەبێتە دیموکراسی و ئەو سیستەمە پاشەکشەی تێدا ناکات، لەکاتێکدا وڵاتانی هاوسێی بە مانا زانستە سیاسییەکەی دیموکراسی نەبووبن؟ یان چۆن دەبێت هەرێمێک بکرێتە دیموکراسی خودی ناوەندە ئەکادیمی و حیزبییەکانی لەو چەمکەدا ناکامڵ بووبن؟ ئەی چۆن دەبێت لە هەرێمێکدا باس لە دیموکراسی کرابێت، لەکاتێکدا تەنیا لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکان ئەو چەمکەیان قبووڵ کردبێت؟ هەربۆیە ناوهێنان و باسکردن و قسەکردن لەسەر چەمکی دیموکراسی و لای ئەوانەی لە بنەڕەتەوە بەو چەمکە نامۆ بوون، ناوهێنان و باسکردن و قسەکردن بووە لە شتێک کە لە بوونەوە دوور بووە، چونکە ئەگەر دوور نەبووایە، بە چ پێوەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری رەوا بووە، مرۆڤ و کۆمەڵ و کۆمەڵگا چەمکێک فەرامۆش بکات کە ئازادی و بەختەوەری و ئاڵوگۆڕی بۆ بهێنێت؟

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە کاتێک هەرێمێک لە ناو دەوڵەتێکی بەناو دیموکراتی و لە واقیع دیکتاتۆریدا دەربکەوێت و هەر چواردەوری نادیموکراسی بووبن، چۆن دەبێت لای هەموو پێکهاتە سیاسییەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ بکرێت و پێکهێنانی کابینەیەکی حکومەت بە چەند رۆژێک کۆتایی بێت؟ بۆیە بە بڕوای ئێمە ئاساییە ئەو حکومەتە لە وەها واقیع و کۆمەڵگا و پێگەیەکی سیاسیدا بۆ چەند مانگێک دوابکەوێت، تا دەگاتە ئەوەی هەر پێکنەیەت، چونکە تۆمار و ئەزموونەکانی مێژوو سەلماندوویانە، ئەوەی هۆکاری شکستی کورد بووە لە مێژوودا، ناتەبایی ناوخۆیی و سازشی هێزەکانی ناوخۆی کوردستان بووە بۆ داگیرکەرانی خاکەکەی! هەر ئەوەش هۆکاری شکستی سەرجەم راپەڕین و شۆڕشەکانی بووە لە مێژوودا، بۆیە تا کورد لە ناوخۆی خۆیدا چارەسەری ئەو گرفتە گەورەیە نەکات کە یەکتری قبووڵکردن و نەگەڕانەوەیەتی بۆ لای وڵاتانی دراوسێ، ئەوا ئاسایی دەبێت هەر عەوداڵی ماددەی (140) و بودجەی هێزی پێشمەرگە و مووچەی مانگەکانی شوبات و ئازار و دواتری بێت کە هیودارم نەگاتە ئەو ئاستە. داهاتووش ڕاستیی وتەکانمان دەسەلمێنن.

عەلی سیرینی

# خەڵاتی زێڕین بۆ فەیلەسوفێکی کورد

پێش چەند رۆژێک لە کەناڵی "رووداو"دا، رەنج سەنگاوی میوانداریی فەیلەسوفێکی کوردی کرد. لەو چاوپێکەوتنەدا، ئەم "فەیلەسوف"ە، دەربارەی ئەو پرسیارەی ئایا کورد یان موسڵمانان بە گشتی فەلسەفەیان هەیە، رەتیکردەوە کە ئێمەی میللەتانی موسڵمان فەلسەفەی خۆمان هەبێت، بەڵکو ئەوەی هەمانە لە مێژووەوە، تەنها کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی فەلسەفەی رۆژئاوا بووە. تەنانەت بەڕاشکاوانە گوتی "فەلسەفە لە گەرووی یۆنانییەکانە"!

کەواتە با ئێمەی موسڵمان و "نەفام و دواکەوتوو"، گلەیی لە خۆمان نەکەین کە فەلسەفەمان نییە، چونکە گەروومان وەها دروست نەکراوە کە فەلسەفەی پێ قووتبدرێ و بگوترێتەوە. ئەمە کورتەی ئەو تێزە ناوازەیە کە ئەم بەڕێزە وەک فەلسەفە پێشکەشی بینەرانی کرد. بەڵام چۆن خەڵاتی زێڕینی پێوەرگرت، ئەوە لە کۆتایی ئەم وتارە ئاماژەی پێدەدەم.

ئەگەر سەرنج بدەینە رۆژئاوا، لە دوای قۆناغی یۆنانی تا دەگاتە سەدەی شازدەهەم، فەلسەفە شتێکی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە، تەنها چەند ناوێکی کەم نەبێت کە گرنگترینیان ئۆگەستین (354-430 ز) و تۆماس ئەکوینیەس (1221-1274 ز) ن. ئەگەر سەرنج بدەینە عەقڵیەتی ئەم فەیلەسوفە کوردەو هاوشێوەکانی (کە بە داخەوە لە نێو کۆمەڵگەی موسڵمان، بە کورد و غەیری کوردیشەوە زۆرن)، ناکرێ هیچ لەم دوو کەسە بە فەیلەسوف هەژمار بکرێن. بەڵکو بە زانای ئاینی حسێب دەکرێن کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (تیۆلۆجیان Theologian -) ئەگەرنا تەنها ئێمەی کورد، لە مێژووەوە گەر نەڵێین هەزاران، بێگومان سەدان فەیلەسوفی لەم جۆرەمان هەن. بەڵام ئەم فەیلەسوفە کوردە و هاوشێوەکانی لە مۆدێرنیست و پۆست مۆدێرنیست و عەلمانی و شتی وا، ئەم جۆرە کەسانەی کورد بە فەیلەسوف دانانێن، بەڵکو بە پیاوی ئاینی یان مەلا ناوزەدیان دەکەن.

دیارە قۆناغێکی دوور و درێژ هەیە لە مێژووی رۆژئاوا پێیدەڵێن چاخە تاریکەکان کە نزیکەی 800 ساڵێکی خایاند، تێیدا شارستانی خامۆش بوو. سەبارەت بە ئۆگەستین، نامیلکەی "شاری خودا"ی دژ بە وەسەنیەکان نووسی کە تێیدا لە روانگەیەکی مەسیحیانەوە باس لەوە دەکات شاری خودا پڕە لە خۆشەویستی و میهرەبانی و خۆشنوودی، بە پێچەوانەی "مەملەکەتی زەمین" کە پڕە لە زوڵم و ستەم و ئازار. ئەمە خولاسەی فەلسەفەی ئۆگەستینە.

لە دوای ئۆگەستین، تۆماس ئەکوینیەس بە چەندین سەدە، لە ژێر کاریگەریی راستەوخۆی ئیبن روشد و فەلسەفەی ئیسلامی، خوێندنەوەی مەسیحیەتی کرد، بە شێوازێک کە خۆی بە فەیلەسوف دانەدەنا و تەنانەت دژی فەیلەسوفەکان بوو، چونکە بەوە ناوزەدی دەکردن کە وەسەنین، هەمیشە کورت هەڵدێنن لە گەیشتن بە هەقیقەت. ئەکوینیەس تەنها رێزی بۆ ئەرستۆ هەبوو، لە نووسینەکانیشیدا ئاماژەی پێدەدا، چونکە دیدگای ئەرستۆ لە چەندین لاوە لەگەڵ بنەماکانی دین تێکیدەکردەوە. ئێستاش ئەکوینیەس وەکو پیاوێکی پیرۆزی کەنیسەی لاتینی هەژمار دەکرێ.

کەواتە دەتوانم بڵێم فەلسەفەی رۆژئاوا، بەدەر لە قۆناغی یۆنانیی کۆن، لەڕاستیدا لە سەدەی شانزەهەمەوە دەستپێدەکات لەلایەن چەند فەیلەسوفێکی کەمەوە کە دیارترینیان و گەورەترینیان تۆماس هۆبز و رینێ دیکارتن. ئێمە لێرە باسی ئەوە ناکەین چۆن هۆبز لە مەدرەسە فەلسەفییەکانی ئیسلامەوە فێر بووەو چۆن رینێ دیکارت "رێبازی گومان"ی ئیمام غەزالی دزیوەو بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە. یان جان جاک روسۆ بە چ شێوەیەک نەقڵی کردووە لە ئیمام غەزالی، تەنانەت لە نووسینی "ئەمیل"دا کە رێک لاساییکردنەوەی "ایها الولد"ی غەزالیە. هەروەها فرانسیس بیکۆن (1561-1626ز) یەکێک بووە لەوانەی سوودی زۆری بینیوە لە پەرتووکی "نقچ المنگق"ی ئیبن تەیمییە (1263-1328 ز). ئەو فەیلەسوفە ئیقتیباساتی بەردەوامی هەیە بێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکان. لەپێش ئەویش رۆجەر بیکۆن (1214-1294 ز) زۆربەی تێز و بنەما زانستییەکانی لە کارەکانی فەیلەسوفە موسڵمانەکان وەرگرتووە. رۆجەر کە هاوعەسری ئیبن تەیمیە بووە، جگە لە دووبارەکردنەوە و نەقڵکردنی بەرووبوومی فەلسەفە و بەرهەمی زانستی و فیکریی زانا موسڵمانەکان، شتێکی دیکەی ئیزافە نەکرد.

کاری من لێرەدا ئەوە نییە تەمجیدی غەزالی و ئیبن تەیمیە بکەم، یان سەنا و باسی شارستانیەتی ئیسلامی بهێنمە نێو باس. ئەمە مەبەستی ئەم وتارە نییە، بەڵام لە ئۆگەستین و تۆماس ئەکوینیەسەوە بگرە تا ئەمڕۆی فەلسەفە (هابەرماس و هۆنیپ و ئارێنت و رۆنسیێ و ژیژیک و بادیۆ... هتد)، دەتوانین پرسیار لەم فەیلەسوفە کوردە بکەین: بێ زەحمەت دەتوانیت تەنانەت یەک قورگی یۆنانیمان نیشان بدەی کە فەلسەفەی چریواندبێ؟! خێرە قورگی فەلسەفە لە فەلسەفە کەوتووە؟! وەرە پێمان بڵێ ئەم قسەیە کوێی فەلسەفەیە، تەنانەت با کەسێکی رۆژئاواییش وەک زەوقێکی سەر، ئەم قسەیەی کردبێ، کە یەک زەڕە لە تەرازووی فەلسەفەو زانستدا نرخی نییە؟!

ئەمە تەنها شوێنکەوتنی مۆدێلی باوە. مۆدێلی باویش ئەوەیە، مادام رۆژئاوا باڵا دەستە، بە هێزە و مووی زەردە و چاوی شین و سەوزە، ئیتر مێژووش هەروا بووەو هەرچی جوانی و شکۆمەندی و بەهرەیە موڵکی رۆژئاواییەکانە!

لەلایەکی دیکەوە، چەند رۆژێک پێش ئێستا، لە کەناڵی KTV، لە بەرنامەی "بەرسڤی تۆ" کە بۆ وەڵامی راستی پرسیار، خەڵاتێکی زێڕین پێشکەش دەکات (بریتیە لە میدالیایەک نەخشەی کوردستانی پێوەیە)، لە زانکۆیەک ئەو پرسیارەی لە قوتابیان کرد: کۆنترین زانکۆ لە جیهاندا لە کوێیە؟ یەکێک لە قوتابیان وەڵامەکەی ئیتاڵیا بوو. دیارە کۆنترین زانکۆش لەم وڵاتە زانکۆی بۆڵۆنیایە (1088 ز). بۆ ئەم وەڵامە ناڕاستە، خەڵاتی زێڕینی وەرگرت.

ئەوانەی شارەزای مێژوون، تەنانەت زۆرێک لە مێژوونووسانی رۆژئاواش ددان بەوەدا دەنێن کە کۆنترین زانکۆکانی جیهان لە بەغدا و فاس و قورتوبە، لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دامەزرێنران، بە چەندین سەدە پێش ئەوەی لە ئەوروپا دابمەزرێن.

لەم بیرکردنەوەیەدا لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستە هەماهەنگە، کە هەموو سەروەرییەک و چاکە و بەهرەو بلیمەتییەک دەگێڕێتەوە بۆ رۆژئاوا، ئێمە بەرامبەر بە مۆدێلێکی باو خۆمان دەبینینەوە، نەک بیرکردنەوەیەکی جددی. مۆدێلە باوەکەش پەیوەندی بە فەلسەفەو هزر و مێژووەوە نییە. بەڵکو هەڵقوڵاوی ناخێکی تەپیو و دۆڕاو و کۆیلەو خۆ بەکەمزانە، تا ئاستی دەروێشگەرایی بەرامبەر بە شێخگەرایی، کە ئیتر دەروێش لە تێهەڵدان و ئیهانەکردنیش لەلایەن شێخەکەیەوە، لەزەت وەردەگرێت و ئیفتیخاری پێوە دەکات. هەموو سەروەریەک و چاکەیەک دەگەڕێنێتەوە بۆ حەزرەتی شێخ. ئەمە شێت و شەیدا بوونێکی مەجانیە بۆ رۆژئاوا. ئەمەش ئەستەمە وتووێژی عەقڵانی لەگەڵ بکرێت.

هەر ئەم برادەرە فەیلەسوفە، لە بەرنامەیەکی دیکەی "رووداو"دا، تەنانەت کەلوپەلی وەک عەینەک و قەنەفە و جلوبەرگیشی گەڕاندەوە بۆ رۆژئاوا کە بە قسەی ئەو "بەرهەمی عەلمانیەتی رۆژئاوان"!

ئەم رەواجدانە بەم جۆرە مەهزەلانە، هەر چەندە مایەی پێکەنینە، بەڵام کارەساتی گەورەی بەدواوەیە، کە نەهامەتی و کۆیلایەتییەکی تەپیوی درۆینە دەبێ. بەڵێ گەر ئەمجۆرە "بیر و باوەڕانە" بڵاوبوونەوە بە نێو میللەتێکدا، پێویستە چاوەڕێی رۆژانێکی قورسی بۆ بکەیت!

لە هەمان ئەو بەرنامەیەدا (کە رەنج سەنگاوی پێشکەشی دەکات)، ئافرەتێک کە لە رۆژئاوا خوێندوویەتی، لە میانی ئەوەی ئایا بەعس عەلمانی بوو یان نا، گوتی نەخێر عەلمانی نەبوو، چونکە "الله اكبر" لەسەر ئاڵای عێراق نووسرابوو! ئەم وشەیە ساڵی 1990 خرایە سەر ئاڵای عێراق. کەواتە گەر بەپێی ئەم قسەیە بێت، پێش ساڵی 1990 رژێمی بەعس عەلمانی بووە! جارێ باسی ئەوە مەکە هەرچی وڵاتی رۆژئاوا هەیە، هەرچی زانکۆی رۆژئاوا هەیە، وێنەی خاچ بەسەر ئاڵا و لۆگۆکانیانەوە دەدرەوشێتەوەو ئەمە لە عەلمانیەتی ئەوانی کەم نەکردووەتەوە. بەڵام تۆ پرسیاری ئەوە بکە، ئەرێ ئەم بەناو نوخبەیە کە لە رۆژئاوا بۆمان هاتوونەتەوە، چییان خوێندووە و چی فێر بوون؟!

حاڵی نوخبە عەلمانیە مۆدێرنە پێشکەوتووەکە بەم شێوەیە، ئەی دەبێ چینی سیاسەتمەدار و خوێندەوار و خەڵکی عەوام چۆن بێت؟!

لێرەدا لەبەرئەوەی وەڵامی فەیلەسوفەکەمان و وەڵامی خوێندکارەکەی زانکۆمان، یەک وەڵامە بۆ دوو پرسیار کە لە جەوهەردا یەکن، ئەوا ئەم تێزە بەرزەی ئەم فەیلەسوفە کوردە کە فەلسەفە دەگەڕێنێتەوە بۆ قورگی یۆنانی، هەقە میدالیایەکی زێڕی پێببەخشرێ. گەر کەناڵی (رووداو)یش ئەم میدالیایەیان نییە، هەقە لە کەناڵی KTV داوای بکەن.

راستیەکەی مرۆڤی هۆشیار و خەمخۆری ئەم میللەتە، زۆر بە قووڵی تووشی ئازار و بێ هیوایی دەبێ، کاتێک ئەم جۆرە باس و خواسانە دەبینێ و دەبیستێ!

کەناڵەکانی کوردستانیش بەردەوام ئەم کەسانەمان دەکەنە میوان کە ئەم جۆرە قسە نەستەقانە دەبەخشنەوە!

ڕووداو
ژمارە (301) دووشەممە 2014/3/10



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بزمارەکە بەرهەم ساڵح لێیدەدات!

تا دوای ڕاپەڕین، دکتۆر بەرهەم ساڵح ناوێکی نەناسراو، بەڵام نزیک لە خانەوادەی تاڵەبانی بوو. یەکێک بوو لەو کەسایەتییە سیاسیانەی کە دەستکردی تاڵەبانین و لەناو یەکێتی کەسانی وا زۆرن کە بە پشتیوانیی تاڵەبانی پلەکانی پێشکەوتنی سیاسییان بە خێرایی بڕیوە. تا بەر لەوکاتەی کە بەرهەم ساڵح لە 2009 ڕاسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتیوانیی تەواوی تاڵەبانی هەبوو، جێگەی متمانەی تەواوی بوو، بەتایبەتیش کە دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا پارسەنگێکی باش بوو.

پێشتریش چەندین جار کە نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی داوایان دەکرد دەسەڵات لەناو یەکێتی تەنها لە قەبزەی تاڵەبانیدا نەبێ و بە جۆرێک بێت کە وردە وردە تاڵەبانی بکشێتەوە، تاڵەبانی وەک کاردانەوەیەک خەلیفەی بۆ خۆی دیاری دەکرد و بۆ دوای خۆی پشتیوانی لە بەرهەم ساڵح دەکرد.

لە دوای 2009ەوە، کارتی بەرهەم ساڵح لای بنەماڵەی تاڵەبانی ڕووی لە لاوازی کرد و تەنانەت بووە جۆرێک لە مونافەسەی توند لە نێوان ئەو و خانمی یەکەمی عێراق (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد). هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو و پاسیفیزەکردنی ڕۆڵی بەرهەم ساڵح لەناو سەرکردایەتی یەکێتی و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە، ئیتر لە مقۆمقۆی ناو کۆریدۆرەکانەوە گوازرایەوە بۆ سەر میدیاش و ئیتر کەم کەس هەیە نەزانێ کە بەرهەم ساڵح بەدوای چییەوەیە و کێن ئەوانەی لە بەرامبەری وەستاون.

نادیاریی چارەنووسی تاڵەبانی و ئاگادارییی یەک دوو کەس لە مان و نەمانی مام جەلال، دەسەڵاتێکی ئەمری واقیعی بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دروست کردووە. ناو ناوە دەچێتە دەرەوەی وڵات و کە ببینێ داواکاریی بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی تاڵەبانی ڕووی لە زیادی کردووە و بووەتە فشار بەسەرییەوە، خێرا چەند وێنەیەکی خۆی و تاڵەبانی بڵاودەکاتەوە یان هەواڵی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە فلان ڕۆژ لە فلان شوێن پیاسەی کردووە! خانمی یەکەمی عێراق و هەندێک لە کەسانی زۆر نزیکی خۆی، دەزانن چی ڕوویداوە و بەو نهێنییەوە حوکمی یەکێتی دەکەن، یان لانیکەم دەیانەوێ تا ئەو کاتەی کە ئەو نهێنییە دەدرکێنن، جێی پێی خۆیان و بنەماڵەکەیان لەناو یەکێتیدا پتەو بکەن.

هەفتەی ڕابردوو بەرهەم ساڵح بە سازدانی کۆڕبەندێک نمایشێکی گەورەی سیاسی لە بەرامبەر هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کرد و بە قەولی تورکان "ددانەکانی خۆی نیشانی ڕکابەرەکەی دا". بەڵام پێناچێ ئەوە کافی بێت بۆ ئەوەی بەرهەم ساڵح بتوانێ لە داهاتوودا حوکمی یەکێتی بکات، نەخاسمە کە ئێستا بە ئیمزای خۆی جێگری سکرتێری گشتیش نەماوە و تەنها ئەندامێکی ئەو حیزبەیە تا ئەو کاتەی کۆنگرە دەبەسترێ.

هەموو حساب و کتابی بەرهەم ساڵح لەسەر ئەوەیە کە بتوانێ لە کۆنگرەدا ببێتە کەسی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی و ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەشی زۆری سەرمایەی یەکێتی نیشتمانی لەدەست خانەوادەی تاڵەبانیدایە و دەوروپشتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش زۆر قایمترە لەوەی کە خەڵک وا تەسەور بکات، بە ئاسانی دەکرێ لەسەر تەختە مێژووییەکەی بهێندرێتە خوارەوە.

بەرهەم ساڵح ئەگەر لە کۆنگرەی داهاتووی یەکێتیدا بە سکرتێری گشتیش هەڵبژێردرێت، هەر ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەر یەکێتیدا دەبێت کە لەسەردەمی حکومەتەکەی (2009-2011) بەسەر سلێمانیدا هەیبوو. بۆیە پێدەچێ "ڕێبازی مام جەلال" بۆ خانەوادەی تاڵەبانی و ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی بمێنێتەوە و ئەوانەشی وەکو بەرهەم ساڵح پێیانوایە کە دەبێ حیزبەکە نوێ بکرێتەوە و واز لە ژماردنی شەڕەکان و شەهیدەکان بێنن و حیساب لەسەر زیندووەکان و دەنگەکانیان بکەن، دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێگەی خۆیان جیا بکەنەوە. قەتیش ئەوە بەدوور مەزانن کە ئەگەر بەرهەم ساڵح نەتوانێ بەو حاڵەوە لەناو یەکێتیدا بەردەوام بێت، ئەوا جێی لەناو پارتیدا مسۆگەرە.



قەرەنی قادری

# ئێران لە نێوان کێشەی ئابووری و "کرانەوەی سیاسی"دا

بەپێی یاسا و ڕێسای حوکمڕانی، ئەوە پەرلەمانە کە یاسا دەردەکات و حکومەتیش پرۆژە سیاسی و ئابوورییەکان جێبەجێ دەکات. هاوکات کە دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبەن، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیش لە یەکتر، پێناسەیەکی دیکەی ئەو چەشنە حوکمڕانییەیە. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا، ڕەوتەکە پێچەوانەیە. حەسەن ڕووحانی دوای نزیک بە 7 مانگ لە دەسەڵاتداریێتی، هەر ئێستا بەپێی "فەرمان"ی ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، دەبێ پرۆژەیەکی ئابووری جێبەجێ بکات کە هیچ پەیوەندییەکی بە دەستپێشخەریی مەجلیسی ئێران و حکومەتەکەی ئەوەوە نییە، بەڵکو گەڵاڵەیەکی ئابوورییە کە لە لایەن ڕێبەرەوە "ئەمر"ی جێبەجێکردنی پێ دراوە.

گەرچی حەسەن ڕووحانی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا باسی لە "کرانەوەی سیاسی" و دانی هەندێک "بەڵێن" بە "قەوم"ەکان دەکرد، کە یەکێک لەوان خوێندن بە زمانی خۆیان بوو، بەڵام بە دەربازبوونی زیاتر لە حەوت مانگ دەسەڵاتداریێتی، نە تەنیا لەو بوارەدا شتێک ڕووی نەدا و هیچ باسێکی جددیش لەو "کرانەوە" سیاسییە نەکرا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ڕێبەری ئێران بە ڕاوێژ لەگەڵ "کۆڕی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام"، گەڵاڵەی "ئابووریی بەرگری" بە هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری) ڕاگەیاند و جەختی لەوەش کردەوە کە "پێویستە هەرسێ دەسەڵاتی وڵات خێرا و بە دەستنیشانکردنی کات، ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن".

ئەوەی لەو پرۆژە "پێویست" و "خێرا"یەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە بری حکومەتی ڕووحانی و مەجلیسی ئێران بەرنامەی ئابووری دادەڕێژێ و سێ دەسەڵاتەکەش ناچار دەکات جێبەجێی بکەن. وا وێدەچێت، کۆماری ئیسلامی لە دوو دەورەی حوکمڕانیی خاتەمی کە "پرۆژەی کرانەوەی سیاسی" و حکومەتی ئەحمەدی نەژادیش کە جاروبار لە بەرامبەر ڕێبەری ئێراندا "پڕکێشی" دەکرد، گەیشتبێتە ئەو "ئەزموون"ە کە هەر لە سەرەتادا حەسەنی ڕووحانی دەستەمۆ بکات، تا جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی نەکەوێتە ناو دۆخی ڕابردووەوە.

ئەوەی کە لە بەرنامەی خامنەییدا بەرچاوە، کۆپییەی "مۆدێل"ی وڵاتی (چین)ە کە تەنیا جەخت لە پرسی ئابووری دەکاتەوە، بەڵام بەو تێبینییەوە کە لە پرۆژەی "ئابووریی بەرگری"دا، بە هیچ چەشنێک باس لە "کرانەوەی سیاسی" و "داواکاری" ڕیفۆرمخوازان لەو وڵاتەدا ناکات. ئەوەش لە کاتێکدایە بەشێکی بەرچاو لە "ڕیفۆرمخوازان" لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ ئەوە دەنگیان بە ڕووحانی دا کە "کرانەوەی سیاسی" لە ئێراندا جێبەجێ بکات. بێگومان بڕیاری ڕێبەری ئێرانی ئیسلامی کۆتایی بە داخوازیی ئەوان هێنا و بە یەکجاریش دەستی ڕووحانی بەستەوە.

جیاوازیی هەرە سەرەکی لە نێوان وڵاتی چین و ئێران لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی بواراندا بە تایبەت بەشی ئابوورییەوە بایکۆتی لەسەرە، بەڵام دۆخێکی وا چین ناگرێتەوە. لەبەر ئەوە، پرۆژەی "ئابووریی بەرگری" لە گەڵاڵەیەکی سەردەمی شەڕ دەچێت تا پاڵنەرێک بێت بۆ گەشەی ئابووریی ئێران.

حەسەن ڕووحانی "شێخی دیپلۆمات" دەورێکی دووسەرەی هەیە، هەم ناڕازییەکانی ناوحکومەت "ڕیفۆرمخوازەکان و نەرمازۆیەکانی ناوەوەی حکومەت و دەرەوەی دەسەڵات" هێور بکاتەوە، هەمیش پرۆژە ئابوورییەکانی ڕێبەری ئێران جێبەجێ بکات. جێی ئاماژەیە هەر لە پاڵ پرۆژە ئابوورییەکەی خامنەییدا، لەلایەن لابالێکی دیکەوە هێرش بۆ سەر "کرانەوەی سیاسی و بەرنامەی مافی هاووڵاتێتی"ی ڕووحانی دەکرێت. ئایەتوڵڵا مێسباحی یەزدی کە دەستڕۆییشتوو و سەرۆکی "دامەزراوەی فێرکردن و توێژینەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی"یە، دەڵێت: "ئیسلام بنەمایە و مافی مرۆڤی ڕۆژئاوایی و مافی هاووڵاتێتی بەو واتایەی کە لە ڕۆژئاوادا باسی لێوە دەکرێت، بە تەواوەتی لەگەڵ ئیسلام و دەستووری گشتیدا دژە".

ڕەوتی سەرەکی لە سیاسەتی ئێراندا جیا لەو پرۆژە ئابوورییە، قورساییەکەی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەیدا دەردەخات، پرسی ئەتۆمی، دەوری ئێران لە سووریا، هەروەها "چالاکتربوون"ی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاڕاستە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئێرانن لەم قۆناغەدا. بەتایبەت کە ئێستا ڕووسیا دەستەویەخەی کێشەی ئۆکراینایە و لەوانەیە دەوری لە هەرای سووریادا کەمتر ببێتەوە، بێشک ڕۆڵی ئێران لە سووریادا زیاتر دەبێتەوە. لەبەر ئەوە، دەوری هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زیاتر لە جاران دەبێت.

ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئێران بە ئاقاری "کرانەوەی سیاسی"دا هەنگاو نانێت، بەڵکو پرسی ئابووری و داخرانی زیاتری سیاسی (سەرکوت و پێشێلکردنی زیاتری مافی مرۆڤ لە ناوەوە)، لە هێڵە بەرچاوەکانی سیاسەتی ئێران دەبن.



عەدنان عوسمان

# گۆڕان و وەزارەتی ناوخۆ

پرسیارەکە لەوەدا نییە کە گۆڕان بۆچی داوای وەزارەتی ناوخۆ دەکات، ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە بۆچی ئەو وەزارەتە بە گۆڕان نەدرێت.

زۆرجار هەندێک هاووڵاتی خەمخۆری ئایندەی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی، پرسیاری ئەوە دەکەن کە بۆچی گۆڕان سوورە لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی ناوخۆ، بۆچی داوای وەرگرتنی هەندێک وەزارەتی خزمەتگوزاری ناکات بەتایبەتی کە گۆڕان هێزێکی ڕیفۆرمخوازە و کارکردن لەو وەزارەتانەش بەشێکە لە کاری چاکسازی و باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان و ژێرخانی وڵات.

هاوکات لەگەڵ ئەوە، پێدەچێت ماشێنێکی ڕاگەیاندنی لایەنەکان ئێستا بیانەوێت ئەو سووربوونەی گۆڕان بکەنە هۆکارێک بۆ پەککەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ، گوایە گرێکوێرەکە لە پێداگیریی گۆڕانە لەسەر ئەو وەزارەتە.

سەرەتا پێش ئەوەی باسی وەزارەتی ناوخۆ بکەم، دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە لە بناغەدا شتێک نییە ناوی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بێت. ئەوەی دەگوزەرێت کات کوشتنێکی بێهودەیە بەمەبەستی تێپەڕاندنی کات تاوەکو دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی چوار. ئاخر سەیرە لایەنێک ئەگەر بیەوێت کابینەی تازە پێکبێنێت، ئاوا بەم ساردی و خەمساردییەوە کار بکات. مانگی یەک جار سەردانی ئەم لایەن و ئەو لایەن بکەن و زۆرترین قسەو باسەکان یان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان لە کەناڵە ناڕەسمییەکانەوە قسەی لەسەر بکرێت.

پێکهێنانی کابینە پێویستی بە میکانیزمی ئسوڵییە: پێش هەموو شتێک دەبێ پەرلەمان ئەو لایەنە ڕاسپێرێت کە زۆرینەی هەیە، بۆ پێکهێنانی حکومەت. پاشان لەگەڵ ئەو لایەنانەی بە نیازی بەشداریکردنن لە کابینەی نوێ قسە دەکرێت، هەنگاوی گرنگتر دوای ئەوە پێکهێنانی دوو لیژنەیە: یەکێک بۆ دانانی بەرنامەی کاری حکومەت و ئەویتریشیان بۆ دابەشکردنی پۆستەکان. لەو ماوەیەشدا هەرکات پێویستی کرد کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرجەم ئەو لایەنانە ئەنجامدەدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکان. ئەم هەنگاوانەش سەقفێکی زەمەنی بۆ دەستنیشان دەکرێت. وەک دەبینین هیچ هەنگاوێک لەم هەنگاوە گرنگ و ئاساییانە نەنراون و تائێستا هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕاوێژکردندایین. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ جددی نەبوونی پرۆسەکەو هەوڵی کات کوشتن.

ئەوەی پەیوەستە بە وەزارەتی ناوخۆوە با سەرەتا ئەو ڕاستییە باسبکەین کە دوای دەستبەکاربوونی ئەنجوومەنی نوێی پارێزگاکان، دوای هەڵبژاردنی 30ی نیسانی ئەمساڵ، ئەوا بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکانی وەزیر و وەزارەت دەگوازرێتەوە بۆ ئەنجوومەن و پارێزگاکان. سەرباری ئەوەش من پێموایە بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕیفۆرمخوازی وەک گۆڕان وەزارەتی زۆر گرنگتر هەیە لە ناوخۆ، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی، دیارە ئەمەش کاتێک کە وەزارەتەکە بتوانێ بنکەی کۆکردنەوەو ئاگاداربوون بێت لەسەرجەم داهاتەکانی هەرێمی کوردستان و توانای دارشتنی ستراتیژی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانی هەبێت.

بەڵام لێرەدا وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، پرسیارەکە ئەوە نییە بۆچی گۆڕان ئەو وەزارەتە وەربگرێت، بەڵکو بۆ وەرینەگرێت؟ دەبێ بزانین ئەو عەقڵییەتە چییە و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت کە نایەوێت هێزێکی گەورەو گرنگی وەک گۆڕان، کە لە ئاستی نیوەی هەرێمی کوردستاندا یەکەمە و لە نیوەکەی دیکەیدا هێزی دووەمە، وەزارەتێکی هەستیار وەربگرێت ؟ ئایا ئەمە بێ متمانەییە بە گۆڕان کەوا بەشێک (کە بەشێکی کەمیشە) لە هێزە ئەمنییەکان ڕادەستی بکرێت؟ یان هەوڵی قۆرخکاری لایەنەکانی ئێستایە و هێشتنەوەی بە حیزبیبوونی ئەو وەزارەتەیە (هاوکات وەزارەتی پێشمەرگە و دەزگاکانی ئاسایش)؟

گۆڕان بەشێکی گرنگی دەنگی هاووڵاتیانی کوردستانی وەدەستهێناوە، بەدیوی دیکەشدا کارەکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕان ساڵانێکی دوور و درێژ بەشێکبوون لە ڕابەرایەتی سەرجەم هێزی پێشمەرگە و ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایش، تەنانەت بنیاتنەری دەزگا ئاشکرا و دەزگا نهێنییە ئەمنییەکانیش بوون. دوو لە کەسایەتییە باڵاکانی گۆڕان ساڵانێک وەزیری هەرە سەرکەوتووی وەزارەتی ناوخۆ بوون لە ئیدارەی سلێمانی. ئەمە سەرباری چەندین بەرپرسی ئەمنی، پارێزگار، قایمقام و دەیان پۆستی گرنگی دیکە. بۆیە مەعلومە مەسەلەکە متمانە نییە و هەموومان توانای گۆڕان لە ئیدارەدانێکی نیشتمانیانەی ئەو پۆستانە دەزانین، بەڵکو ئەسڵی مەسەلەکە هەوڵی هێشتنەوەی ئەو هەیمەنە حیزبییە بەسەر ئەو دەزگا هەستیارانەدا و ئیدامەدانی واقیعی ئێستایە و هاوکات بەشداری پێکردنێکی شکڵیانەی گۆڕانە لە حکومەت نەک شەراکەتێکی ڕاستەقینە. خۆ ئەگەر نییەتێکی ڕاستەقینەی چاکسازی لەو دەزگایانە و بە دەوڵەتیکردنیان هەبێت، هەق وابوو سەرجەمی ئەو دەزگایانە لە قۆناغێکدا نەدرێت بەهیچ حیزبێک بەڵکو بسپێردرێت بە کەسانی شارەزا و بێلایەن.

کەواتە گۆڕان هەقی خۆیەتی پێیوابێت نیەتێکی ڕاستەقینە لەبەشدارییپێکردنی لە ئیدارەدانی وڵاتدا نییە، بەڵکو تەنیا بەشدارکردنێکی ڕووکەشیانەیە. دوورخستنەوەی گۆڕانیش لە وەزارەتە ئەمنی و هەستیارەکان دەربڕی ئەو واقیعەیە نەک پێداگری گۆڕان لەسەر ئیستحقاقی خۆی.

ئارامی و سەقامگیری و یەکڕیزی و خۆئامادەکردن بۆ جەنگە دژوارەکان لەپێناو بە دیهێنانی ئاواتە نەتەوەییەکانمان پێویستی بە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزی نیشتمانییە کە گۆڕان تێیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر بگێڕێت لەسەرجەم دەزگا ئەمنی و چەکدار و بەرپرسەکاندا. جدییەت و ڕاستگۆیی لایەنەکانی دەسەڵاتیش لەوەدا دەردەکەوێت کە دڵخوازانە ئەو بەرپرسیارێتییە ڕادەستی گۆڕان بکەن و سەرئەنجام هەموو لایەنەکان بە بڕیار و مەرجەعیەتی هاوبەشەوە نەخشەی ئایندەی هەرێمی کوردستان بکێشن و جێبەجێی بکەن.



کاوە ئەمین

# گۆڕان پێیوایە هێشتا نەکولاوە!

پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی باشووری کوردستاندا تێپەڕیوە و هێشتا کابینەی نوێ پێکنەهاتووە. دواکەوتنیشی بەئاشکرا کاریگەری لەسەر بازاڕی کوردستان داناوە. دەمی هەر کەس دەکەیتەوە پڕیەتی لە گازندە و گلەیی. ئیدی خەریکە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت ڕیکۆردی نەک هەرێمی، بەڵکو جیهانی دەشکێنێ و لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنیش بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە کە یەکێک لە بەڵێنەکانیان چوونە نێو دەسەڵات بوو، وەکو لە سلێمانی دەڵێن خۆیان لێکردووە بە کەڕەی شەربەت و جار جارێک نەبێت بۆ هێورکردنەوەی لایەنگرانیان پرتە و بۆڵەیەکیان لێوە دێت، پشتێنیان لێکردووەتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان کە ئێستا لە باشووری کوردستان دووەم هێزە لەڕووی جەماوەرەوە، پێیوایە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە گوشار بخاتە سەر لایەنی یەکەمی براوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانە. دیارە مەبەست لە گوشاریش پەنابەردنە بەر لایەنگرانیان و خۆکشاندنەوەیانە لە چوونە نێو دەسەڵات و بوونەوە بە ئۆپۆزیسیۆن.

دیارە بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەو بەڵێنە ماوە کە ڕێکخەری بزووتنەوەکە لە دوای هەڵبژاردن بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی زۆر لە چاودێران و تەنانەت ئەوانەشی کە لە گۆڕانەوە نزیک بوون، نوقڵانەی چوار ساڵ ئارامی لە هەموو ڕوویەکی سیاسی، ئابووری و جڤاکی لێدا. پارتی دیموکراتی کوردستان لەلای خۆیەوە دەستیکرد بە بانگەشەی دامەزراندنی حکومەتی بنکە فراوان و پەیوەندیکردن بەو هێزانەشەوە کە تەنیا کورسیەکیان هێنابوو. بەڵام لە بەدشانسی پارتیدا، باڵەکانی هاوپەیمانە ڕاستەقینەکەی چەند ساڵی ڕابردووی، واتە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، گرۆتینیان بە ناکۆکیەکانیان دا بەشێوەیەک کە شەقەی باڵەکان سنوورەکانیشیان بڕی. جاران کە سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گۆڕەپانەکەدا بوو، باڵەکانی یەکێتی یەک دەنوویان هەبوو، بەڵام دوای غیابی مام جەلال دەنووکەکان زیادیان کرد. ئەوەش وای کرد کە یەکێتییەکان تەبا نەبن لەسەر ئەو پۆستانەی بەمافی خۆیانی دەزانن وەریبگرن، گەورەترین زەرەرمەندیش لە ئایندەدا یەکێتی خۆیەتی، چونکە ئەوان سەردەمانێکە باسی دیموکراسی و سۆسیال دیموکراتی دەکەن، بەڵام کە دێتە سەر پۆستەکانی حکومەت، ڕابردوو دەکەنە سەنگی مەحەک، پێیان هەزم ناکرێت گۆڕان کە سەردەمانێک بەشێک بوون لە خۆیان، پۆستی زیاتر وەربگرن لەکاتێکدا مافێکی سروشتیی خۆیانە، چونکە ئەوان 24 کورسییان هێناوە بەرامبەر بە 18 کورسی یەکێتی. ئەمە سوننەتی دیموکراتییە، دەبێت کەمینە مل کەچ بکات بۆ زۆرینە.

گۆڕان نایشارێتەوە کە ناڕازییە لە سیاسەتی پارتی و پێیانوایە بەمەبەست دەیانەوێت دامەزراندنی حکومەت دوابخەن بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ڕەنگە پارتیش بیەوێت لەوە پشت ئەستوور بێ کە دەنگێکی باش دەهێنێ لەو هەڵبژاردنەدا، دەنا وەکو لە لووتکەی هەڕەمەکەی گۆڕانەوە گوێبیستی دەبین، پارتی لەسەرەتاوە دەیتوانی کۆبوونەوەکان چڕتر بکاتەوە، نەک دوای مانگێک دەست بە پەیوەندیکردن بە لایەنەکانەوە بکات و بەکاوەخۆ دانوستاندن بکات و کەروێشک بە گا بگرێت. بەلایەکەی دیکەدا گۆڕان پێیوایە کە پارتی بە سەختترین ڕەوشی سیاسی خۆیدا دەڕوات، لەلایەک پەیوەندییەکان لەگەڵ مالیکی بەرەو گرژییەکی جددی دەڕۆن، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی پارتی لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK خراپە، بۆیە ڕەنگە گۆڕان پێیوابێت ئەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کێرڤی سیاسی ئەوان، بەتایبەتی بەهۆی پشتیوانی گۆڕان لە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. گۆڕان دەڵێت سەرەڕای ڕەخنەکانمان، ئەو کانتۆنانە توانیویانە ئاستی سیاسی و مەعنەوی کوردی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرزبکەنەوە، ئەگەر جاران لە سووریا کورد وەکو کەنیزەک و کارەکەر سەیر دەکران، ئێستا هاوکێشەکان پێچەوانەوە بوونەتەوە.

گۆڕان لە شتێکدا لەگەڵ پارتی یەکدەگرنەوە، ئەویش سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتە، ئەگەرچی سەرزارەکی باسی ئەوە دەکەن کە ناشەفافی هەیە و دەبێت هەموو گرێبەستەکان شەفاف بن و ئاگاداری ورد و درشتی سیاسەتی وزە و نەوتی کوردستان بن کە خۆی لە خۆیدا داوایەکی ڕەوایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدان کە نەوت لە تورکیاوە بنێردرێتە دەرەوە. دەنگێکی بڵند لە گردەکەوە پێیوایە کە ئەگەر تەنانەت ئەردۆغانیش بەدەردی مورسی بچێت، ئەوە نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، چونکە وەکو ئەوان دەڵێن تورکیا وڵاتێکی دامەزراوە و خاوەن سیستەمە، لاچوونی کەسەکان کار ناکاتە سەر سیاسەتی ئابووری ئەو وڵاتە، بەتایبەتی ناردنی نەوت لەو وڵاتەوە بۆ ئەورووپا، چونکە بەپلەی یەکەم ئەوان قازانج دەکەن و کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر بووژاندنەوەی ئابووریی ئەو وڵاتە، بۆیە تەنانەت لەو پەیوەندییەدا گوێ بۆ ئەمریکاش شل ناکەن.

هەرچۆنێک بێت، پێدەچێت گۆڕان وازی لەوە هێنابێت یان خورما یان مێوژ، بەڵکو دەیەوێت لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا خورمژ بەدەستبخات، بۆیە نایەوێت هەموو هێلکەکان لە سەبەتەی ئۆپۆزیسیۆندا دابنێ، سەرەڕای دواکەوتنی کابینەی هەشتەم دەیەوێت ددان بەخۆیدا بگرێ و نایەوێت سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنبوونی لە کابینەی پێشوودا بخاتەوە گەڕ، کە دەشپرسیت هەتا کەی ئاوا بێدەنگ دەبن و کەنگێ گوشارەکانتان زیاد دەکەن بۆ خێراکردنی پێکهێنانی حکومەت، بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێن: هێشتا بەتەواوەتی نەکولاوە.



ئاکۆ محەممەد

# دژایەتی لەپێناوی دەنگ

زۆرجار کە باسی ئەوە دەکرێت نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، قسەی توند دەکات و کردەوە دەنوێنێ بەرامبەر کورد، دەگوترێ پێش هەڵبژاردنە و پێویستی بە دژایەتیکردنی کوردە بۆ ئەوەی دەنگی دەنگدەرانی عەرەب بەدەستبێنێ. ئەوە بەهیچ شێوەیەک پاساوێک نییە کە کوردێک سێبووری دڵی خۆی پێبداتەوە، بەڵکو قسەیەکە هەڵوەستەکردنێکی زۆر جیدی پێویستە. ئەگەر عێراق گەیشتبێتە ئەو رادەیەی کە گەلەکەی ئەوەندە دژی گەلی کوردستان بێت و پاڵەوانە دڵخوازەکەی ئەوەبێت کە زیاتر دژایەتی کورد بکات، ئەوا بینینی ئایندەیەکی کەم کێشە لەگەڵ عێراقدا بۆ کورد، وەک عێراقی دەڵێن (من سابع المستحیلات) ە، بەکوردییەکەی خەیاڵ پڵاوییە.

لە تورکیا ئەو رەوش و هەستە زۆر کەمبووە بەرامبەر کورد، هەر لەبەرئەوەش پارتێکی شۆڤێنی وەک پارتی بزووتنەوەی میللی MHP دەنگەکانی لە چوارچێوەیەک زیاتر نابن، بەڵکو کەمتریش دەبن. لێرەشدا قسەیەکی رەوانشاد مارف خەزنەدارم بەبیردێتەوە لە نەوەتەکاندا کە تورکیا زۆر دژی کوردبوو، دەیگوت رۆژێک بۆ کورد دەردەکەوێت کە گەلی تورکیا زیاتری گەلانی سەردەستی هەموو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کورد قبووڵ دەکەن و لەگەڵ کورد رێکدەکەون.

وردە وردە ئەمە وەدیدێت، لەسەر ئەو هەموو بودجە و مووچە برینەی لە گەلی کوردستان کرا لەلایەن مالیکییەوە، جگە لە هەندێ سیاسەتکاری رکابەری مالیکی، هیچ دەنگێک لەنێوەندی رۆشنبیری عەرەبی عێراقییەوە بەرز نەبووەوە، بەڵام کە ناحەقی و زوڵمێک لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لە کورد دەکرێت، چەندین دەنگ لەنێوەندی رۆشنبیری و میدیایی تورکیاوە دژی ئەو سیاسەتەی دەوڵەت دەکەونە بەرگوێ.

کورد دەکەوێتە داوێکی زۆر گەورەوە ئەگەر لە عێراقی شیعە زۆرینە و دەسەڵاتداردا ببێتە ئامانج، چونکە کورد لە عێراقی حوکمی کەمینە سوننەدا زۆر خراپی بەسەرهات و هەمیشەش بە چاوێکی هیواوە لە عەرەبی شیعەی عێراقی دەڕوانی، ئەگەر بارەکە گەیشتبێتە ئەوەی عەرەبی شیعە بۆ دەنگدانی بە لایەنێک، بەرزیی رادەی دژایەتییەکەی بۆ کورد بکاتە پێوەر، رەوشێکی زۆر کارەساتبارتر لە 85 ساڵ حوکمی سوننە لە عێراق، چاوەڕێی کورد دەکات.

مالیکی لەسەر رێکنەکەوتن لەسەر دۆسیەی نەوت، بەبڕیاری خۆی بودجە (بودجەی وەبەرهێنان و بەکاربردن) واتە مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕی. لەکاتێکدا بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوە ئاگادار و باوەڕپێکراوەکانەوە هەن، نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بۆڕی نەوتیی هەرێمی کوردستان — تورکیا، چووە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، بەڵام لەوێوە نەفرۆشراوە. چونکە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەڵێن ئەوان دەیانەوێ پرۆسەکە بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا بەڕێوەبچێ و هەر بۆ ئەوەش سێ جار شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوو بۆ بەغدا. ئەوەی بەرچاوە خەڵکی هەرێمی کوردستان بە تەحەمولێکی زۆرەوە بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن لەو داوەی حکومەتی بەغدا رزگار ببێت، لەکاتێکدا فازڵ نەبی جێگری وەزیری دارایی عێراق بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند کە مالیکی بەمەبەستی هاندانی مووچەخۆرانی کوردستان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی بڕیوە. ئەوەش لەکاتێکدا کە مالیکی لەکاتی یەکەم سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ بەغدا، هەر لە تەلەڤزیۆنی رووداوەوە گوتی کە هەڕەشەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانی نەکردووە.

ئەوەی لەو کاتەدا جێگەی هەڵوەستە و لەسەر وەستانە، چوونی شاندێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە بۆ بەغدا کە بەپێی هەندێ زانیاری بڵاوکراوە لە میدیاکانی کوردستاندا، دانیشتنەکەش پڕبووە لە گلەییکردن لە پارتی و چۆنیەتی رۆڵ بەخشینەوە بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، دانانی بەڕێز عادل موراد لە پۆستێکدا لە بەغدا بۆ ئەو مەبەستە.

پێشتر کە شتێکی بەوشێوەیە روویدابێ، لایەنێکی کوردی بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتی تەنگژەیەکی کەمتر لەوەشدا چووبێت لەگەڵ مالیکی دانیشتبێت (کە هەندێجار زانیارییەکانیش پشتڕاستکراو نەبوونە)، یەکسەر لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە بە خیانەتکردن و دەرچوون لە ریزی نیشتمانیی کوردی تاوانبار کراوە.

ئێستا پێویست نییە و باشیش نییە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی یان سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بە خیانەت تاوانبار بکرێت، بەڵام لەکام ئسوڵی نەتەوەیی و حوکمداریدا هەیە، لەکاتێکدا جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە و کەسانی دیکەش لە یەکێتی لە شاندی دانوستاندنکاردا بووبن لەگەڵ بەغدا، چۆن دەگونجێت شاندێکی حیزبی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانێک دابنیشێت کە بودجە و مووچەی گەلی کوردستانی بڕیوە، لە کۆبوونەوەکەشدا باسی رەوشی ناوخۆی یەکێتی و چۆنیەتی هەستاندنەوەی بکرێت بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستانی خاوەن رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان؟

پێش ئەوەی دەست بە نووسینی ئەو وتارە بکەم، برادەرێکی رۆژنامەڤانم لە کەناڵێکی عەرەبی باسی ئەوەی بۆ کردم، کاتی خۆی پەیوەندی بە شلۆمۆ نکدیمۆن، نووسەری کتێبی (مۆساد لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا) کردووە بۆ ئەوەی قسەی بۆ بکات لەسەر مەلا مستەفا، بەڵام ئەو پێیگوتووە، من ئامادە نیم لە کەناڵێکی عەرەبیدا رەخنە لە مەلا مستەفا بگرم، پێشم ناخۆشە کە کتێبەکەم کراوەتە عەرەبی، چونکە عەرەب رکابەری مەلا مستەفان، نامەوێ عەرەب قسەکانی من لە دژی مەلا مستەفا بەکاربێننەوە.

ئەوەی کورد لە نارێکی سیاسەتی نەتەوەییدا دەیکات، دوژمنەکانی پێیناکەن، بۆیەش سیاسەتی کوردی پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە لەلایەن ئەوانەی کە بەڕێوەی دەبەن، لە ئاستی بەرز و خوارتریشدا. یەکڕیزی نیشتمانیی بۆ نەتەوەیەکی بندەست و پارچەکراو هەردەم پێویستە، بەڵام لەهەندێ کاتدا هەر زۆر پێویستترە.



هێمن عەبدوڵڵا

# پێویستمان بە چاوسوورکردنەوەی مالیکییە

ئەوەی واتێدەگات گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەدانی مووچە و هەڕەشە و گوڕەشەکانی بارزانی و مالیکین، نیشانەی ئەوەیە وێنەکەی بەتەواوەتی نەبینیوە. ئەوەی پێشبینیابێت رووداوەکانی ئۆکراینا کاریگەرییان لەسەر کوردستان نابێت، زوومی کامێراکەی تەڵخە.

شەڕی هەولێر و بەغدا لەسەر پەلهاویشتن بۆ لەویدیکە بێمنەتبوونە. هەولێر هیچ نیگەران نییە لەوەی مالیکی کەللەشەقی دەکات و بیانوو بەدەستەوە دەدات بۆئەوەی کورد هێندەی دیکە لە بەغدا دووربکەوێتەوە، چونکە دەزانێت کەللەشەقیی زۆرتری بەغدا، سەربەخۆیی زۆرتری ئابووری و سیاسیی کوردستانی بەدواوەیە. مالیکی و هاوبیرەکانی ئەم راستییە دەزانن، بۆیە کێچ کەوتووەتە کەوڵیانەوە. بودجەبڕین و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان کورددا دوو تەڵەن کە بەغدا تەقاندوونی، بەڵام لە هیچیاندا هەولێر پێوە نەبووە. هەرچەندە خەڵک لە کوردستان دەترسێن و گوشاریان لەسەرە لەبەر بێمووچەیی، بەڵام ئەوە کاتییە و وەکو رۆژووگرتنی موسڵمانانە بۆ چوونە بەهەشت. ئەوەش گرنگ نییە کە لەکاتێکدا هەموو کورد لە سیاسەتەکانی مالیکی پەستن و لەسەری هاودەنگن، سەرکردەیەک لە فڵان حیزب سەردانی دەکات، چونکە لەنێو فەردەیەک گوێزی باشدا یەکێکی پووچەڵی هەر تێدایە.

ئەو شەڕەی ئێستا هەولێر لەگەڵ بەغدا لەسەر سامانە سروشتییەکان دەیکات نابێ راوەستێت و سازشی تێدا بکرێت، چونکە شەڕی ئایندە تەنیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نا، بەڵکو لە ئەوروپا و ئاسیای نێوەڕاستیش هەر لەسەر سامانە سروشتییەکان دەبێت. ئەمریکا خەریکە وردە وردە منەتی بە ناوچەکەی ئێمە نامێنێت بۆ دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە و پشت بەخۆی دەبەستێت. ئەمەش وادەکات کەمتر لەجاران بایەخ بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدات. بەڵام ئەوروپا و چین رۆژ بە رۆژ زۆرتر پێویستیان بەم ناوچەیەیە کە ئێستا باشووری کوردستانیش تێیدا وەکو یاریزانێکی گەنج لە کەرتی وزەدا دەرکەوتووە. ئەوروپا خووگرتوو بووە بە غازی رووسی و ناتوانێت دەستبەرداری بێت، بۆیە سەرەڕای پێشێلکردنی سەروەریی خاکی ئۆکراینا و هەوڵدان بۆ پارچەکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن رووسیاوە، کەچی ئەوروپا هەڵوێستێکی شەرمنانەتر و نەرمتر لە ئەمریکای هەیە. خووگرتوویی ئەوروپا وای لێدەکات بیر لە ئەڵتەرناتیڤ بکاتەوە.

چارەی ئەوروپا چییە؟ ئومێد دەکرا پرۆژەی نابوکۆ ببێتە چارەسەر. بەپێی ئەو پرۆژەیەش، باشووری کوردستان یەکێک بوو لەو وڵاتانەی وای دەکرد ئەوروپا سەرچاوەی وزەی هەرزانتر و کەمدەردەسەرتر لە رووسیای دەستبکەوێت. رەنگە ئەو پرۆژەیە سەرنەگرێت و کۆتایی پێهاتبێت، بەڵام دەبێ لە ئایندەی نێزیکدا ئەوروپییەکان بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بکەنەوە. لە هەموو ئەڵتەرناتیڤێکیشدا دەکرێ کوردستانی تێدابێت. بەڵام کوردستانێک کە بەغدا چاوی لێ سووربکاتەوە، ناتوانێ هاوکارێکی باشی ئەوروپا بێت. بۆیە بەرژەوەندیی هاوبەشی کوردستان و ئەوروپا لەوەدایە کە بۆ نەهێشتنی چاوسوورکردنەوەی رووسیا، سەرەتا چاوی سووری بەغدا بشکێنن.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# ئۆغڵو چی گوت؟

منیش وەک زۆر لە هاوڕێ نووسەر و رۆشنبیرەکانی سلێمانی هەر لە شاشەی تیڤییەوە گوێم لە قسەکانی یەکەم رۆژی "دیداری سلێمانی" بوو.

چونکە منیش هەروەک زۆر قەڵەمبەدەستی دیکەی ئەم شارە، بانگهێشتی ئەو دیدارە نەکراین و ئەوەش یەکێکە لە رەخنە بەرچاوەکانی ئەو دیدارە کە کەمترین دەموچاوی نێوخۆیی لە رۆشنبیران و نووسەرانی هەرێمی کوردستانی تێدا بینرا.

لەدیدارەکەدا بەچاک و خراپ زۆر شت گوتران کە شایانی بیرلێکردنەوە و شرۆڤەکردن بوون.

من لە خەرمانی قسەکانی ئەوێ، مشتێک لە قسەکانی داود ئۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا و ئەندامی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتداری تورکیا وەردەگرم و لەم نووسینەمدا قسەیەکیان لەسەر دەکەم.

داود ئۆغڵو کە بە یەکێک لە عەقڵە دیارەکانی ناو پارتی دادوگەشەپێدان دادەنرێت، لە دیدارەکەی سلێمانیدا بێ پێچ و پەنا و بەڕاشکاوییەکی تەواوەوە ناسنامەی عەلمانیانەی پارتی دادوگەشەپێدانی خستەڕوو.

من ناڵێم ئاشکرای کرد، بەڵکو دەڵێم خستیەڕوو، چونکە زۆر دەمێکە ئەم پارتە کە بە پارتێکی ئیسلامی ناوی بڵاوە و زۆر لە پارتە ئیسلامییەکانی دیکەش بەهاوخەباتی خۆیانی دەزانن، جەختی لە ناسنامەی عەلمانیانەی خۆیان و دەوڵەت و حوکمڕانی و فەلسەفەی سیاسییان کردەوە.

بانگەشەکانی ئۆغڵو بۆ عەلمانیەت ئەوەندە راشکاوانە بوون کە پێم سەیرە تائێستە لەناو پارتە ئیسلامییەکاندا دەنگدانەوە و مشتومڕی دروستنەکردووە.

یان ئێمە بەفیعلی فیکر و تێڕوانین و تیۆرمان وەلاناوەو بەتەواوی وەک رۆبۆت یان وەک سەربازی ئەلیکترۆنی سیاسەت دەکەین!

بۆ زۆر لەوانەی دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم پارتە نەرم دەکەن و مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و تێکەڵاوی بوون، روونە ئەم پارتە هەرگیز لەو پارتە ئیسلامیانە نییە کە ئێمە دەیانناسین.

لە "دەیانناسین" خراپ تێمەگەن، مەبەستم لە ناسینی ستراکچەری بونیادی و ستراتیژی ئیشکردن و شێوە و رێبازی خەباتی سیاسییە.

بەدەر لە قسەکانی داود ئۆغڵو ئەگەر شیکارێکی بابەتیانەی قووڵ بۆ پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا و سەرجەم پارتە ئیسلامییەکانی دنیای ئیسلام بکەین، دەبینین کەم خاڵی هاوبەشی فیکری هەیە کە بەیەکیانەوە ببەستێتەوە.

لە گرنگرتینی ئەو خاڵانەی پارتەکەی ئەردۆغان لە پارتە ئیسلامییەکانی دیکەی جیهانی ئیسلام جیادەکاتەوە مەسەلەی عەلمانیەتی دەوڵەتە.

پێموایە عەلمانیەتی دەوڵەت یان باوەڕبوونی تەواو بەعەلمانیەت رێک ئەو دووڕیانەیە کە ئیسلامییەکانی دنیا دەباتەوە سەر جێگایەک و پارتەکەی داود ئۆغڵو و ئەردۆغانیش بە جێگایەکی دیکە دەگەیەنێت.

هەر لە سەروبەندی بەهاری عەرەبیشدا پەیامی ئەردۆغان بۆ پارتە ئیسلامییە هەڵکشاوەکانی ئەو بەهارە ئەمە بوو کە "دەوڵەتی عەلمانی دروستبکەن نەک دینی".

ئەو پەیامەی ئەردۆغان لە لیبیا و توونس گوێی لێگیراو ئیخوان موسلیمینیش لە میسر گوتیان ئەوە دەستوەردانە لەکاروباری ناوخۆی وڵات و جێگەی قبووڵ نییە!

زۆر گرنگە بەلای منەوە کە ئێستا ئیسلامییەکانی دنیا نەک کێشەیەکیان لەگەڵ دیموکراتیەت نەماوە، بەڵکو خۆیان ئێستا یەکێکن لە بانگەشەکارانی دیموکراتیەت لە جیهانی ئیسلامداو ئیسلامییەکان موزایەدەی دیموکراتیبوون بەسەر زۆر هێزی دیکەدا دەکەن و لە زۆر کاتیشدا راستیش دەکەن.

من ئەمەم پێ گرنگە، چونکە هەرگیز ئەو رۆژانەم لەبیرناچێتەوە کە زۆرینەی هەرەزۆری ئیسلامییەکان دیموکراتیەتیان بە کوفری موتڵەق دادەنا و رۆشنفیکر و موتەنەویرەکانیان زۆر عەزیەتیان دەکێشا تا پیاوە سیاسییەکانیان تێبگەیەنن لەوەی "کاکە دیموکراتیەت کوفر نییە باوەڕ بکەن".

ئێستاش مشتم لەوە خۆشکردووە ئیسلامییەکان تووڕەیی و رەفزکردنیان بۆ عەلمانیەت تێپەڕێنن و واز لەوە بێنن کە عەلمانیەت بە هاوردە و دێوەزمەو خراپەی سەردەمەکە بشوبهێنن.

بێگومان عەلمانیەت بێ کەموکوڕیی نییە و زۆرن ئەوانەی ئێستا باس لە پۆست عەلمانیزم دەکەن.

بەڵام بێگومان ئەو رەفز و رق و رەتکردنەوەیەش کە لەناو گوتاری دینی و فیکری و سیاسی ئیسلامییەکاندا بۆ عەلمانیەت هەیە جگە لە تێنەگەیشتن و جەهل بەرامبەر ئەم چەمکە گەردوونییە شتێکی دیکە نییە و عەرەب راستیان گوتووە "مرۆڤ دوژمنی نەزانراوەکانی خۆیەتی"

بەگەڕانەوە بۆ لای ئۆغڵو و پەیامە لیبرال و عەلمانیەکەی لە دیداری سلێمانی ئەوە دەخوێنینەوە کە دەشێت ئیسلامییەکانی لای خۆمان ئەو پەیامە لە پارتی دادوگەشەپێدان وەربگرن کە عەلمانیەت دێوەزمە نییە، کوفر نییە، بەڵکو قوتابخانەیەکی تێگەیشتنی فیکری و سیاسی و فەلسەفیەو ئەوانیش وەک هەر هێزگەلێکی دیکە دەتوانن داخڵی ببن.

ئیسلامییەکان ئەم پەیامە لە ئەردۆغان باشتر لە هەرکەسێکی دیکە وەردەگرن، چونکە سەراسیمەبوونی ئیسلامییەکان بە ئەردۆغان گەورەترە لە سەراسیمەبوونیان بە هەر کەسایەتییەکی دیکەی جیهانی ئیسلامی.

هەروەک کە بینیمان لەیەکەم تەقەی نێوان ئەردۆغان و فەتحوڵڵا گویلەن چۆن ئیسلامییەکان لە بەرژەوەندی ئەردۆغان پشتیان لە گویلەن-رێبەرە رۆحیەکەی جاران و خاوەنی سەدان پەیام و نووسین و قوتابخانەی دینی- کرد.

ئەمینداری نوێ و مەکتەب سیاسییەکی یەکگرتووی ئیسلامی زۆر لە نزیکەوە و لە دووری تەنیا 10 مەتر گوێیان لە هەموو قسەو پەیامەکانی ئۆغڵو بوو، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت.

داخۆ ئەو دوو کەسایەتییە ئیسلامییە پەیامەکانی ئۆغڵۆیان بردووەتەوە ناو مەڵبەند و رێکخستنەکانی خۆیان، یان هەر لەوێ سەرقاپیان لێناوەتەوە؟



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# شاری پیشەسازی نەک ناوچەی پیشەسازی

دوای دەرچوون و پەسەندکردنی یاسای وەبەرهێنان لەهەر وڵاتێکدا، یەکسەر کۆمپانیا بیانییەکان و سەرمایەدارانی ناوخۆ دەکەونە خۆ بۆ دامەزراندنی کارگە و دەستکردن بەپرۆژەکانیان، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت شارێکی پیشەسازی یان زیاتر بنیات بنرێت لە هەر هەرێم و وڵاتێکدا لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:

-1 رێگرتن لەپەرشوبڵاویی کارگەکان.
-2 کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە، لەرێگەی کردنەوەی کارگەکان لەشارێکدا و دوورخستنەوەیان لە دانیشتووانی شارەکان.
-3 دۆزینەوەی هەلی زیاتری کارکردن بۆ بێکاران.
-4 بەئاسانی خزمەتگوزاریی پێویست لەشارێکدا دابین دەکرێت بۆ کارگەکان.
-5 کارگە جۆراوجۆرەکان بەهۆی بوونیان لە شارێکی پیشەسازیدا ئاسانتر کاری یەکتر تەواو دەکەن.
-6 کەمکردنەوەی تێچووی بارکردن و گواستنەوەو هەڵگرتنی بەرهەمی کارگەکان.
7 - کەمکردنەوەی تێچوون و زیادکردنی قازانج بەکەمترین تێچوو.

لەشاری پیشەسازیدا کە دەبێت رووبەرێکی زۆر گەورەی بۆ دابین بکرێت، پێویستە ئەم خزمەتگوزاریانە هەبن بۆ ئەو سەدان کرێکار و فەرمانبەر و ئەندازیارانەی کە لەوێدا کاردەکەن، وەک:

-1 دەزگای بەرگری شارستانی.
-2 بنکەی پەیوەندیی نێودەوڵەتی.
-3 بانک.
-4 بنکەی پۆستەو گەیاندن.
-5 چێشتخانە.
-6 هۆتێل.
-7 بەنزینخانە.
-8 مزگەوت و پەرستگا.
-9 سەنتەری تاقیگەی ژینگەیی.
-10 تۆڕی رێگاوبانی باش.
-11 خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک کارەبا و ئاو.
12 - وێستگەی چارەسەرکردنی پاشماوەی کارگە و ئاوەڕۆکان.
-13 سەنتەری بازرگانی و شوێنی حەوانەوە.
-14 باخچەو پشتێنەی سەوز.
-15 سەنتەری کارگێڕی و.. هتد

هەروەها جۆری ئەو کارگانەش دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ و مەڕمەڕ و سیرامیک و کاشی و نیکل و مس و کانزاکانی دیکە و مادده کیمیاوییەکان و پلاستیک و نایلۆن و.. هتد

قەبارەی ئەو کارگانەش دەکرێت لەهەرسێ ئاستی گەورەو مامناوەندی و بچووکدا بن.

سەبارەت بەشوێنی ئەو شارە پیشەسازییەش پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا بکرێت:

-1 تۆبۆگرافیای ناوچەکە.
-2 ئاڕاستە و جوڵەی با.
-3 دووریی لەدانیشتووانەوە بۆ ئەو کارگانەی کە ژینگە پیس دەکەن.
-4 کارنەکردنە سەر شوێنەکانی دی.
5 - ژێرخانی باش لەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان.
6 - دووریی لەزەویوزارە کشتوکاڵییەکان و... هتد.
7 - دووربوونی لەناوچەی ئاسەوارەکان.
-8 لەسەر زەوییەکانی دەوڵەت خۆی بێت نەک هاووڵاتییان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی تەملیککردن.
-9 لەسەر تەوەری شارێگە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بێت.
10 - نزیک بێت لە ناوچە سنوورییەکان بۆ کاراکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.
-11 نزیک ناوەندی چەندین گوند بێت بۆ جێگیرکردنی دانیشتووانی گوندەکان لەشوێنی خۆیان و پێکەوەگرێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی.
-12 دووربوون لەرێڕەوی رووبار و سەرچاوەکانی ئاو.

بۆ دامەزراندنی ئەم شاری پیشەسازییەش هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکانی پلاندانان و پیشەسازی و شارەوانی و ژینگە بەلای کەمەوە زۆر پێویستە، چونکە شاری پیشەسازی پێداویستییەکی سەردەمە و هەر دەبێت بنیات بنرێت و شارەکانیش لەناوچەی پیشەسازی رزگار بکرێن.

***نووسەرو رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more





چۆپی قەرزی براکەی دەداتەوە

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

REKLAM

HONDA
The Power of Dreams

PILOT

بەشی قیستی مانگانە بە ڕێگەی ئیسلامی بە بێ ڕەهنی عەقاری
ئۆتۆمۆبیلی هۆندا بکڕە و دوای مانگێک یەکەم قیست بدە
التمويل الداخلي متوفر بعقد إسلامي بدون رهن عقاري
إشتري سيارة هوندا و إدفع اول قسط بعد شهر










HONDA

TASHEELAT
التسهيلات
Tasheelat for General Trading & Cars
100 Meters Road, Nawroz Area,
Next to Real Estate Bank,

• 3سالّ/100،000کم گەرەنتی
• سێرڤیز سێنتەر
• ئاڵوگۆڕ کردنی ئۆتۆمبیل
• کڕین لە ڕێگەی قستەوە بە بێ بانق

For more information:
0750 598 1111
Honda iraq Honda.iraq
www.tasheelatiraq.com

